
## مستەفا چاوڕەش

**کاک مسعود بارزانی چووبێتە هەر بەرەیەکی شەڕەوە بۆتە پشت و پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر بووە**





## د. ڕەشاد میران

**ترسناکتر لە داعش!**



## غەفوور مەخمووری

**سەرۆک مسعود بارزانی و خەمی نەتەوەیی**



## پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا

**گفتوگۆ لەگەڵ ژاک دێریدا**
**ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن**



## دکتۆر عادل باخەوان

**هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا**

## پرۆفیسۆر دانیال مادیجان:



**بەرهەمهێنانی توندڕەوی لە توراسی ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
ماجید نووری

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەماڵ نوری
هێمن غەنی
شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالْح

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەڕێوەبەری ماڵپەڕ:
چێنەر خالید

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکریی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

## شموئیل ئاشنیل:



فاتیکان لەو راستیە تێگەیشتووە هەرێمی کوردستان نەبوایە ئێستا کریستیانەکان لە عێراقدا نەمابوون و هەموویان کۆچیان کردبوو




## لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا.. کەلتووری یەکسانی و جیاوازبوون

عەبدولڕەحمان سدیق

## کۆڤان حەسەن:

ریکۆردێکی جیهانیم شکاند و ئاڵای کوردستانم بەرز کردەوە




## کۆمپیوتەر تەبلێتێکی گرنگ بۆ کاروباری بازرگانی




## ئایا شیردانی سروشتی هۆکارە بۆ شۆڕبوونی مەمک؟



## یەلدا عەباسی:

هەمیشە شوێنی کوردی خوراسان لە بۆنە و فیستیڤاڵەکانی هەرێمی کوردستان بەتاڵ بووە





# بونیادنانی ئاییندەیەکی گەش

# بە گەڕانەوە بۆ فیکر و ئاکار و پرەنسیپەکانی مستەفا بارزانی



## موحسین دزەیی

### ئەم وتارەی تایبەت بۆ گوڵان نووسیوە

پێش ئەوەی بۆ ١١٢ هەمینساڵیادی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی هیچ شتێك بڵێم، سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو سەرکردەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دادەنەوێنم، بەتایبەتی ئەوانەی سەرکردایەتی شۆڕشەکانیان کردووە بۆ نموونە: نەهرییەکان و شێخ سەعید و بەدرخانییەکان و سەید ڕەزا و ئیحسان نوری پاشا و قازی محەمەد و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید، ئەم سەرکردانە هەموویان و هەر یەکەیان بەپێی بارودۆخ و سەردەمی خۆیان خەباتیان کردووە و لە پێناوی کوردستاندا قوربانییان داوە.

لەناو ئەم مێژووەدا مستەفا بارزانی یەکێکە لەو سەرکردانەی کە سەرکردایەتی چەندین شۆڕشی کردووەو بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە، هەروەها دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان شەڕی لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق کردووە و خۆی و هەڤاڵەکانی لە ئاوی ئاراس پەڕینەوە و چوونە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشان و دوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتیش کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی کوردستانی کردووە، بۆ یەکەمجاریش

لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا، شۆڕشی ئەیلوول توانی ڕێککەوتنی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی بەعس ئیمزا بکات و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەك دیکۆمێنتێکی یاسایی بەدەست بهێنێت.

لە ناو ئەم مێژووەدا و لە ناو ئەم سەرکردە مێژووییانەی نەتەوەکەماندا، قۆناخی ڕابەرایەتیکردنی مستەفا بارزانی جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەشێك لەو جیاوازی و تایبەتمەندییە پەیوەندی بەو خەباتە نەپساوەیە هەیە کە بارزانی لە پێناوی میللەتەکەی ماوەی ٦٠ ساڵی تەمەنی بۆ تەرخانکرد، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بەو هەوراز و نشێوانە هەیە کە لەماوەی ئەم ٦٠ ساڵە بارزانی ڕووبەڕوویان بۆتەوە و لە هەمووشیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە شێوازی بیرکردنەوەی بارزانی یەوە هەبووە، لەبەر ئەوەی لە میتۆدی فکر و بیرکردنەوەی بارزانیدا کوردستان یەك خاك و یەك نیشتمان بووە و لەهەموو بەشەکانیشدا خەباتی کردووە.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە و بە حکومی ئەوەی من یەکێك بووم لە هاوەڵە نزیکەکانی بارزانی، تەنانەت ئەو کاتانەشی کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی چووە ئەمریکا و هەتا کۆچی دوایی کرد هەر لە خزمەتیا بووم، زۆر لە نزیکەوە ئاشنای تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی بارزانی نەمر بووم، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی هەمووی پێکەوە لە کەسێتی بارزانیدا کۆبوونەوە، لەهیچ سەرکردەیەکدا هەمووی پێکەوە کۆنەبۆتەوە و لە ئێستاشدا لە هیچ سەرکردەیەکدا ئەو هەموو جیاوازی و تایبەتمەندییە نابینم و پێموایە لە ئایندەیەکی نزیکیشدا کەسێکی وەك بارزانی هەڵنەکێتەوە، لانیکەم دەتوانم بڵێم هەتا من لە ژیاندا بم نایبینم .

ئەم بابەتەی ئەمساڵ بە بۆنەی ١١٢ هەمین ساڵەی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی یەوە بڵاوی دەکەمەوە، گێڕانەوەی مێژوو نییە بۆ ئەوەی شکۆی بارزانی پیشانی نەوەکانی ئێستا بدەین، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژووی مستەفا بارزانی و بەدەنگهێنانەوەی فیکر و ئاکار و تایبەتمەندییەکانی بارزانی، بۆ ئەوەی خۆمان فێربین چۆن سوود لەو فیکر وئاکار و تایبەتمەندییانە وەردەگرین، هەروەها فێربین چۆن بەردەوامی بەو فیکر و ئاکار و تایبەتمەندییانە بدەین، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بە هاوشێوەی بارزانی ڕووبەڕووی تەحەدییەکان ببینەوە و هەنگاوی دروست بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن هەڵبگرین.

کەواتە ئەم بابەتە یادکردنەوەی سەرۆکێك نییە کە تەنها توراسێکی شۆڕشگێری لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا بۆ بەجێهێشتبین، بەڵکو یادکرنەوەی ڕابەر و سەرۆکێکە کە ئێستاش هەموو سەرکردەکانی هەر

**جارێکیان من لە خزمەتی بارزانی دانیشتبووم، یەکێک هاتە ژوورە و پێی گوت: پێشەوا، جەنابی بارزانی لەوە تووڕە بوو کە پێی وترا پێشەوا، بۆیە گوتی: من پێشەوا نیم، ئێمە هەموومان یەک پێشەوامان هەبووە، ئەویش قازی محەممەد بووە**

**بارزانی تا دواڕۆژەکانی ژیانی هەر خەباتی بۆ کورد و کوردستان کردووە و هەر ئامانجیشی ئەوە بووە ڕۆژێک بێت و کوردستان ببێتە دەوڵەت و ئاڵاکەی لە بەردەم ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بشەکێتەوە**

**بارزانی دەیزانی چۆن هەنگاو بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانمان هەڵدەگرێت، ئەو لەگەڵ ئەوەی ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە، بەڵام بارودۆخەکەشی واقیعبینانە دەخوێندەوە و بەرنامەی بەوجۆرە بوو هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەم ئەرکە قورسە زەمینە خۆش بکات**

**بۆ ئێستامان کە لەگەڵ درندەترین دوژمن کە داعشە لە شەڕێکی چارەنووسسازین و لەچەندین بەرەی دیکەشەوە شەڕی ئابووری و چەندین شێوازی دیکەی شەڕمان لەگەڵ دەکرێت، ئەوا ئەمانە هەموویان فەرزی دەکەن بە هەر نرخێک بێت، دەبێت یەکهەڵوێست و یەکریز بین، ئەگەر خوانەخواستە یەکریز و یەکهەڵوێست نەبین، ئەوا ئەو ئیرادەیە دروست نابێت کە رووبەڕووی هەموو شەڕەکان ببینەوە**

**بارزانی ئامادەبوو لەگەڵ ئەوانەشی هەڵخلیسکاون لێبوردە بێت و یەکریزی نێوماڵی کوردستان بپارێزێت**

چوارپارچەی کوردســـتان لەنێو ئامانجە دوورمەوداکانی بارزانیـــدا بۆ ســـەرفرازی یەکجارەکی خەبـــات دەکەن، ئەوجـــا لەبەر ئـــەوەی فیکر و تایبەتمەندی مســـتەفا بارزانی لە سەرووی ناوچەگەری و لە سەرووی سنوورە دەســـتکردەکان بووە و نزیکەی ٧٠ ســـاڵ پێش ئێســـتا دوای رووخانی کۆماری کوردســـتان، ئەو بەرنامەی بۆ ئیعلانی جمهوریەتی کوردستانی گەورە دارِشتووە، ئەوا ئەمە هەوڵێکە بۆ دووبـــارە گێڕانەوەی ئیرادەی بارزانی وەك ئیرادەیەکـــی خێر بۆ نەتەوەکەمان و ئیرادەی خێریش بۆ هەموو ســـەردەم و زەمانێك پێویســـتە و ئێســـتا ئێمە هەموومان بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیمان و لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەو ئیرادە خێرەیە.

**● گەڕانەوە بۆ مێژوو و دروستکردنی مێژوویەکی نوێ**

ئەگەر ســـەرنج لە پێشـــەکیی ئەم نووسینە بدەن، هەست دەکەن پێش ئەوەی باســـی مســـتەفا بارزانـــی بکەم، گەڕامەوە بۆ سەرکردەکانی پێش بارزانی و سەری رێز و نەوازشم بۆ دانەواندن، ئەوجا هاتمە سەر باسی بارزانی، ئـــەم ئاکارە بەرزە من لە بارزانییـــەوە فێری بووم، لەبەر ئەوەی کەس نەیدەتوانی لە حزووری بارزانیدا باسی یەکێك لە ســـەرکردەکانی نەتەوەکان بە شێوەیەك بکات، تەنانەت رەخنەشیان لێبگرێت، بارزانی دەیگوت: هەر سەرکردەیەك بارودۆخێکی تایبەتی هەبووە، ئیمکانیەتێکی دیاریکراوی لەبەردەســـت بووە و ئەوەی پێی کراوە، دریغی نەکردووە، بۆیە دەبێت ئێمە رێزیان لێبگرین و بەسەرکردەی خۆمانیان بزانین، هەر بۆ نموونە جارێکیان من لە خزمەتی بارزانی دانیشـــتبووم، یەکێك هاتە ژوورە و پێی گوت: پێشـــەوا، جەنابی بارزانی لەوە توورە بوو کە پێی وترا پێشەوا، بۆیە گوتی: من پێشەوا نیم، ئێمە هەموومان یەك پێشەوامان هەبووە، ئەویش قازی محەمەد بووە، هەروەها بارزانی زۆر رێزی جەنابی شـــێخ مەحمودی حەفیدی دەگرت، دوای ئەویش زۆر رێزی شێخ لەتیف و شێخ بابەعەلی دەگرت، هەمـــوو کات دەیگوت ئەمانە کوڕی شـــێخ مەحمودی حەفیدن و دەبێت رێزیان بگرین. .

ئەگەر بۆ ئێســـتا بمانەوێت جارێکی دیکە ســـوود لەو ئاکارە بەرزەی بارزانی وەربگرینەوە و بەردەوامی پێبدەین، ئەوا دەبێت بە رێز و حورمەتەوە بگەڕێینەوە ناو مێژووی خەبات و سەرکردەکانی نەتەوەکەمان و لەناو ئەو مێژووەوە سەیری هەموو قۆناخە جیاوازەکان بکەین و سەیری توانا و ئیمکانیەتی قۆناخە جیاوازەکان بکەین و لەگەڵ توانا و ئیمکانیەتی ئێســـتا بەراوردیان بکەین، ئەوجا هەنگاو بۆ ئایندە و دروســـتکردنی مێژوویەکی نوێ هەڵبگرین، بۆ ئێســـتامان کـــە لەیەکاتدا چەندین شـــەڕ و تەحەددا رووبەڕووی نەتەوەکەمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بۆتەوە، رێزگرتن لە مێژوو فێرمان دەکات، هەموو لایەنە سیاســـییەکانی کوردستان یەکدەســـت و یەکگرتوو بن و جیاوازییەکانیـــان وەلابنێن، لەبەر ئەوەی ئاکاری بارزانی لەناو ئەم مێژووە فێرمان دەکات ئەم قۆناخە پێویستی بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی هەیە.

**● خاکەڕایی و سادەیی سەرچاوەی متمانە دروستکردنن**

لایەنێکـــی دیکە کـــە ئەمڕۆ زۆر پێویســـتمانە، بوونی متمانەیـــە لەنێوان خەڵـــك و حکومـــەت و پەرلەمان و ســـەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها دڵســـۆزی پێشـــمەرگە و خاك کە دەشـــێت بەویش بڵێـــم متمانەی نێوان خاك و خەبـــات، ئەگەر بۆ ئەم لایەنـــە بگەڕێینەوە بۆ قۆناخی بارزانی، هەســـت دەکەین ئەو متمانەی ئەو کات لەنێوان خەڵك و شـــۆڕش هەبوو، ئێستا بەو ئاستە نییە، هەروەها ئەو دڵســـۆزی و قوربانیدانەی پێشمەرگە بۆ فەرمان و بڕیارەکانـــی بارزانی هەیبوو، بـــێ وێنە بوون، من خۆم جارێکیان لە جەنابی بارزانیم پرســـی: لە ژیانی خۆتدا رووبەڕووی زۆر شەڕی دژوار و سەخت بوویتەوە، هەموو کاتێکیش ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵت بوون زۆر گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیارەکانت بوون، هەرچەند ســـەختیش بووبن، جەنابی لە وەڵامدا بە پێکەنینەوە پێی گوتم: (مامەڵەی من لەگەڵ پێشـــمەرگە هەرگیز لەسەر بنەمای ئامر و مەئموور نەبووە، وەك ئەوەی خۆم وا حســـاب کردبێت من ســـەرۆکم و ئەوان ســـەربازی منن، نەخێر من وەك کوڕ و بـــرای خۆم مامەڵەم لەگەڵ پێشـــمەرگە کردووە، من کە پلانی شـــەڕم داناوە، کام شـــوێن زۆر ترســـناك بووە بۆ خۆمم داناوە، پێش پێشـــمەرگە نانم نەخواردووە، پێش خۆم بەرگ و پێداویســـتیم بـــۆ دابینکردن و قەت خۆم لە پێشـــمەرگە جیانەکردۆتەوە) لەسەر ئەم پرسە جەنابی نموونەیەکی بۆ گێڕامـــەوە گوتی: (لە دوای رووخانی کۆماری کوردســـتان لە ســـاڵی ١٩٤٧ لە شەڕێکدا لە دیوی ئێران لەگەڵ سوپای ئێران لە شەڕدا بووین، یەکێك لە پێشـــمەرگەکان کە ناوی حەسۆ فاتێ بوو لە تەنیشت من بوو، بریندارکرا، لەو کاتەشدا سەربازەکانی ئێران لێمان نزیـــك دەبوونەوە، ئەو پێشـــمەرگەیە زۆر هەوڵیدا بەجێی بهێڵم لەبەر ســـەلامەتی من، بەڵام من بەجێمنەهێشت و رزگارم کرد)، ئەو پێشـــمەرگەیەی جەنابی بارزانی بۆ منی باســـکرد، هەتا ئەم ســـاڵانەی دواییش لە ژیاندا مابوو، ئێســـتاش کوڕەکانی پێشمەرگەن لەناو لەشکری کوردستاندا.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری سەرکردایەتی شەڕەکانی پێشمەرگە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی یەوە بکەین، هەســـت دەکەین ئەوەی من گێڕامەوە بەشـــێکی زۆری

بە کردەیی لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی یەوە ئێستا لە بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە دژ بە داعش دووبارە پیادە دەکرێتەوە، لەمەش زیاتر توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر هەمان متمانەی نێوان پێشمەرگە و جەنابی بارزانی دووبارە دروست بکاتەوە، پرسیاری من ئەوەیە، چۆن سەرۆك مسعود بارزانی توانی هەمان رەفتار و ئاکاری جەنابی بارزانی دووبارە بکاتەوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە سەرۆك مسعود بارزانی لە تەمەنی ١٦ساڵیدا کە بووە بە پێشمەرگە لە بەر دەستی بارزانی بووە بە پێشمەرگە و قوتابی بەردەستی ئەو بووە، بۆیە ئەم سەرکردایەتییەی سەرۆك مسعود بارزانی پێمان دەڵێت، گەڕانەوە بۆ ئاکار و رەفتاری جەنابی بارزانی هەمان ئیرادەی بارزانی لەناو بەرەکانی شەڕدا دووبارە دەکاتەوە. بەڵام بارزانی نەك هەر لەگەڵ پێشمەرگە، بەڵکو لەگەڵ خەڵکیش بەهەمان شێوە بوو، جارێکی دیکە جەنابی بارزانی بەسەرهاتێکی لەسەر مانای خزمەتکاری بۆ گێڕامەوە و گوتی: (لە ساڵی ١٩٦٣ و لەسەردەمی بەعسییەکاندا، خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان لە ترسی فڕۆکەکانی عێراق بەیانییان زوو دەهاتنە دەرەوە و روویان لە دەوروبەری گوندەکان دەکرد و هەریەکێك لە بن چیاکان شوێنێکی بۆخۆی چاك کردبوو، یەکێك لەو پێشمەرگانەی کە لە سۆڤیەتیش لەگەڵم بوو، ناوی مستەفا بوو، خەڵکی گوندی بادکێ بوو، خەڵك بە گورگۆ بانگیان دەکرد، ئەو چووبووە تەمەنەوە و نەیدەتوانی پێشمەرگایەتی بکات، بۆیە شوێنێکی بۆ خۆی لە بناری چیا چاککردبوو، بۆ ئەوەی رۆژ لەوێ بێت، منیش بەیانیان دەچووم بۆ لایان بۆ ئەوەی بزانم وەزعیان چۆنە، ئەوکات سابیری* کوڕیشم لەگەڵ ئەو خەڵکە بوو، داوای لە گورگۆ کردبوو ئەو شوێنەی خۆی بدات بەو، ئەویش نەیدابوویێ و سابیریش ئیلحاحی لێکردبوو، لە وەڵامدا گورگۆ تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت: بڕۆ خۆ من خزمەتکاری بابی تۆ نیمە، لەسەر ئەمە سابیر تووڕە دەبێت، کە بینیم سەیرم کرد، سابیر زۆر عاجزە، لێم پرسی بۆ عاجزی؟ وەڵامی دامەوە و گوتی: گورگۆ وای پێ وتووم، منیش پێم وت: بۆ سابیر تۆ ئەوەت نەزانیوە من و تۆ خزمەتکاری گۆرگۆ و هەموو خەڵکی کوردستانین؟) ئەم بەسەرهاتە پێمان دەڵێت: مەلا مستەفا بە کردەوە خۆی بە خزمەتکاری میللەتی خۆی زانیوە، ژیانێکی سادەی هەبووە، هیچ شتێکی بۆخۆی نەویستووە، ئەو خانووەی ئەو تیایدا دەژیا، لە خانووی هەموو گوندەکان سادەتر بوو، من بۆ ئەمە دوو بەسەرهات دەگێڕمەوە:

١. پوورزایەکم کە ناوی مەحمود ئەحمەد عوسمانە، لە ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری دارایی عێراق بوو، ئەو بۆی گێڕامەوە، دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێکردەوە، بڕیارێکمان لە مەجلیسی قیادەی سەورەی حزبی بەعسەوە بۆ هات، بۆ ئەوەی بە رێگەی وەزارەتی دارایی گشتاندنی بۆ بکرێت بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و هەموو ماڵ و موڵکی گواستراوە و نەگواستراوەی مەلا مستەفا بارزانی دەستی بەسەردا بگیرێت، ئەو دەڵێت: لەماوەی یەك هەفتەدا هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان وەك (تۆماری خانووبەرە، بانکەکان، هەموو فەرمانگەکانی دیکە) وەڵامیان داینەوە، مەلا مستەفا بارزانی هیچ موڵك و ماڵێکی گواستراوە و نەگواستراوەی نییە هەتا دەستی بەسەردا بگیرێت، بۆیە کە ئەمە دەرکەوت بەعس فەرمانی کرد، ئەو نوسراوانەی بۆ ئەو فەرمانگەیانە کراون، دەبێت هەمووی بهێندرێتەوە و بسووتێندرێن.

٢. رۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارەی ٤٧٢ی رۆژی ٢٤ی شوباتی ٢٠١٥، لە ماڵپەڕی ویکلیکس راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای وەرگرتووە و بڵاوی کردۆتەوە، لەو راپۆرتە باسی ئەوە دەکات: لە دوای ساڵی ١٩٧٦ کە مەلا مستەفا بۆ نەخۆشی چۆتە ئەمریکا، لەبەر بێ پارەیی گەڕاون لە ناوچەیەکی هەژارنشین خانوویەکیان بۆ گرت لەسەر حسابی خۆی، لەبەر ئەوەی خەرجی هۆتێل گران بووە.

## ● ئاشتیخوازی و دیموکراتی وەك بنەمای بڕیار دروستکردن

بارزانی بە درێژایی قۆناخی رابەرایەتیکردنی شۆڕشی کوردستان، ئەمەش نەك تەنها شۆڕشی ئەیلوول، بەڵکو لە شۆڕشەکانی بارزان و پاشانیش لە بەشداریکردنی لە کۆماری کوردستاندا، هەموو کات لەسەر بنەمای ئاشتی و دیموکراتی بڕیاری داوە، تەنانەت هەموو شەڕەکانیشی لە پێناوی ئاشتی بووە، ئامانجی ئەوە بووە کە دوژمن دان بەو راستییەدا بنێت بە ئاشتی کێشەکانی کوردستان چارەسەر بکات، بۆ ئەمەش هەموو کات رای سەرکردایەتی و هەروەها رای خەڵکیشی وەرگرتووە، هەر بۆ نموونە کە لەساڵی ١٩٦٤ بڕیاری دا وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات، رای هەموو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان و سەرۆك هۆزەکانی وەرگرت ئەوجا بڕیاری دا، هەروەها کە لەساڵی ١٩٧٠ سەدام حوسێن هاتە لای بارزانی لە دێی ناوپردان و گەیشتنە ئەوەی رێککەوتنی ١١ی ئادار ئیمزا بکەن، بارزانی کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی کرد و پێی گوتین: ئەوا لەگەڵ حکومەت گەیشتینە رێککەوتن، بەڵام هێشتا ئیمزامان نەکردووە، من بڕوام بەوە نییە حکومەتی بەعس هیچمان بۆ بکات، بەڵام ئێمە وتمان:

**بارزانی بەو جۆرە سەیری یەکڕیزی و یەکماڵی گەلی کوردستانی دەکرد، کە ئەگەر کورد یەک ئیرادە و یەک هەڵوێست بێت، دوژمنەکانی چەند بەهێزیش بن ناتوانن هیچ بە هیچ بکەن و بە پێچەوانەوە کوردستان سەرکەوتوو دەبێت**

**دەبێت بە رێز و حورمەتەوە بگەڕێینەوە ناو مێژووی خەبات و سەرکردەکانی نەتەوەکەمان و لەناو ئەو مێژووەوە سەیری هەموو قۆناخە جیاوازەکان بکەین و سەیری توانا و ئیمکانیەتی قۆناخە جیاوازەکان بکەین و لەگەڵ توانا و ئیمکانیەتی ئێستا بەراوردیان بکەین، ئەوجا هەنگاو بۆ ئاینده و دروستکردنی مێژوویەکی نوێ هەڵبگرین**

با ڕێککەوتنەکە بکەین، باشترە، ئەوە بوو بارزانی پێی گوتین: مادام ئێوە پێتان باشە، لەبەر دوو هۆکار منیش قبووڵی دەکەم ڕێککەوتنەکە بکەین، دووخاڵەش وەك خۆی پێی گوتین، بریتی بوون لە: یەکەم/ لەبەر ئەوەی نەڵێن بارزانی دیکتاتۆرە و رای سەرکردایەتی وەرناگرێت و رای خۆی فەرز دەکات، دووەم / لەبەر ئەوەی نەڵێن حکومەت ئۆتۆنۆمی دا بە کورد و بارزانی رازی نەبوو. بەڵام سەرەنجامیش قسەکانی بارزانی راست دەرچوو، هەر یەك دوو مانگ پاش ڕێککەوتنەکە لە موسڵ هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی پارتی، هەر هەمان ساڵ لە مانگی ١٢ دا هەوڵی تیرۆرکردنی کاك ئیدرسی جوانەمەرگیان دا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بارزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئەو تەنانەت پێی ناخۆش بوو ئەو سەربازانەش بکوژرێن کە هێرشیان دەکردە سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەو بەو چاوە سەیری دەکرد ئەوان بەزۆر ئەو کارەیان پێدەکرێت و خۆیان بە خواستی خۆیان نایەن شەڕی ئێمە بکەن، هەر ئەمەش بوو وایکردبوو ئەگەر حکومەتەکانی عێراق هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بهاتبایەتە پێشەوە، بارزانی وەڵامدانەوەی دەبوو، بۆ ئەوەی دەرفەتێك دروست بێت و کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، نەك بە شەڕ. بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوجا بڕیاری ئاشتی بوایە، یان بڕیاری شەڕ، لەبەر ئەوەی بنەمای بڕیارەکە لەسەر ئاشتیخوازی و دیموکراتی دورستکرابوو، ئەوا هەموو میللەتی کوردستان پشتگیری لێدەکرد.

### ● یەکڕیزیی گەلی کوردستان وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکیی ئیرادە

بارزانی بەو جۆرە سەیری یەکڕیزی و یەکماڵی گەلی کوردستانی دەکرد، کە ئەگەر کورد یەك ئیرادە و یەك هەڵوێست بێت، دوژمنەکانی چەند بەهێزیش بن ناتوانن هیچ بە هیچ بکەن و بە پێچەوانەوە کوردستان سەرکەوتوو دەبێت، بۆیە هەموو جار پێی دەگوتین: خۆزگە شۆڕش ئەو ئیماکانیەتەی هەبوایە هەموو مانگێك بمانتوانیایە یارمەتییەکی زۆر باشی پێشمەرگە بدەین، لەمەش زیاتر ئیمکانیەتمان هەبوایە ئەو خەڵکانەش بهێنینەوە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت هەڵخلیسکاون و چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرتووە، چونکە پێیوابوو هەندێك لەبەر هەژاری ئەو کارەیان کردووە، ئەگەر شۆڕش ئیمکانیەتی هەبێت، دێنەوە و خزمەتی میللەتی خۆیان دەکەن، تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٤یش کە هەندێك لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە و چوونە ئێران، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ بارزانی دووبارە هەموویانی گێڕایەوە و هەموویان هێنایەوە ناو شۆڕش و هەندێکیان پلەی سەربازی زۆر گەورەیان پێدرایەوە، وەك ئامر هێز و



ئامر بەتالیۆن، لەوانە جارێکی دیکە بەشـێکیان چوونەوە لای حکومەت، بەڵام لە دوای ڕێککەوتنی ئادار جارێکی دیکە بارزانـی عەفوی کردن و هەموویان بە پلەی خۆیان هێنرانەوە ناو شۆڕش، ئەم تێگەیشتنەی بارزانی لە مانای یەکڕیزی و یەکماڵی خەڵکی کوردستان وانەیەکی گرنگە بۆ خۆمان، لەبەر ئەوەی بارزانی ئامادەبوو لەگەڵ ئەوانەشی هەڵخلیسـاون لێبوردە بێت و یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بپارێزێت، ئەمـە فێرمان دەکات بۆ پاراسـتنی یەکڕیزی نێوماڵی کورد، نەك هەر نابێـت بیر لە بەرژەوەندی حزبی بکەینـەوە، بەڵکو ئەگەر چاومان لە هەندێك شـتی زۆر گەورەش پۆشـیبێت، دەبێت ئـەو یەکڕیزییە بپارێزێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە بوو کاك ئیدریس لە ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ ئاشـتەوایی لەگەڵ سـەرجەم حزب و هێزەکان ڕاگەیاند و بەمەش ناویان لە کاك ئیدریس نا ئەندازیاری ئاشـتەوایی، بۆ ئێستاشـمان کە لەگەڵ دڕندەترین دوژمن کە داعشە لە شەڕێکی چارەنووسسـازین و لەچەندین بەرەی دیکەشەوە شەڕی ئابووری و چەندین شێوازی دیکەی شەڕمان لەگەڵ دەکرێت، ئەوا ئەمانە هەموویان فەرزی دەکەن بە هەر نرخێك بێت، دەبێت یەکهەڵوێست و یەکڕیز بین، ئەگەر خوانەخواستە یەکڕیز و یەکهەڵوێسـت نەبین، ئەوا ئەو ئیرادەیە دروسـت نابێت کە ڕووبەڕووی هەموو شەڕەکان ببینەوە.

**● دەوڵەتی کوردستان، ئامانجی دوورمەودای بارزانی**

بارزانـی دەیزانـی چـۆن هەنـگاو بـۆ ئامانجـە نەتەوەییەکانمان هەڵدەگرێت، ئەو لەگەڵ ئەوەی ئامانجی سـەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردسـتان بووە، بەڵام بارودۆخەکەشـی واقیعبینانە دەخوێنـدەوە و بەرنامەی بەوجـۆرە بوو هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەم ئەرکە قورسـە زەمینـە خۆش بکات، تەنانـەت بارزانی لەو کاتەی کە لە ئەمریکا بە دەسـت نەخۆشییەکی سەختەوە دەیناڵاند، بەڵام بەردەوام لـە پەیوەندیکردندا بوو لەگەڵ دیپلۆمات و کۆنگریسمان و ڕۆژنامەنووسان لە ئەمریکا، بۆ ئەوەی ئەو کارەسـاتەی بەسەر کوردا هاتووە بە هەموو جیهانی بگەیەنێت، لێرەدا بە جێگەی خـۆی دەزانم ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە، لە سـاڵی ١٩٧٦ و بۆ سـاڵیادی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا کە ١٠ی مانگی کانوونی یەکەمـە، بارزانی لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە بانگهێشتکرابوو لەوی وتەیەکی هەبوو، شـوێنی بارەگای ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە نیویۆرك بەرامبەر بارەگای ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، تەنها شەقامێکیان لە نێواندایە، لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ کە سـاڵرۆژی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤە لە جیهـان، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هەبوون، چەندین دیپلۆمات و کەسـایەتی ئامادەبوون، کاتێك لەم کۆبوونەوەیە سەرەی ئەوە هات بارزانی وتارەکەی خۆی پێشکەش بکات، پێش ئەوەی بچێتە سەر شانۆکە، چووە لای پەنجەرەی هۆڵەکە و سـەیری ئەو ئاڵایانەی کرد کە لە بەردەم ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکرابوون، ئەمە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی ڕاکێشا و لێیان پرسی: بۆچی چوویت بۆ لای ئەو پەنجەرەیە و سـەیری چیتکرد؟ ئەویش بە ئامادەبووانی وت: سەیری ئەو ئاڵایانەم کرد کە لە بەردەم ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکراون، ئاڵای هەموو میللەتانی سـەر ئەم گۆی زەوییەم بینی، بەڵام ئاڵای کوردسـتانم نەبین، لە نێو ئەو ئاڵایانە نەتەوەی وا هەیە ژمارەی دانیشتووانی هێندەی شارێکی کوردستان دەبێـت، بەڵام کورد زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسـن ئاڵایان نییـە. ئەمەش مانای ئەوەیـە بارزانی تا دوارۆژەکانی ژیانی هەر خەباتی بۆ کورد و کوردسـتان کردووە و هەر ئامانجیشـی ئەوە بووە ڕۆژێك بێت و کوردسـتان ببێتە دەوڵەت و ئاڵاکەی لە بەردەم ڕێکخراوی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بشەکێتەوە.

**● ئەوەی بۆ ئێستا پێویستمانە لە بارزانی فێری ببین**

ئەوەی لەم وتارەمدا باسمکردووە و گێڕاومەتەوە بۆ بارزانی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆمان ئێستا سوودی لێوەر بگرین، بۆ ئەوەیە هەموومان پێکەوە لەسەر پاشخانی ئەم مێژووە هەوڵبدەیـن قۆناخێکی نوێی مێژوویی دەسـت پێبکەین و هەمـوو پێکەوە بە ئیـرادەی بارزانی یەوە ڕووبەڕووی کێشەکان ببینەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

لە ئێستادا نەتەوەکەمان بە قۆناخێکی هەستیار و ناسك و پڕمەترسی تێدەپەڕێت، تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە هەستیارەش پێویسـتی بەوەیە هەموومان یەك ئیرادە و یەك هەڵوێست بین، ئەو یەك ئیرادەیی و یەکهەڵوێسـتییەی کە بارزانی نەمر دروستی کرد و توانی قۆناخێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەکەمان بنووسێتەوە، بۆیە گرنگە سەرکەوتنەکانمان سـەرکەوتنی هەموو لایەك بێت و کەموکورتییەکانیشمان هی هەموو لایەکمان بێت و بە گیانێکی بەرپرسـیارانە لەگەڵ کێشـە و کەموکوڕییـەکان مامەڵە بکەین، ئەوا بێگومان وەك بارزانی نەمر لە ژیانی خۆیدا هەموو کات جەختی لەسەر کردەوە، (ئەگەر گەلی کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت، هیچ هێزێك ناتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان تێکبشـکێنێت). ئێستاش سـەرۆك مسعود بارزانی هەوڵی هەمان هەڵوێسـت و یەکڕیزی دەدات و پشتگیری و پاڵپشتیکردنی ئەرکی هەموانە.

---

***سابیر کوڕی مەلامستەفا لە ساڵی ١٩٨٣ لە ئەنفالی بارزانییەکان شەهید کراوە.**

**بارزانی دەیگوت: هەر سەرکردەیەک بارودۆخێکی تایبەتی هەبووە، ئیمکانیەتێکی دیاریکراوی لەبەردەست بووە و ئەوەی پێی کراوە، درێغی نەکردووە، بۆیە دەبێت ئێمە ڕێزیان لێبگرین و بەسەرکردەی خۆمانیان بزانین**

**ئەم بابەتە یادکردنەوەی سەرۆکێک نییە کە تەنها توراسێکی شۆڕشگێری لە قۆناخێکی مێژووی دیاریکراودا بۆ بەجێهێشتبین، بەڵکو یادکردنەوەی رابەر و سەرۆکێکە کە ئێستاش هەموو سەرکردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لەنێو ئامانجە دوورمەوداکانی بارزانیدا بۆ سەرفرازی یەکجارەکی خەبات دەکەن**

# سەرۆک مسعود بارزانی و خەمی نەتەوەیی



غەفوور مەخمووری*
بۆ گوڵان دەنووسێت

گەلی کوردستان لەپێناو مانەوەی خۆیدا بە درێژایی مێژوو لە شۆڕش و خەبات و بەرخودان بەردەوام بووە و هەر سەردەم و قۆناخێك کەسایەتییەکی وڵاتپارێز ڕێبەرایەتی شۆڕش و بەرخودانی گەلی کوردستانیان کردووە و بوونەتە سیمبۆڵی تێکۆشانی نەتەوەیی لە سەردەمی خۆیاندا، وەك نەمران (شێخ ڕەزای دێرسم، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، قازی محەممەد) و (مستەفا بارزانی)ی نەمر کە ڕێبەرایەتی درێژترین شۆڕشی گەلی کوردستانی کردووە، ئەو نەمرانە هەر یەکەو بەپێی سەردەمی خۆیان بەردەوامییان بە خەبات و بەرخودانی نەتەوەییمان بەخشیوەو بوونەتە سیمبولی شۆڕش و بەرخودانی کوردستانییان.

لە دیرۆکی نوێی گەلی کوردستان لە دوای (بارزانی نەمر)، سەرۆك مسعود بارزانی ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووە، تا ئێستاش بە هەمان گیانی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی ڕێبەرایەتی شۆڕش و بەرخودانی گەلی کوردستان دەکات، لای ئەو کوردستان هەمووی یەکە، لە خەمی پاراستن و پێشخستنی باشووری کوردستاندایە و بەردەوام وەکو پێشمەرگەیەك لە سەنگەردایە و سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ دەکات و، پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی باکووری کوردستانە و لە هەوڵی لە یەکدی نزیککردنەوەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە و بەهانای ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەچێت بۆ ئەوەی (کۆبانێ) نەکەوێت، ئەو هەڵوێستانەی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر لە هەڵوێستەکانی (بارزانی نەمر) دەچێت کاتێك بە هانای شۆڕشی شێخ مەحموودەوە دەچێت، هەروەها بەشداری لە دامەزراندن و پاراستنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و، هاوکاری خوشك و برایانی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان دەکات بۆ دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە باکوور و ڕۆژئاوای وڵات، لە باشووردا کە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە، بەردەوام سەرپەرشتی و بەشداری شەڕەکانی کردووە و لەگەڵ پێشمەرگەدا لە بەرەکانی شەڕدا ماوەتەوە، ئەو کارە نەتەوەییانەی (بارزانی نەمر) ڕەنگدانەوەیان لەسەر کار و خەبات و تێکۆشانی ئێستای سەرۆك مسعود بارزانی هەیە، بۆیە ئەگەر سەیری کار و هەڵوێستەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین، دەبینین خەمی ئەو خەمی نەتەوەیە و بەردەوام لە خەمی خاك و خەڵکدایە، خەمی نەتەوە واتە خەمی خاك و خەڵك، خەمی خاك لای ئەو واتە گەیشتن بەدوا سنووری کوردستان و پاراستنی ئەو سنوورانە، خەمی خەڵك لای ئەو واتە خەمی پاراستنی کەلتوور و دیرۆك و شارستانییەت و بەها مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان، خەمی خەڵك لای ئەو واتە گەیاندنی خەڵکی کوردستان بە کەنارێکی ئارام، ئەمەش واتە دیاریکردنی سنووری کوردستان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا،

بەردەوام جەختکردنەوە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لای سەرۆك بارزانی لەو ڕوانگەوە دێت کەوا پرسی بڕیاردان و دیاریکردنی مافی چارەنووس مافی ڕەوای هەر گەل و نەتەوەیەکە، لە ڕابردووشدا زۆربەی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی جیهان لەڕێی بەکارهێنانی ئەو مافە گەیشتوونەتە خەونی نەتەوەیی خۆیان، نەتەوەی کوردیش وەك دێرینترین نەتەوەی ناوچەکە و وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ڕەوای

خۆیەتی کە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە سەردەمی سەرخۆبوونی نەتەوە ژێردەستەکانە.

سەرۆك بارزانی بەردەوام لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی ڕەوای گەلی کوردستانەوەیەو هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بوونەتە پەیامێك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەر کاتێکیش کورد ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بڕیار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەدات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش باش لەو پەیامەی سەرۆك بارزانی گەیشتووە و، هەستی بەمە کردووە کەوا خواستی گەلی کوردستان سەربەخۆیی کوردستانە، لەمەش گەیشتوون بێ چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد زۆر زەحمەتە رۆژهەڵاتی ناڤین ئەو هێمنی و ئارامییە بەخۆیەوە ببینێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوازیاریەتی، بۆیە ماوەیەکە چارەسەری ریشەیی پرسی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن زۆر کەسایەتی گرنگ و ناوەندی نێودەوڵەتی بۆتە بابەتێکی گرنگ و بە بایەخەوە باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەیەکی ئاساییش وەردەگیرێت، بێگومان بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەنووس لەلایەن گەلی کوردستانەوە واتە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش واتە سەقامگیربوونی هێمنی و ئارامی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، هەموو لایەك ئەوە دەزانن کەوا گەلی کوردستان زوڵمێکی مێژوویی لێکراوە و خاکەکەی دابەش و داگیرکراوە و خەڵکەکەی ڕووبەڕووی ستەم چەوسانەوە بۆتەوە و، پێویستە کەوا کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ڕەوای وەربگرێتەوەو سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبیت، ئەمەش وایکردووە زۆر ناوەندو کەسایەتی جیهان بەبایەخەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەن و پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی رابگەیەنن، ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە و هیڤی و رۆشناییەکیان بە داهاتوومان بەخشیوە.

ئەم تێکۆشان و هەوڵانەی سەرۆك بارزانی پێویستی بە پشتیوانییەکی کوردستانی هەیە و پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان و سازییە مەدەنییەکان و جەماوەری کوردستان پشتیوانی جەنابیان بن، لەبەرئەوەی تێکۆشانی جەنابیان لەم پێناوەدا بۆ گەلی کوردستانە و بۆ نەهێشتنی ستەم و داگیرکارییە، هەوڵەکان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان پێگەی کوردستانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهێزتر کردووە، ئەم پێشکەوتنانە وایکردووە کەوا دوژمن و ناحەزان پێیان هەرس نەکرێ، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان پێگەی کوردستان لاواز بکەن و بەردەوام گرفتی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکەن، واتە بەردەوام مەترسیمان لەسەرە و لە ڕەوشێکی ناسكو هەستیاردایین، لەلایەك هێرش و شەڕی تیرۆریستانی داعش و لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەکانی ئێستای حکومەتی عێراق و هەڵوێستی نەیارانەی هەندێ ناوەندی شۆڤێنی عەرەبی ئەمانە هەموویان لەو چوارچێوەیەدان، تیرۆریستانی داعش و حکومەتی عێراق و ئەو ناوەندە عەرەبییانە لە ڕوانگەی (هزری شۆڤێنی عەرەبی و پەڕگیری ئایینی) یەوە سەیری پرسی کورد دەکەن و شەڕی گەلی کوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن، تیرۆریستانی داعش بە هێرش و ترس و تۆقاندن و عێراق بە سیاسەتی برسیکردنی خەڵك و هەندێ ناوەندی عەرەبی بە نووسین و شرۆڤەی ژەهراوی، هەموویان لە هەوڵی لاوازکردنی پێگەی کوردستاندان، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە یەکڕیزو یەکدەنگ بین و پشتیوانی سەرۆك مسعود بارزانی بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە، حکومەتەکانی پێشووی عێراق بە سیاسەتی قڕکردن و بەعەرەبکردن دژایەتی گەلی کوردستانییان دەکرد، حکومەتی ئێستای عێراقیش سیاسەتی برسیکردن دژ بە گەلی کوردستان پیڕەو دەکات، بێگومان سیاسەتی برسیکردن ئەویش لە کانی لیخنی قڕکردن و بەعەرەبکردنەوە سەرچاوەی گرتووە، درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی دۆژمنکارانەی رژێمەکانی پێشووە، بەڵام بە ڕەنگێکی دیکە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بە وریایی و یەکگرتووییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشە ناسکەدا بکەین و، هەمووومان لە یەك سەنگەردا کۆببینەوە و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو هەوڵە نەزۆکانە پووچەڵ بکەینەوە و لەباریان ببەین.

دیپلۆماسییەت و سیاسەت و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ لە گۆڕانی خەونی دوژمن و ناحەزان و، خستنەڕووی مەترسییەکانی سەر گەلی کوردستان، کەشێکی نوێی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پرسی کورد خوڵقاندووە و، وایکردووە کەوا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی وەکو ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی بەهانای کوردەوە بێن و لە هەڕەشەکان بیپارێزن، ئەمەش وایکردووە دۆست و پشتیوانی زیاتر بۆ کورد پەیدابن، ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە لە ئێمە دەخوازێ کەوا لە ناوخۆدا یەکبین، لەبەرئەوەی یەکبوونمان هێزێکی زیاترمان پێدەبەخشێت و بەرەو سەرکەوتنمان دەبات، بۆ ئەمەش پێویستە بە زووترین کات ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێك و یەکبخرێتەوەو مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت و پەراوێز نەخرێن، هەروەها پێویستە بیروڕاو بۆچوونی وڵاتپارێزان و دڵسۆزانیش بەهەند وەربگیرێت، لەهەمان کاتدا پێویستە ناکۆکییەکانمان وەلانێین و بیر لە داهاتوومان بکەینەوە و، سوود لەو دەرفەتە زێڕینە وەربگرین و داهاتووی نەتەوەییمانی لەسەر بنیات بنێین.

---

* **سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**پێویستە بە زووترین کات ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێک و یەکبخرێتەوەو مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت و پەراوێز نەخرێن، هەروەها پێویستە بیروڕاو بۆچوونی وڵاتپارێزان و دڵسۆزانیش بەهەند وەربگیرێت**

**نەتەوەی کوردیش وەک دێرینترین نەتەوەی ناوچەکە و وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ڕەوای خۆیەتی کە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە سەردەمی سەرخۆبوونی نەتەوە ژێردەستەکانە**

**ئەگەر سەیری کار و هەڵوێستەکانی سەرۆک مسعود بارزانی بکەین، دەبینین خەمی ئەو خەمی نەتەوەیە و بەردەوام لە خەمی خاک و خەڵکدایە**



# فاتیکان گەیشتۆتە قەناعەت کوردستان تاکە پەناگەی ئارامی کریستیانەکانی عێراقە



**بوونی هەڕەشە لەسەر ناسنامەی کریستیانییەت لە عێراقدا**

ئەگەر دەوڵەتی فاتیکان سیمبولێکە بۆ ناسنامەی کریستیانییەت لە جیهاندا، ئەوا لە کاتێکدا هەڕەشەی نەمان دەکەوێتە سەر ناسنامەی کریستیانەکانی عێراق، چیتر ناشێت و نابێت بێدەنگ بێت لە ئاستی ئەو بەربەرییەتەی داعش دژی کریستیانەکان و هەموو مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدات و دەبێت هەڵوێستی راشکاوانەتر و جدیتری هەبێت، هەڵوێستی فاتیکان بریتی نییە لەوەی فاتیکان وەك دەوڵەتێك ببێتە ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، لەبەر ئەوەی فاتیکان ئەو دەوڵەتەیە سوپا و سەربازی نییە، بەڵام هەڵوێستی فاتیکان لە رووی سیاسییەوە کاریگەری زۆر زیاتری لەسەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دەبێت، هەروەها دەتوانێت دەرگایەکی والآ بۆ وتووێژ و دیالۆگ لە نێوان جیهانی کریستیانییەت و جیهانی ئیسلامی بکاتەوە. لەمەش زیاتر دەوڵەتی فاتیکان کە ئێستا ناسنامەیە بۆ ئاشتی و کریستیانییەت لە جیهاندا، دەتوانێت مێژووی شەڕە خوێناوییەکانی نێو ئەم ئایینە بکاتە ئەزموونێك بۆ هاوکاریکردنی جیهان لە پێناوی کۆتایی هێنان بەو توندوتیژی و بەربەریەتەی کە تیرۆریستان لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا ئەنجامی دەدەن. لەبەرامبەردا گرنگە فاتیکان راشکاوانەتر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری زیاتری ئەو وڵات و ناوچانە کۆبکاتەوە کە بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە و لەژێر سایەی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی ژینگەیەکی ئارامیان بۆ پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروستکردووە، دیارە جوانترین شوێنیش بۆ ئەم پێکەوەژیان و لێبوردەییە هەرێمی کوردستانە و هەموو مەتران و قەشەی کڵێسەکانی عێراق و کوردستانیش ئاماژە بەو راستییە دەدەن، ئەگەر هەرێمی کوردستان بەو ئاستە پێشوازی لە برا کریستیانەکانی عێراق نەکردایە، ئەوا ئێستا کریستیانەکانی عێراق لەبەردەم هەڕەشەی کوشتن و تەقاندنەوەی کڵێسەکانیان دەبوون. خۆ ئەگەر لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەتە ئیسلامییەکەی

**«لەدوای رووخانی رژێمی پێشـــووی عێراق لە ٢٠٠٣ بە بەردەوامی تاوانی جینۆســـاید و راگواستن دژی کریســـتیانەکان پیادە دەکرێ، وەک ئەو قەسابخانەیەی لەســـاڵی ٢٠١٠ لە کڵێسەی سەیدە نەجات لە بەغدا ئەنجامیاندا و دەیان لەو کریســـتیانانەی بۆ نوێژکردن لەو کڵێســـەیە بوون، کۆمەڵکوژ کران، لە ســـاڵی ٢٠١٤یش رووبەڕووی ترســـناکترین ژینۆســـاید بوونەوە لە مێژووی خۆماندا، بۆیە ئێستا کریســـتیانیەت وەک ئایین و وەک رۆشـــنبیری لە میزۆپۆتامیادا لە بەردەم پووکانەوەیەدا. ساڵی پار زیاتر لە ١٢٥ هەزار کریســـتیان بە زۆر ناچار کراون کە لـــە ناوچەکانی خۆیان هەڵبێن لەبەر ئەوەی مەرجەکانی داعشـــیان قبووڵ نەبووە و ویستوویانە لەسەر ئایینی کریستیانی بمێننەوە، ئەوان تەنها توانیویانە بە شـــەو هەڵبێن و بە تاریکی و بە ریگەی جۆراوجۆر چەندین کاتژمێر بە پیادە رۆیشتوون و تەنها جلەکانی بەری خۆیان هێناوە و هەموو شتێکیان بەجیهێشتووە و خۆیان گەیاندۆتە کوردستان و ئێستاش نازانن ئایا دەتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟»**

**مەتران بەشار وردە لە بەردەم کڵێسەی ویستمنیستەر لە لەندەن**
**لە ١٠ شوباتی ٢٠١٥**

**لایەنێکی دیکەی ئەو سەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ دەوڵەتی فاتیکان و وتووێژەکانی لەگەڵ قەداسەتی پاپا و بەرپرسانی دیکەی ئەو دەوڵەتە، بونیادنانی دیالۆگێکی راستەقینەی دوور لە موجامەلەیە بۆ پێکەوە گرێدانەوە و مامەڵەکردن لەسەر ئاستی مرۆڤبوون لە نێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی کریستیانییەتدا کە ببێتە واقیع و بە کردەیی جێبەجێ بکرێت**

داعشیش بمانایەوە، ئەوا وەك مەتران بەشار مەتی وەردە لە کەنیســـەی وێستمنیستەر لە لەندەن بە ئاشکرا بە جیهانی راگەیاند، دەبوو دەستبەرداری ئایینی کریستیانی بوونایە و لەسەر دەستی داعش ببوونایە بە ئیسلام.

مەتران و قەشـــەکانی عێراق و کوردستان کە ئێستا بەشی هەرە زۆریان لە کوردســـتانن، ئەوەیان نەشاردۆتەوە، ئەوان بێ ئومید بوون لـــەوەی جارێکی دیکە بتوانن بگەڕێنەوە ســـەر ماڵ و حاڵـــی خۆیان و بتوانن بە ئـــازادی داب و نەریتی ئایینی و رۆشـــنبیری خۆیان پیـــادە بکەن، بۆیە ئـــەوان وێڕای ئـــەوەی داوای ئەوە دەکـــەن، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، جیا لەوەی پێویستە لەسەر ئاستی ســـەربازی بە شێوەی زەمینی بەشداری لە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانە بکەن کە ئێســـتا لەژێر دەســـتی داعشن، لە هەمانکاتدا ئەوەش لە یەکتری جیادەکەنەوە کە ئازادکردنی ناوچەکانیان لە رووی سەربازییەوە مانای ئازادکردنیشە لە رووی سیاسییەوە، بۆیە ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی هەنگاوی یەکەمی بە ئازادکردنی ســـەربازی دەست پێدەکات، بەڵام دوای ئەوە پێیویســـتە ئەو ژینگەیـــەش فەراهەم بکرێت کە توانـــای ئەوەی هەبێت ئازادی سیاســـی و ئایینی و فەرهەنگی دەستەبەر بکات، ئەمەش کاتێك فەراهەم دەبێت کە ئەو ژینگەیە گرێبدرێتەوە بە سیســـتمێکی سیاسییەوە کە سیستمەکە وەك سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەســـەر بنەمای پێکەوەژیان و لێبوردەیـــی بونیاد نرابێت، ئەم بنەمایە پێویســـتە وەك پرەنســـیپ هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، نەك وەك تاکتیك کە ئێســـتا حزبوڵڵای لوبنانی و رژێمە عەلەوییەکەی ئەســـەد بە ناوی کەمینەوە لەگەڵ کریستیانەکان مامەڵەی پێدەکەن.

لە ئێستادا کە تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی نەینەوا بە چڕی لە هەوڵی ئەوەدان هەموو سیمایەکی کریستیانییەت و هەموو پاشماوە مێژووییەکانی ئاشوورییەکان و کورد لەو شارە بسرنەوە و شوێنەوارە مێژووییەکان دەتەقێننەوە، ئیدی هیچ گومانێك لەسەر ئەو راستییە نامێنێت، بەوەی راستە گرووپێك بەناو خەلافەتی ئیســـلامی ئەم کارە بەربەرییانە بەرامبەر کریســـتیانەکان لە نەینـــەوا دەکات، بەڵام نابێت ئەوەشـــمان لەبیر بچێـــت کەلتوورێکیش هەیە لەئاســـتی ئـــەو رەفتارە بەربەرییانـــە بێدەنگە، بـــە مانایەکی دیکە راســـتە بەشـــدار نییە لە تێکدان و تەقاندنەوە و شکاندنی ئەو هەموو شـــوێنەوارە دێرینە، بەڵام پێشی ناخۆش نییە ئەگەر ئەو شـــوێنەوارانە نەمێنن، ئەم حاڵەتە بەشی زۆری کریستیانەکانی عێراق هەستیان پێکردووە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی دیکە بیر لە پاراستنی ناسنامەی هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانـــە بکاتەوە، کە غەیرە عەرەب و غەیرە ئیســـلامن، لەبەر ئەوەی راســـتە فیکری داعش لەسەرەتادا بە ئایینە جیاوازەکان دەست پێدەکات و پاکتاویان دەکات، بەڵام ســـەرەنجام داعش رەگێکـــی قووڵی لە نیو فیکری شـــۆڤێنی عەرەبیدا هەیە و ئەوەی عەرەب نەبێت، یان نەبێتە عەرەب، وەك کافر ســـەیریان دەکات و کوشتنیان حەڵاڵ دەکات.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە فاتیکان و قەداسەتی پاپا زیاتر رۆڵی خۆیان بگێڕن و لانیکەم بیر لەوە بکرێتەوە چۆن فرانســـۆ هۆلاندی ســـەرۆکی فەرەنسا خۆی بە شەخسی سەردانی کوردستانی کرد و کریستیانەکانی بەسەر کردەوە، گرنگە قەداسەتی پاپای فاتیکانیش سەردانی کوردستان بکات و لە نزیکەوە رەوشـــی ئارام و ژینگەی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ببینێت و لەســـەر ئەرزی واقیعی کوردستان پشتگیری و پشتیوانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات بکاتەوە.

**● دیداری نێوان قەداسەتی پاپا و سەرۆکی حکومەتی کوردستان**

مەغزای سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتی فاتیکان و دیداری لەگەڵ قەداســـەتی پاپا، لـــەوەدا رەنگی دابـــووەوە کە یەکێك لە



ئەندامانی شـــاندی یاوەری، وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەم لایەنە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە پەیامی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بۆ پاپای فاتیکان پیشـــاندانی ئـــەوە بووە کە کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستاندا بەشێکی گرنگی رەنگدانەوەی شـــێوازی تێگەیشـــتنی کـــوردە لە ئایینی پیرۆزی ئیســـلام و بە درێژایی مێژوو پرســـی ئایین وەك پەیوەندی نێوان خواوەند و مرۆڤ، تێکەڵاوی سیاســـەت نەکراوە و ژینگەی کوردستان قبووڵی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت ناکات، لەناو پیکهاتەی نەتەوەیی کوردیشدا، راستە بەشـــی زۆری کورد موسڵمانن، بەڵام لەناو کوردا چەندیـــن ئایینی جیـــاوازی وەك کاکەیـــی و ئێزیدی و کریســـتیانی و هەروەهـــا لە ناو ئیسلامیشـــدا جیاوازی مەزهەبی شیعە و سوننەش لە نیوان کورد وەك نەتەوە هەیە، بەڵام هەرگیز جیـــاوازی ئایینی نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کوردبوون وەك نەتەوە لە یەکتری بترازێنێت، ئەم لایەنە ئەو پەیامەمان زیاتر بۆ ئاشـــکرا دەکات، بەوەی ئەگەر کورد وەك نەتەوە لەناو خۆیدا جیاوازی ئایینی و مەزهەبی نەبێتە رێگر بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، ئەوا ئەو زەمینە لەبارە هەیە کە لەســـەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە زەمینەی ناسنامەی کوردستانیبوون وەك نیشتمانی هەمووان، جیاوازی نەتەوە و ئایین نەبێتە رێگر لە بەردەم ئەم ناسنامە نیشتمانییەدا، ئەم ناســـنامە نیشتمانییە کە ئێســـتا لە کوردستان بوونی هەیـــە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هەموویان شـــانازی پێوە دەکەن، پێویستی بە پاراستن و پشتیوانی زیاتر هەیە، بەتایبەتی پشتیوانی فاتیکان وەك دەوڵەتێك کە هێمایە بۆ ناسنامەی کریستیانییەت لەسەر ئاستی جیهان.

لایەنێکی دیکەی ئەو ســـەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردســـتان بۆ دەوڵەتی فاتیکان و وتووێژەکانی لەگەڵ قەداسەتی پاپا و بەرپرسانی دیکەی ئەو دەوڵەتە، بونیادنانی دیالۆگێکی راستەقینەی دوور لە موجامەلەیە بۆ پێکەوە گرێدانەوە و مامەڵەکردن لەسەر ئاستی مرۆڤبوون لە نێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی کریســـتیانییەتدا کە ببێتە واقیع و بە کردەیی جێبەجێ بکرێت، راستە قەداسەتی پاپا سەردانی چەندین دەوڵەتی ئیسلامی کردووە و هەوڵیداوە دیالۆگ لەگەڵ جیهانی ئیســـلامی دروســـت بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە هەر رەمزی بوون و شـــۆڕ نەبۆتەوە بۆ ئاســـتی کۆمەڵگە، یان دروستبوونی دیالۆگێکی جددی لە نێوان کەلتووری ئیسلام و کریستیاندا، لە کاتێکدا ئەم دیالۆگە جددی و ئەم تێکەڵاوییە کردەییە لە کوردســـتان بوونـــی هەیـــە، ئەمەش نەك هەر لە نێوان کریســـتیان و ئیســـلامدا، بەڵکو لە کوردستان زەمینەکە هێندە لەبارە لە یەك ناوچەی بچووکدا ئەگەر لە شوێنێکی بەرزەوە سەیر بکەیت، مزگەوتی موســـڵمانان و کڵێسەی کریستیانەکان و پەرســـتگای ئێزیدییەکان پێکـــەوە دەبیندرێت، لەمەش زیاتر ئەو زەمینەیە هەیە کە شاشـــەی یەك تەلەفزیۆنی کوردستان، پیاوانی ئایینی (ئیسلام و کریستیان و ئێزیدی) پێکەوە کۆدەکاتەو و پێکەوە بە زمانی ئاشـــتی دیالۆگ دەکـــەن و کەســـیان بێڕێزی بە ئایینەکـــەی بەرامبەری ناکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کەلتوورەی پێکەوەژیان و لێبوردەییەی لە کوردســـتان وەك دیاردەیەکی سرووشتی و مێژوویی بوونی هەیە، لەسەر ئاستی جیهان دەگمەنە، کە دەشـــڵێین دەگمەنە، مەبەستمان ئەوەیە ئەو لێبوردەیی و پێکەوەژیانەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە وڵاتانی رۆژئاوا دروستی کردووە، بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویییە بۆ خۆرزگارکردن لە شـــەڕ و توندڕەوی ئایینی و مەرج نییە، ئەم دیاردەیە لە رۆژئاوا بە شـــێوەیەکی سرووشتی هەڵقوڵاوی ناخـــی تاکەکان بێت، لەبەر ئەوەی هێشـــتا لـــە رۆژئاوا نارەزایی دەربڕیـــن دژی دیاردەی کۆچبەر و جیـــاوازی ئیتنـــی و ئایینی بوونی هەیـــە، بەڵام لە کوردســـتاندا لە ناو ناخی تاکەکاندا ئەم هەســـتە بوونی نییە.

**فاتیکان ئەو دەوڵەتەیە سوپا و سەربازی نییە، بەڵام هەڵوێستی فاتیکان لە رووی سیاسییەوە کاریگەری زۆر زیاتری لەسەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دەبێت، هەروەها دەتوانێت دەرگایەکی واڵا بۆ وتووێژ و دیالۆگ لە نێوان جیهانی کریستیانییەت و جیهانی ئیسلامی بکاتەوە**

## قەشە ئەنیس یەعقوب لە کڵێسەی شەقڵاوە بۆ گوڵان:

# بۆ پاپا روون بۆتەوە کوردستان وڵاتی پێکەوەژیانە بۆیە سوپاسی خۆی ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەت و گەلی کوردستان دەکات



**ئەوەی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەین، ئەو لێبوردەیی و پێکەوەژیانەیە کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئێستا ئەم پێکەوەژیان و لێبوردەییە بۆتە جێگەی تەقدیری کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، هەروەها قەداسەتی پاپای فاتیکانیش، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم باسە ئەنیس یەعقوب قەشەی کڵێسەی شەقڵاوە لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە دوا.**

«پێکەوەژیانی فرەنەتەوەیی و ئایین و ئایینزا لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەسەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەم بنەمایە بونیادنراوە، خەڵکی کوردستانیش جوامێرانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم واقیعە کردووە، ئەوە بوو لە شۆڕشی ئەیلوول لەسەر دەستی رابەریی شۆڕش مستەفا بارزانی ئەم بنەمایەی پێکەوەژیان و رێزگرتن لەیەکتر زیاتر گەشەی کردو بەهێزتر بوو، هەروەکو چۆن ئێستاکە لەسایەی سەرۆك بارزانی ئەو رێبازە پارێزراوە و چەسپاوە، هەڵوێست و کارەکانی سەرۆك بارزانی زۆر مەزن و بەرز دەنرخێندرێن بەرامبەر سەرجەم ئایین و ئایینزاکان، بەتایبەتی بەرامبەر کریستیانەکانی کوردستان و عێراق، ئەمڕۆ کە کورد و کوردستانییەکان یادی ڕاپەرین دەکەنەوە هەرگیز ئێمەی کریستیانەکان ئەو وتەیەی (سەرۆك بارزانی)مان لەیاد ناچێت کە لە کاتی راپەڕینەکەی گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٩١لە سەردانیدا بۆ سلێمانی پشتیوانی گەورەی بۆ کریستیانەکان دەربڕی و گوتی: «هەرکاتێك نەمتوانی بەرگری لە کریستیانەکانی کوردستان بکەم، کوردستان بەجێ دەهێڵم». هەربۆیە هەموو کریستیانێك سەربەرزە کە لە هەرێمی خۆی کە کوردستانە دەژی، تەنانەت دوای دەرکەوتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ، سەرۆك بارزانی دەروازەکانی کوردستانی بە رووی هەموو ئەو کریستیانانەدا کردەوە کە لە دەست تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی عێراق کۆچیان کردبوو، بگرە شوێن و پێداویستی سەرەکییان بۆ دابینکرا، هەروەکو چۆن پێشتریش لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کار و ئیشیان بۆ دابینکرا، واڵاکردنی دەروازەکانی سنوور بە رووی ئاوارە کریستیانەکان و سەرجەم ئایین و ئاینزاکانی دیکە لەم کاتە هەستیارەدا کە کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، جێگەی شانازیی سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەوەتا لەهەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان ئاوارە و کەمپیان هەیە و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیشیان بۆ دابین کراوە، لە ئێستاشدا کە دەبینین قەداسەتی پاپا پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنەی نێوان قەداسەتی پاپا و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، چونکە قەداسەتی پاپای فاتیکان کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە، کە لەم کاتەدا کوردستان زۆر پێویستی بە بەهێزکردنی ئەو پێوەندییە هەیە، بوونی کەلتووری پێکەوەژیان و رێزگرتن لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك لەلای فاتیکان و قەداسەتی پاپا روون بۆتەوە، هەر بۆیە رێز و سوپاسی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و گەلی کوردستان کرد لە بەرامبەر پاراستنی ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرەی کە روویان لە کوردستان کردووە، پشتگیریکردنی پاپا لە گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی لەو روانگەیەوە هاتووە کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەیەکی گرنگی بۆ نەتەوە و کەمینەکان و سەرجەم ئایین و ئایینزاکان هەیە».

**هەڵوێست و کارەکانی سەرۆک بارزانی زۆر مەزن و بەرز دەنرخێندرێن بەرامبەر سەرجەم ئایین و ئایینزاکان، بەتایبەتی بەرامبەر کریستیانەکانی کوردستان و عێراق**

## شموئیل ئاشنیل لە کڵێسەی ماریوخەننا ئەلمەعدان لە عەنکاوە بۆ گوڵان:

# فاتیکان لەو راستیە تێگەیشتووە هەرێمی کوردستان نەبوایە ئێستا کریستیانەکان لە عێراقدا نەمابوون و هەموویان کۆچیان کردبوو

**سەبارەت بە کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و پێشوازی خەڵکی کوردستان لەو کریستیانانەی لە ترسی تیرۆر و داعش روویان لە کوردستان کردووە، قەشە شموئیل ئاشنیل راعی کڵێسەی رۆژهەڵاتی ئاشووری لە کڵێسەی ماریوخەننا ئەلمەعدان لە عەنکاوە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**

«لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە کریستیانەکانی عێراق لە بەغدا و بەسرە و موسڵ و دەشتی نەینەوا رووبەڕووی کوشتن و رفاندن و دەرکردن بوونەوە و تەنیا شوێنێکی ئارام بۆ پاراستنی ژیان و کەرامەتیان هەرێمی کوردستان بووە، رۆژ لە دوای رۆیش هیواکانی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە لەو ناوچانە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم حاڵەتە لە دوای رووداوەکانی حوزەیرانی ٢٠١٤ و گرتنی موسڵ و دەشتی نەینەوا بە تەواوەتی سەریهەڵدا، لە ئێستاشدا کریستیانەکان رووبەڕووی گەورەترین کۆچ و دەرکردن بوونەتەوە کە لە مێژووی هاوچەرخی ئەم ناوچەیەدا رووی نەداوە، زۆر لە خێزانە کریستیانەکانی عێراق روویان لە وڵاتانی ئەوروپا و جیهانی پێشکەوتوو کرد، ئەگەر هەرێمی کودستان نەبوایە، زۆربەی کریستیانەکان روویان لە هەندەران دەکرد، پێشوازیکردنی خەڵك و سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەرانە نیشانەیەکە بۆ دەوڵەمەندی کوردستان بە کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی، ئەمەش مێژوویەکی قووڵی هەیە، ئەم ئەزموونە نموونە بەرزەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینزاکان لە کوردستاندا لە ئەمڕۆدا لەبەر چاوی گەلانی جیهان دەوڵەمەندتر بووە، هەروەك لەدیداری چەند رۆژی رابردووی نێوان قەداسەتی پاپا و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بینمان، هەست دەکەین فاتیکان لەم راستییە تێگەیشتووە و دەزانێت هەرێمی کوردستان بۆ کریستیانەکان چەند گرنگە. نزیکبوونەوەی نێوان فاتیکان و هەرێمی کوردستان لەو روانگەیەوە هاتووە خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەی نموونەیەکن بۆ رێزگرتن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤ و هەموو ئایین و ئایینزایەك، ئەمەشە وایکردووە فاتیکان و کەنیسە سوور بن لەسەر مانەوەی رۆڵەکانیان لە وڵاتی خۆیاندا، چونکە شوێنێك هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانە و پێگەی دیموکراتی و نموونەی پێکەوەژیانی ئایین و ئاینزا و نەتەوەکانە، تەنانەت سەرۆکایەتی کڵێسەی ئێمەش وەکو کڵێسەی ئاشوورییەکان کە بارەگاکەی لە ئەمریکایە هەمان بۆچوونی هەیە، بەوەی پێویستە کریستیانەکان کۆچ نەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان پارێزگارییان لێ دەکات، ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە پاڵپشتی و پشتگیریکردنی فاتیکان و قەداسەتی پاپایە بۆ هەرێمی کوردستان و قووڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاکانە لەم هەرێمە، دڵنیاشم کە گفتوگۆ و دانوستاندەکان دەرئەنجامێکی ئیجابی دەبێت و ئاستی کۆمەککردن و پاڵپشتیکردنی کریستیان و ئاوارەکانیان وادەکات بۆچوونی مانەوەیان زیاتر لەلا پەسەند بێت نەك کۆچکردنیان».



**نزیکبوونەوەی نێوان فاتیکان و هەرێمی کوردستان لەو روانگەیەوە هاتووە خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەی نموونەیەکن بۆ رێزگرتن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤ و هەموو ئایین و ئایینزایەک**



**پرۆفیسۆر جۆناسان كلاونس**
**تایبەتمەند لە كەلتووری ئایین بۆ گوڵان:**

# دەبێت كوردستان شانازی بەو كەلتووری لێبوردەییەوە بكات كە هەیەتی و دەبێت ئەم كەلتوورە شوێنی دیكەش بگرێتەوە

**پرۆفیسۆر جۆناسان کلاوسن، ئوستادی دیراساتی ئایینە لە زانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لە بەراوردکاری ئایینەکان، بۆ قسەکردن لەسەر بەرهەمهێنانی کەلتووری لیبوردەیی و پێکەوەژیان و رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆریستان کە ئەمڕۆ کێشـــەی بۆ هەموو جیهان دروســـت کردووە، چەند پرسیارێکمان ئاڕاســـتەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** یەکێك لەو کێشـــانەی وڵاتانی عەرەبی و ئیســـلامی رووبـــەڕووی دەبنـــەوە، نەمانی کەلتـــووری لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، لە بری ئەمە کەلتووری توندوتیژی و یەکتری ســـڕینەوە جێگەی گرتۆتـــەوە، ئایا تاچەنـــد کەلتووری لێبوردەیی بۆ ئیستای ناوچەکە گرنگە؟**

- ئاشـــکرایە لێبوردەیی نەك هەر بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بەڵکو بۆ پاشـــەڕۆژی جیهانیش پێویســـتە. پێناچێت لە ئێستادا لێبوردەییەکی زۆر هەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، تەنها چەند ناوچەیەك نەبێت، کە ئاستێك لە لێبوردەییان هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە شوێنگەلێك هەیە لە ئەمریکا، هەروەها لە ئەوروپاش کە جوولەکە و مەسیحی و موسڵمانەکان دەتوانن تیایدا پێکەوە هەڵبکەن.

*** لەبەرامبـــەر ئەم دۆخە هەســـتیارە و ئەو کوشـــتوبڕەی لەم ناوچەیە هەیە، هەســـت دەکرێـــت جۆرە بێدەنگی و بێ هەڵوێســـتییەك لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بەتایبەتی بوونی هەیە، ئایا هۆکاری پشت ئەم بێدەنگییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مـــن دڵنیا نیم لـــەوەی کە بێدەنگییەکـــی تەواو هەبێت لە هەمبەر کێشـــەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەســـەر ئاســـتی جیهان، لەوەش تێدەگەم کە بۆچی وا دەردەکەوێت کە بێدەنگی هەیە، ئەمەش دەوەســـتێتە سەر ئەوەی لە چ روانگەیەکەوە لێی دەڕوانیت، ســـەرۆکی میسر پتر دەنگی بەرزکردۆتەوە. جگە لەوەی کە دەیڵێن، ئەوا بەلای کەمەوە هەنـــدێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان هـــەوڵ دەدەن بەرەنگاری دەوڵەتی ئیسلامی داعش ببنەوە، هەڵمەتی هێرشی ئاسمانی رانەوەســـتاوە. لەبەر ئەوە من هاوڕا نیـــم لەگەڵ بناغەی پرسیارەکەتاندا، بەلای کەمەوە لە تێڕوانینی منەوە.

*** مەبەست لە بێدەنگی ئەوەیە بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری ئەوروپا ناکەن بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بەرفراوان بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم؟**

- لێرە سەرۆك ئۆباما بەرنامەیەکی خستۆتەڕوو، ئەگەرچی مایەی مشت و مڕە و من دڵنیا نیم ئەم بەرنامەیە بە تەنها چی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

*** ئایـــا بەرنامەکەی ئۆباما پەیوەســـتە بـــە پەرەپێدانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان؟**

- پەیوەســـتە بە بەرەنگاربوونەوەی تونـــدڕەوی لە ناوەوەی وڵاتەکەوە. بەڵام دەکرێت هەندێك بە گەشـــبینی ســـەیری وڵاتانـــی عەرەبـــی و ئیســـلامی بکەیـــن، چونکـــە لە مەسیحیەتیشـــدا ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەك سەرچاوە تەقلیدییەکان بەکار بهێندرێنەوە کە توندوتیژی لێبکەوێتەوە، لە رابردووشـــدا کەسانێك هەبوون ئەم کارەیان کردووە لە نێو مەسیحییەکاندا. لە ئێستادا گرووپێکی موسڵمانت هەیە کە پەنـــا بۆ داب و نەریتە موحافیـــزکار و توندڕەوەکان دەبەن. من دەزانم کە توندڕەوەکان پێکدادانی شارستانیەتیان دەوێت، بەڵام ئەوە دەبێت لیبراڵەکانی نێو هەموو توراسە ئایینەکان رێگری لە روودانی بکەن.

*** کوردســـتان تاکـــە هەرێمە کـــە لێبوردەیی تێـــدا پیادە کرێت، ئایا جیهـــان تا چەند بە بایەخەوە لەوە دەڕوانێت کە کوردستان ببێتە مۆدێلێك بۆ ناوچەکە؟ ئەمە لە کاتێکدا کە مەسیحییەکانی عێراق روویان کردۆتە کوردستان، بۆ نموونە لە دووەم گەورەترین شاری عێراقدا کە موسڵە، مەسیحییەکان ناچار دەکرێن ببنە ئیســـلام، یان باج بدەن، یاخود شـــوێنی خۆیان جێبهێڵن، کڵێساکانیشیان دەتەقێندرێتەوە، ئایا دەکرێت لە سەدەی بیســـت و یەکدا رێگە بە روودانی ئەم کردەوانە بدرێت؟**

- من هاوســـۆزم لەگەڵ هەموو ئەو قوربانییانەدا و ئەمە پشـــێوییەکی بێئەندازە خراپە لەو شوێنانەدا کە لێبوردەییان تێدا نەماوە. من سەرم لە چۆنیەتی داڕشتنی پرسیارەکەتان ســـوڕماوە، چونکە پێموایە دەبێت کوردســـتان شانازی بەو لێبوردەییەوە بکات و دەبێـــت ئەو لێبوردەییەش درێژ بێتەوە بۆ نێو موســـڵمانەکان. لەم رووەوە هەنـــدێ ناوچە هەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا- رەنگە کەمتر بـــن لەوەی ئێمە ئومێـــدی بۆ دەخوازیـــن- وەك لوبنـــان و هەروەها ئەگەر ناکۆکی فەلەستین و ئیســـڕائیلیش چارەسەر بکرێت، ئەوا دەبێت توندڕەوەکان تێکبکشـــێندرێن، بەڵام دەبێت بیرۆکەی لێبوردەیـــی بەرفراوان بمێنێتـــەوە و لێبوردەیی هەمووان لە خۆبگرێت.

*** چۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا پـــەرە بە لێبوردەیی دەدرێت؟**

یەکێـــك لە رێگەکانی دەســـتپێکردن بـــەم کارە، ئەوەیە کە رەخنە لە نێو توندڕەوەکانی توراسەکە بگیرێت، نەك خودی توراسەکە، بە شـــێوەیەکی حەتمی ئیسلام سەرناکێشێت بۆ ئەلقاعیدە و دەوڵەتی ئیســـلامی، رەنگە ئەمە یەکێك بێت لە ئەگەرەکان، بەڵام دەکرێت ئەمە لە توراسە ئایینییەکانی دیکەشـــدا روودبات، واتە ئەگەری ئەوە هەیە توندڕەوەکان ســـوود لەو توراسە وەربگرن، بەڵام دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن جیاوازییە ئایینییەکان بە ئاڕاستەیەکی پتر لێبوردەییدا ببردرێت. بۆ ئێوەش من پێم باشە خۆتان لە توندڕەوی لابدەن و شـــانازی بە لێبوردەییەوە بکەن کە لەوڵاتەکەتاندا بوونی هەیە.

**توندڕەوەکان پێکدادانی شارستانیەتیان دەوێت، بەڵام دەبێت لیبراڵەکانی نێو هەموو توراسە ئایینەکان رێگری لە روودانی بکەن**

**لە مەسیحیەتیشدا ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەک سەرچاوە تەقلیدییەکان بەکار بهێندرێنەوە کە توندوتیژی لێبکەوێتەوە، لە رابردووشدا کەسانێک هەبوون ئەم کارەیان کردووە**



مستەفا چاوڕەش

ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# کاک مسعود بارزانی چوویێتە هەر بەرەیەکی شەڕەوە بۆتە پشت و پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر بووە

**ئەو شەڕەی ئێستا یەخەی کوردستانی گرتووە، شەڕی چارەنووس و مان و نەمانە، لەبەر ئەوەی شەڕێکی هەمەلایەنەیە و تیرۆریستانی داعش شەڕ لە دژی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی، بەڵام ئەوەی جێگەی ئومێدە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە توانییان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکدەستی خۆیان ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە دژی تیرۆریستانی داعش، هەروەها دروستبوونی حەشدی شەعبی و نزیکییان لەگەڵ پێشمەرگە و مەترسییەکانی ئەم هێزە لە ئایندەدا لەسەر کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***لە ناو ئەم هەموو شەڕەی لەم بارودۆخەدا یەخەی گرتووین، هەر لە شەڕی داعش تا شەڕی دروستکردنی قەیرانی دارایی و دروستکردنی حەشدی شەعبی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، لەم قۆناغەدا چۆن دەتوانین ئیدارەی ئەم هەموو شەڕە هەمەلایەنە داسەپاوانە بکەین؟**

- سەبارەت بەو شەڕەی کە تووشی هاتووین شەڕی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، گەرچی پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت و ئەو شەڕانە بە قارەمانانە دەکات، بەڵام لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی دۆخەکەوە شەڕی هەموو خەڵکی کوردستانە، نە شەڕی یەکێتی، نە هی پارتی، و نە هی هیچ حزبێکی ترە، لەو بڕوایەدا نەبووین تووشی ئەم شەڕە بین، بەڵام ئەوەی جێی خۆشحاڵی بێت، ئەوەیە کە کورد تا ئێستا لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بووە و ئەوانەی ناویان داعشەوە بە ناوی ئیسلامەوە پەلاماریان داوین، وەك خۆشتان ئاگادارن ئەگەر بە مەفهوومە فراوانەکەی لە ڕابردوودا هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، دۆخەکە مەترسیدار دەبوو، تەنیا هێزێك بووین کە دیوارێکمان دروستکرد لە ڕووی هاتنە پێشەوەی ئەو تیرۆریستانە، چونکە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا چوار فیرقەی سەربازیی حکومەتی عێراقی و دوو فیرقەی سووات بە جبەخانە و چەك و چۆڵی پێشکەوتووەوە هەروەها شارێکی گەورەی وەك موسڵیان تەسلیم بە تیرۆریستان کرد، هەرچی چەکە قورسەکانیشیانە بۆیان جێهێشتن، دووسەد دۆشکەی هەمەجۆری تازەی ناو گریسیان بەجێهێشت، تەنانەت عەلی غێدان فڕۆکەکەی خۆیشی بۆ جێهێشتن، هەڵتۆقینی داعش کتوپڕانە بوو، بادانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش لە ناکاو بوو، بەڵام پێشمەرگە دیوارێکی مەحکەمی بەڕووی ئەو هێزە غەریبانەی بە ناو داعش هاتبوون دروست کرد، گەرچی پەلاماری لە ناکاویان وایکرد لە سەرەتای شەڕەکەیاندا هەندێ شوێن لەدەست بدەین، بەڵام بە هیممەتی پاڵەوانێتی پێشمەرگەو خوێنی ئاڵی شەهیدانمان و بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان توانیمان ئەم شەڕە بە سەرکەوتوویی بکەین بە شاهێدی هەموو دنیا، خەڵکیش بوون بە پشت و پەنای پێشمەرگە لەبەر ئەوەی بە شەڕی خۆیانی دەزانن، بۆیە خەڵك کۆمەکی

**لە بەغدا ڕۆژانە بەڵێن هەڵدەڕێژن و هیچیان دیار نییە، (دێت و نایەت)، ئەمە دەرمانی برینی ئێمە ناکات، پێویستە پێشمەرگە بێ مووچە نەکرێت، وەک چۆن لەم ڕۆژانەدا شەست ملیۆن دۆلار بە حەشدی شەعبی دەدەن، دەبێت بە پێشمەرگەشی بدەن، خۆ پێشمەرگە نەبوایە بەغداش کەوتبوو**

**داوا له پەرلەمانی کوردستان دەکەم، چاوێکیان لە کەسوکاری شەهیدان بێت، پێشمەرگە کە شەهید دەبێت خانەوادە و خێزانەکەی موحتاج نەبێت، وا بکرێت خانوو بۆ کەسوکاریان بکرێت، کەسێک گیانی بۆ هەموو کوردستان بەخت دەکات نابێ لە کوردستان خێزان و منداڵەکەی بێ خانوو بن**

**پاش رووخانی سەدام، مام جەلال نەخشەکەی زەمانی عوسمانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا و بۆ هەمووانی روونکردەوە کە کەرکووک لە مێژوودا چۆن بووە و کوردستانییە و هەموو بە چاوانی خۆیان بینیان نابێ کەس چاوی خۆی بگرێت**

**عێراق ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییەی خستۆتە بەردەستی حەشد، بەڵام تاقە فیشەکێکی بە هێزی پێشمەرگە نەداوە، ئەگەر ئەوان دەیانەوێ هاوکارمان بن فەرموو با لە پشتەوە بچن بۆ ریاز و حەویجە و دەشتی تکریت**

ماددی و زۆر پێویستی دیکەی نارده بەرەکانی جەنگەوە بۆ هاریکاری پێشمەرگە، ئیتر وای لێهاتوو تەنانەت قوتابخانەکان پۆل پۆل بچن خوشك و برا پێشمەرگەکانیان بەسەر بکەنەوە، چونکە رۆڵێکی جوامێرانەیان گێڕاوە، تا ئێستا شەڕەکەمان زۆر باش هێناوە، هەموو ئەو شوێنانەی کە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ هەموو حکوماتە یەك لە دوا یەکەکانی رابردوو کێشەمان بووە لە سەریان، ئێستا توانیومانە ٩٠٪ی بە دەستی خۆمانەوە بێت و ئەوەشی کە ماوە بە هیممەتی خەڵك و پێشمەرگە و سەرکردایەتی سیاسی کورد بە شەڕ، یان بە ئاشتی رزگاری دەکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتی خۆمان کە چەندین ساڵە دەربەدەر و تەعریب دەکرێن، بتوانین بیانگێڕینەوە شوێن و مەنزڵی خۆیان تا هەناسەی ئازادی هەڵمژن، شەڕی ئەم تیرۆریستانەش کە ئەمڕۆ رووبەڕوومان بوونەتەوە، بە تەنیا شەڕی میللەتی کورد نییە، بەڵکو بەڵایەکی گەورە و وەحشن بۆ هەموو دنیا، ئەوەتا خەڵك لە قەفەزدا دەسووتێنن، چیمان لە ئەنفال پێکرا، ئەمانیش ئەوەتا پێمان دەکەنەوە، داعشییەکان لە پاش ئەوەی تەعەدا لە ئافرەتان دەکەن، دواتر زیندەبەچاڵیان دەکەن، لەو شوێنانەی کە لە دەستیان وەردەگیردرێتەوە، چەندین گۆڕی بە کۆمەڵی نوێ دەدۆزرێتەوە، ئەمە ئەرکی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە باشتر بۆ ئەم شەڕە خۆیان ئامادە بکەن لەسەروو هەمووشیانەوە یەکێتی و پارتی.

*** پێشمەرگە ماوەی هەشت مانگە لە شەڕێکی نابەرابەردایە بەتایبەتی لە رووی چەك و چۆڵ، وەك پێشمەرگەیەکی بەئەزموون لە شەڕی پارتیزانیدا ئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە وێڕای نەبوونی هاوسەنگی لە جۆرایەتی چەکەکانی هەردوو لا، کەچی پێشمەرگە سەرکەوتنی زۆری بە دەستهێناوە؟**

-گەرچی لە شەڕی ئێستادا تەکنەلۆجیای نوێ رۆڵی یەکلاکەرەوەی تێدا دەبینێ و دەبینین کە هاوپەیمانان چۆن بە هۆی تەکنیکی تازەوە سەد لە سەد ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن، هەروەها پێداویستییەکانی سوپایەکی دەوڵەتی بە دەست داعشەوەیە و ئەوەش تەرازووی هێزی لە بەرژەوەندی ئەواندا قورس کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە چەکی دەستی پێشمەرگە تەنیا چەکی سووك بوون، بە هۆی ئەوەی دۆزەکەی ئێمە دادپەروەرانە بووەو نەچووینەتە سەر خاکی خەڵك سەرکەوتنی باشمان هەبووە، ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی ئێمەیە ئەوەیە بتوانین بەو چەکە هەمانە و بەوەی کە ئێستاش دۆستان و هاوپەیمانانمان بۆمان دابین دەکەن شەڕی باشتری پێ بکەین، ئێمە پێشتریش هەر بەم چەکە سووکانەی دەستمان رووبەڕووی جەبەرووتی ئەو هەموو هێزە زەبەلاحەی سەدام بووینەوە، تەنانەت کە بە زەبری چەکی کیمیاوی گەیشتینە سەر سنوورەکانیش، بەڵام تەسلیم بوون لە مەبدەئی هێزەکانی پێشمەرگەی حزبەکاندا نەبوو، دەرئەنجام راپەڕینیش کراو وڵاتی خۆمان ئازاد کردەوە، بۆیە مەسەلەی چەك زۆر گرنگ نییە، بەڵکو بیر و باوەڕ و قەناعەت بەوەی دۆزێکی رەوای لەسەرهەقمان هەیە لە هەموو شتێك گرنگترە، هەر لەم بڕوایەوە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی چەکمان پێ دەدەن، تا بیکەینە زەخیرە بۆ دەرپەڕاندنی هەموو ئەو تیرۆریستانەی دەیانەوێت چاویان لە وڵاتەکەمان بێت.

*** باسی هاتنە سەر هێڵی ژمارەیەك لە وڵاتانی دنیات کرد، پتر لە شەست وڵات لە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەدان کە پشتیوانی ئەم دۆز و بەرگرییە رەوایەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا بەردەوامیدان بەو پشتیوانییانە رێگەخۆش دەکات تا ئامانجەکانمان بەدیبهێنین؟**

- ئێمە سوپاسی ئەو وڵاتانە دەکەین کە هاتوونەتە مەیدانەوە، بەڵام بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە ئەو پشتیوانییەمان پەیدا کردووە، ئەگینا کەس خێرمان پێ ناکات، وەك خۆشیان دەیدرکێنن و دەڵێن لە کوردستان کە پێشمەرگە شەڕ دەکات، تەنیا بەرگری لە خاکی خۆیان ناکەن، بەڵکو لە بری وڵاتانیش شەڕی تیرۆر دەکەن، ئەم تیرۆریستانە دەستیان کێشاوە بۆ وڵاتانی ئەوروپیش، ئێستا لە ناو ئەو وڵاتانەوە چەکدار دەنێردرێت بۆ بەرەکانی شەڕ، لە هەندێ وڵاتی عەرەبی بەیعەت بە خەلیفە بەغدادی دەدەن، بە نموونە لە لیبیا و سۆماڵ و میسردا ئەمە دەکرێت، ئەم تیرۆریستانەی بەرانبەر پێشمەرگە وەستاون، لە ناوەندی بنەڕەتی خۆیاندان و باڵدەکێشن بۆ وڵاتان و تەنانەت بۆ ئەوروپاش وەك ئەوەی لە فەرەنسا روویدا، تەنیا لەبەر ئەوەی وێنەی بەغدادییان کردبوو، تیرۆریستان هەڵیانکوتایە سەر بارەگای رۆژنامەی شارل ئیبدۆ و چەند رۆژنامەنووس لە نووسینگەکە بوون هەموویان کوشتن، بۆیە ئەم شەڕە نێودەوڵەتییە لە وڵاتی ئێمە سەریهەڵداوە و ئەو کۆمەك و پشتیوانییە بۆ داهاتووی میللەتی کوردیش پێویستە، بەتایبەت ئەگەر رۆژێ لە رۆژان بمانەوێت لە وڵاتی خۆماندا ئازاد بین و جودا بینەوە، تا ئێستا هەندێ دەوڵەت هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە کورد ئازادە تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆی دابمەزرێنێت، بەڵام ئەمە دانپیانانی نێودەوڵەتی نییە، چونکە دانپیانان ئەوەیە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی دان بە بوونی دەوڵەتدا بنرێت، تەنانەت دەبێ حیساب بۆ چواردەوریشمان بکەین

و پشتیوانی ئەوانیش بەدەست بهێنین، هەوڵیشمان داوە، خۆشبەختانە ئێستا هەم ئێران و هەم تورکیا دۆستمانن، بەڵام بە مەفهوومی هەموو شتێك نا، پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بەرەو باشی دەچێت و لەگەڵ ئێرانیشدا باشە و بە چەك و هێزەوە پشتیوانیشی لێکردووین، حەشدی شەعبی لەلایەن ئەوانەوە هاریکاری دەکرێت، کە ئەوان شان بە شانی پێشمەرگە بوون لە گرتنەوەی قەرەتەپە و سەعدیەی و دووز و جەلەولا، لەگەڵ قاسم سلێمانی و هادی عامریدا نەخشەمان داناوە پێکەوە، ئەوەتا یەکێك لە گرفتەکان، دەبێ هەموو ئەو چەك و پێویستییانەی لە وڵاتانی هاوپەیمان بۆ پێشمەرگە دێن، پێویستە لە رێی حکومەتی عێراقەوە وەریبگرین، کەواتە ئێمە هێشتا لە عێراق جیانەبووینەتەوە، ئەوانیش هەموو خاکی عێراق بە خاکی خۆیان دەزانن، لەبەر ئەوە غەدرێکی زۆریان دەرهەق کردووین تا ئەم ساتەی من ئەم قسانە دەکەم، ئاگاداری وردەکارییەکانم لە سەردەمی مالیکی دوو فیرقەیان بۆ دروستکردین جێگە و رێگەشمان بۆ دانان، هیچیشیان بۆ نەکردین، دواتر ئینزاریشیان کردین، چونکە چاویان پێماندا هەڵنایەت، با ئەو راستییە بخەینە ژوور سەرمانەوە عێراق بەو مەفهوومی دۆستایەتی، دۆستی کورد نییە و چاوی بەرایی نایەت هێزمان هەبێت، سەبارەت بە جودابوونەوەش پێویستە سەرکردایەتی کورد بەرنامەیەکی باشیان بە هەموو لایەکەوە هەبێت، هەوڵ بدەین ئەو پشتیوانییە بێتە مەیدانی کردارەکی و لەلایەن دۆستانمانەوە هەر بە قسە نەبێت.

*** بە بەردەوامی ئەو چەند مانگەی رابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی جەنگدا بووە، ئایا بەڕێزت وەك فەرماندەیەك و پێشمەرگەیەکی دێرین چۆن سەیری رۆڵی سەرۆك بارزانی دەکەیت و تا چەند لەسەر ورە و رۆحیەتی بەرگریکارانەی پێشمەرگە کاریگەری هەبووە؟**

- سوپاسی دەکەین، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردانانەی کە دەیکردن بە حوکمی ئەوەی خۆی فەرماندەی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەیە، چوونیتە هەر بەرەیەکی شەڕەوە بۆتە مەعنەویەت و پشت و پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە، هەم پێشمەرگە هەستی پێکردووە هەم بۆ خەڵك رۆڵی کاریگەرانەی خۆی هەبووە، بۆ نموونە کاتێ چۆتە بادینان و شوێنەکانی تری بەرەکانی جەنگ سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر بووە، لەم شەڕانەی دواییدا کاك کۆسرەتیش لەوێ بووە، وەك جێگری کاك مسعود ئەمیش لەوێ کاریگەری خۆی هەبووە، راستە سەرکردەی یەکەم پێویستە هەمیشە لەگەڵ هێزەکانی خۆیدا بێت، وەك چۆن لە پێشمەرگایەتی سەردەمانی پێشوودا تفەنگی بەشانەوە بووە، بەڵام نابێت بچێتە پێشەوە، چونکە چەمکێکی سەربازیی هەیە، نابێت سەرکردە بچێتە پێشەوە، بەڵکو پێویستە دابنیشێت و ئیدارەی ئەو هەموو هەزاران پێشمەرگانەی خۆی بکات، واتە قائید پێویستە سەرکردایەتی شەڕ بکات، نەك بکرێتە سەرباز، سەرکردە ئاراستەکردنی پێشمەرگەکانی لەسەرە کە چۆن نەهێڵێت برسییان بێت و بێ تەقەمەنی و بێ چەك نەبن، لەبەرئەوە رۆڵی کاك مسعود بارزانی لە بەرەکانی جەنگ بەرز دەنرخێنم و تەمەننا دەکەم ئەوانەی تریش لە داهاتوودا بە کردنی چاوی لێ بکەن.

*** بەڕێز بارزانی لە ماوەی رابردوو هەموو ئەو بەرانەی بەسەر کردوونەتەوە کە شەڕ و پێکدادانی لێ بووە، یەکێك لەوانە ناوچەکانی گەرمەسێر بووە کە بەڕێزیشتان یەکێك بوون لە فەرماندەکانی ئەو ناوچەیە، بەسەرکردنەوە و چوونە ناو سەنگەرەکانی شەڕ لەلایەن سەرۆك بارزانی تا چەند ورەی پێشمەرگەی بۆ سەرکەوتن بەرز کردەوە؟**

- کە کاك مسعود بارزانی هاتە خانەقین، ئێمە هەموو لەوێ بووین و لە نزیکەوە دەستخۆشی لێ کردووین، لە رێی ئێمەوە سوپاسی پێشمەرگە بە پێشمەرگەی ناو سەنگەرەکانی کردووە، رێنمایی هەموو فەرماندەکانی کردووە کە لەوێ بوون، هەموو ئەفسەرەکانیشمان بانگ کردوون و تەوجیهاتی باشی کردووین و ئەمە بەرز دەنرخێندرێت، هاندەر بووە بۆ ئەوەی فەرماندەکان لەگەڵ پێشمەرگە لە یەك سەنگەردا بن، پێویستە هەموو فەرماندەی لیواکانمان لە ریزی پێشەوە سەرکردایەتی هێزەکانیان بکەن، ئەمە کاریگەری خۆی هەیە، ئەو شوێنانەش کە هێشتا ماون ئازاد بکرێنەوە، بە هیممەتی بەڕێزیان و بە هیممەتی فەرماندەکانی بەرەکانی جەنگ ئازا دەکرێن.

*** بە سەدان پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، کەچی حەشدی شەعبی خەریکە هەڕەشە لە هەندێ ناوچە بکات، ئایا تا چەند ئەمە مەترسیی بۆ ئایندە، بەتایبەتی بۆ کەرکوك کە بەردەما باس لەوە دەکەن هەر کاتێ بیانەوێت دێنە کەرکوك؟**

- ماوەی دوازدە رۆژێکە ئەم قسانە لەسەر زاری هەموانە و خۆشمان هەست بەوە دەکەین، هەندێ شوێن نەبێت کە بە هاوکاری حەشدی شەعبی رزگارکراون، کە هادی عامری و قاسم سلێمانی سەرپەرشتییان کردووە، هەموو ئەو شوێنانەی رزگارمان کردوون بە کەرکووکیشەوە بە خوێنی پێشمەرگە رزگارکراون،

**هەندێ شوێن نەبێت کە بە هاوکاری حەشدی شەعبی رزگارکراون، کە هادی عامری و قاسم سلێمانی سەرپەرشتییان کردووە، هەموو ئەو شوێنانەی رزگارمان کردوون بە کەرکووکیشەوە بە خوێنی پێشمەرگە رزگارکراون**

**با ئەو راستییە بخەینە ژوور سەرمانەوە عێراق بەو مەفهوومی دۆستایەتی، دۆستی کورد نییە و چاوی بەرایی نایەت هێزمان هەبێت، سەبارەت بە جودابوونەوەش پێویستە سەرکردایەتی کورد بەرنامەیەکی باشیان بە هەموو لایەکەوە هەبێت، هەوڵ بدەین ئەو پشتیوانییە بێتە مەیدانی کردارەکی و لەلایەن دۆستانمانەوە هەر بە قسە نەبێت**

**پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بەرەو باشی دەچێت و لەگەڵ ئێرانیشدا باشە و بە چەك و هێزەوە پشتیوانیشی لێکردووین**

**ئێستا هەندێ دەوڵەت هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە کورد ئازادە تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆی دابمەزرێنێت، بەڵام ئەمە دانپیانانی نێودەوڵەتی نییە، چونکە دانپیانان ئەوەیە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان فەرمی بە دان بە بوونی دەوڵەتدا بنرێت**

**هەڵتۆقینی داعش کتوپڕانە بوو، بادانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش لە ناکاو بوو، بەڵام پێشمەرگە دیوارێکی مەحکەمی بەڕووی ئەو هێزە غەریبانەی بە ناو داعش هاتبوون دروست کرد**

**پێداویستییەکانی سوپایەکی دەوڵەتی بە دەست داعشەوەیە و ئەوەش تەرازووی هێزی لە بەرژەوەندی ئەواندا قورس کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە چەکی دەستی پێشمەرگە تەنیا چەکی سووک بوون، بە هۆی ئەوەی دۆزەکەی ئێمە دادپەروەرانە بووەو نەچووینەتە سەر خاکی خەڵک سەرکەوتنی باشمان هەبووە**

حەشـــدیش شـــەش ڕێکخراون، ســـەلام و جەماعەتی موقتـــەداو بەدر و ئیمام عەلی و تـــاد، لەو ناوچانەدا هاوکاری یەکترمان کردووە لـــەو ناوچانەی لە خواروو گەرمیانەوەیە و سەرکەوتنیشـــی تێدا وەدیهاتووە، تاکو ئێستا لە کەرکووك ئێمە پێویستمان بە حەشدی شەعبی نەبووە، نامانەوێ بێن و تووشـــی کێشە بین لەگەڵیان، عێراق ئەو هەمـــوو چەك و تەقەمەنییەی خســـتۆتە بەردەســـتی حەشد، بەڵام تاقە فیشـــەکێکی بە هێزی پێشـــمەرگە نەداوە، ئەگەر ئەوان دەیانەوێ هاوکارمان بن فەرموو با لە پشـــتەوە بچن بـــۆ ریاز و حەویجە و دەشتی تکریت، بۆ رزگارکردنی ئەو شوێنانەی خۆیان، ئێمەش ئامادەی هەمـــوو هاوکارییەکین، بەڵام بێن بۆ ئەو شوێنانەی بە خوێنی پێشمەرگە ئازاد کراون و تێیدا ببنە مووی لووت و بەڵا و دەڕۆینەوە و نارۆینەوە، ئەوا کێشەمان تووش دەبێت، ئەمە بڕیاری سیاسی کوردە بە یەکێتی و پارتی و سەرۆکی هەرێمیشەوە، تەنیا قسەی جووڵاندنی دوو لیوای حەشـــدو دوو هێزی پێشمەرگە نییە، پێش ئەوەی بێن، پێویستە قسەی تیا بکەین، کە شوێنی ئەوان کوێیە و هی ئێمە کوێیە، بەڵام پێمان خۆش نییە بێنە کەرکووك، چونکە کەرکووك کوردســـتانەوە بە خوێنی پێشـــمەرگە پارێزراوە، ئەمە پیشاندانی هێزی خۆمـــان نییە لە بەرانبەر هێزێك کـــە دوو دەوڵەتی لە پشتە، حکومەتی عێراقیش وا نەزانێت ئێمە چاومان لە خاکی کەسە، خۆ ئەگەر ئێمە لە یەك مەتری عەرەبیدا بین، با دەرمانبکـــەن، بەڵام ئەمە وڵاتی خۆمانە و بە مێژوو لـــە موراڤەعەکەی کە لـــە ئەنجومەنی حوکم کرا، پاش رووخانی ســـەدام، مام جەلال نەخشـــەکەی زەمانی عوســـمانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا و بۆ هەمووانی روونکردەوە کـــە کەرکووك لە مێژوودا چۆن بووە و کوردستانییە و هەموو بە چاوانی خۆیان بینیان نابـــێ کەس چاوی خۆی بگرێت، بەڵام ئەگەر بێن بۆ تەعەدا، ئەوا ئێمە لە سەدام حوسێنمان قبووڵ نەکردووە و لە کەسیشـــی قبووڵ ناکەین، ئامادەشین لە پێناوی کەرکووك و شـــوێنە کوردســـتانییەکان بەردەوام بین لە خەبات.

*** تا چەند گرنگە نەفەســـی حزبایەتی وەلابنێین و بە یەکڕیزی بۆ داهاتووی کوردستان هەوڵ بدەین؟**

- ســـەرکەوتنی شۆڕشی هەموو میللەتان بە یەکڕیزی بووە، لە چلەی شـــەهیدەکانماندا هەمیشە وتوومە ئەم شـــەڕە شەڕی یەك حزب و دوو حزب نییە، هی هەموو میللەتی کوردە، هاوشـــێوەی ئەو پەرلەمانەش کە هی هەموو میللەتی کوردە، هی هەموو خەڵکە، بۆیە دەبێت هەمووان بۆ پشـــتیوانی لە خاکی کوردستان یەکدەنگ بن، ئەگەر ئێمە لەوێوە پچڕ پچڕ بین، ئەوا لە بەرەکانی جەنگەوە دوژمن خراپ زەفەرمان پێ دەبات، تەنانەت باشترە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەش فەرق و جیاوازی نەکەین، ئەگەر چوار فیشـــەك و چـــوار تفەنگمان بۆ بێت، لە کوێ پێویســـت بێت، بە یەکســـانی دابەشی بکەین، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، چاوێکیان لە کەســـوکاری شـــەهیدان بێت، پێشمەرگە کە شەهید دەبێت خانەوادە و خێزانەکەی موحتاج نەبێت، وا بکرێت خانوو بۆ کەسوکاریان بکرێت، کەسێك گیانی بۆ هەموو کوردســـتان بەخت دەکات نابێ لە کوردســـتان خێزان و منداڵەکەی بێ خانوو بن، وەزراەتی پێشمەرگە ئەرکی یەکڕیزی و سەرکردایەتی پێشمەرگەو باشکردنی ژیانی کەســـوکاری پێشـــمەرگە بخاتە بەرنامەکانی خۆیەوە. حزبـــەکان کە لە پەرلەمانن و ئەوانەشـــی لە مەیدانی کوردســـتاندان، پێویستە پشت و پەنای ئەو پێشمەرگانە بن کـــە هەموومان دەپارێزن لە فەوتـــان و لەناوچوون، تەنانەت پشـــت و پەنای حکومەتیش بن کە حکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵکی خۆیانە، ئەم قەیرانەش کە تووشی بووین، رووی لە هەموومانە، ئەم مووچە و بودجەیە لە زەمانی مالیکییەوە لە کوردســـتان بڕدراوە، تا ئێستاش یەکلا نەبۆتەوە، چونکە هەر یەك قوتابخانەن، لە بەغدا رۆژانـــە بەڵێن هەڵدەڕێژن و هیچیان دیار نییە، (دێت و نایەت)، ئەمە دەرمانی برینی ئێمە ناکات، پێویســـتە پێشمەرگە بێ مووچە نەکرێت، وەك چۆن لەم رۆژانەدا شەست ملیۆن دۆلار بە حەشدی شەعبی دەدەن، دەبێت بە پێشمەرگەشی بدەن، خۆ پێشمەرگە نەبوایە بەغداش کەوتبوو. لە زەمانی عەبدولکەریم قاســـم تا ئێستا هەر کوردستان وێران کراوە، هەوڵمان دا دوای رووخانی سەدام ئارامی و پشوویەك بە خەڵکی کوردستان بدەین، کەچی ئەم دومەڵەی داعشیان بۆ دروست کردینەوە.

*** کەواتە ســـەرۆك وەزیرانی ئێســـتای عێراق هەمان سیاســـەتی مالیکـــی جێبەجێ دەکات، کە شـــیعە و بەتایبـــەت حزبی دەعوە پێڕەوی دەکـــەن و بەرنامەیان بۆ داناوە، ئایندەی عێراق بەم شـــێوە ئیدارەکردنە چۆن دەبینی؟**

- ناڵێم ســـەد لە ســـەد عەبادی وەك مالیکییە، بەڵام دیـــارە کە هاتە ســـەر حوکـــم هەمووممان پشـــتیوانی بوویـــن، پەرلەمانتـــاران و خەڵکی خۆمـــان ناردە ناو حکومەتەکەیەوە بۆ سەرخســـتنی، ئەمـــە لە پێناوی ئـــەوەی ئـــەو کێشـــانەی مالیکی دروســـتی کرد بە دەســـت خســـتنە ســـەر بینەقاقای خەڵکی کوردستان عەبـــادی چاکی بکاتەوە، بەڵام هێشـــتا زۆری ماوە، ئەو هەموو بەڵێنـــە دەدا، بەڵام بەڵێن ناچێتە گیرفانی



سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ میحوەری گەرمەسێر

خەڵك، خەڵكی ئێمەیان برسی كردووە، پێشمەرگەیان بێ مووچە كردووە، فەرمانگەكان خۆپیشاندان دەكەن بۆ وەرگرتنی مووچە، ئەگەر عەبادیش وەك مالیكی نییە، پێویستە چاوی لە خەڵكی هەموو عێراق بێت، لە بەسرەوە تا زاخۆ، تا ئێستا هەنگاوی باشمان لێی نەبینیوە، ئەمیش بە سیاسەتەوە دەڵێت: قەیرانی پارەیە و بانكەكان بێ پارەن، ئەی بۆ مووچەی حەویجە هەیە كە هەمووی چەكیان بۆ تیرۆریستان لە شاندایە، بۆ هی ئەو شوێنانەی ژێردەسەڵاتی داعش دەدات، تەمەننا دەكەین ئەمیش وەك مالیكی خەڵكی كوردستان نانبڕاو نەكات، بەردەوامبوونی دۆخ بەم شێوەیە ناچێتەسەر، هەر ڕێككەوتنێك كراوە، پێویستە لای خۆشمانەوە لای ئەوانیشەوە جێبەجێ بكرێت، چونكە ئەگەر ئەم دۆخە وا بڕوات عەبادی نە حكومەتی بۆ بەڕێوەدەچێت، نە ئێمەش لێی رازی دەبین.


*** ئەو شەڕەی داعش كە سەپێندرا بەسەرماندا، كۆمەڵێك كەموكورتی لە ناو هێزی پێشمەرگە دەركەوتن، وەك ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی و فەرماندەیەكی پێشمەرگە پێتوایە چۆن چارەسەر دەكرێن؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دوا فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ فەلەك دەیان كۆبوونەوەمان كردووە بۆ یەكخستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، چەند كۆبوونەوەیەكیان بەسەرپەرشتی خودی بەڕێز سەرۆكی هەرێم بووە بە بەشداری فەرماندە باڵاكانی هەردوولا، لەگەڵ كاك شێروان و زەعیم عەلی و محەمەد قازی و عەبدولڕەحمان كەورینی و هەموو فەرماندەكانی دی دانیشتووین لەگەڵ ئەوانەی خۆشمان هەر لە كاك جەعفەر و كاك مەحموود و بەندە و كاك جەبار یاوەر و كاك كۆسرەت بە ئامانجی ئەوەی بتوانین وەزعی پێشمەرگە چاك بكەین، تا ئێستا دوازدە لیوامان كردۆتە یەك لەگەڵ دوو لیوای پشتیوانی، قەیرانێك هاتە پێشەوە بە هۆی پەلامارەكانی داعش ئێستا بیر لەوە دەكەینەوە چۆن چارەسەری ئەم دۆخە تازەیە بكەین، چونكە وەك پێویست موستەلزەماتی خۆی نییە، هەموومان لەگەڵ یەكگرتنەوەیان بە بەرنامەی باشەوە، بەڵام ئەم یەكگرتنەوەیە لە خۆیەوە بە بێ توانا و پارە دروست نابێت، بودجەی پێویستە، بە پینە و پەڕۆ یەكمانگرتۆتەوە، بەڵام تا پێویستییەكانی یەكگرتنەوە ئامادە نەكرێت، یەكنا گرێتەوە، ئەمە سەربازگە و كەلوپەل و چەك و جلوبەرگ و ئۆتۆمبێل و پارەو شتی تری دەوێت، ئەم چواردە لیوایە بكەینە سی لیوا، بەڵام بە بێ دابینكردنی بودجە و پێویستییەكان ناتوانین بڵێین ئەم هەزاران هەزار پێشمەرگەیە لە سوپایەكی نیشتمانی تۆكمە بە زانستی یەكدە گرێتەوە.

**هەموو ئەو شوێنانەی كە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ هەموو حكومەتە یەک لە دوا یەكەكانی رابردوو كێشەمان بووە لە سەریان، ئێستا توانیومانە ٩٠٪ی بە دەستی خۆمانەوە بێت و ئەوەشی كە ماوە بە هیممەتی خەڵک و پێشمەرگە و سەركردایەتی سیاسی كورد بە شەڕ، یان بە ئاشتی رزگاری دەكەین**

# سیاسەتی ئابووریی کوردستان لە پەراوێزی حکومەتە شکستخواردووەکەی بەغدا





د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**سیاسەتی ئابووریی حکومەتی کوردستان بەتایبەت لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە تا ڕادەیەکی زۆر وابەستە بووە بە پێکەوە گرێدان بە سیاسەتە ئابوورییەکانی بەغداوە. لە هەمان کاتدا، مانەوە لە پەراوێزی بودجەی بەغدا و پشتبەستن بە داهاتی نەوتەوە بە ڕادەیەکی زۆر نەخشی نەرێنییان هەبووە لە ڕوودان و قووڵبونەوەی قەیرانی ئێستای کوردستان. لە چواردە ساڵی پێشوودا جگە لە سیاسەتی سەربەخۆی کەرتی نەوت و گاز، حکومەتی کوردستان نەیتوانیوە لە سیاسەتە شکستخواردووەکانی حکومەتی ناوەند خۆی رزگار بکات. بێگومان ئاساییە بۆ هەرێمێکی وەک کوردستان کە لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە کە بەشێکە لە وڵاتی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر گرێدرابێت بە ڕەوشی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتەوە، بەڵام تایبەتمەندی کوردستان بەتایبەت لە ڕووی نەبوونی متمانە بە حکومەتی ناوەندە و بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان شایستەی داڕشتنی سیاسەتێکی ئابووری باشتر بوو لە پێش ڕوودانی قەیرانی دارایی و ئابووریی هەنوکەیی کوردستان. مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە خستنە بەرچاوی هەندێ چەمکی سیاسەتی ئابووریی کوردستانە کە دەبوایە لە چواردە ساڵی پێشوودا ڕەچاو بکرایە و ئێستاش لە هەموو کات پێویستترە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.**

**● سیاسەتە شکستخواردووەکان**

تاکە کەرتێکی ئابووری کە هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا مەبەستی بوو زیانی پێنەگات لە کاتی لابردنی ڕژێمی بەعسی پێشوودا کەرتی نەوت بوو کە وەك خۆی و بێ زیانێکی ئەوتۆ پارێزرا. ئەمەش بووە مایەی هەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی ئاسان و تا ڕادەیەکی زۆر لەبار بۆ دروستکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی نوێی عێراق. هەرچەندە ئەمریکا حکومەتە نوێیەکەی عێراقی بە دیموکراسی ناوزەد دەکرد، لە هیچ ڕوویەکەوە چاوەڕوان نەدەکرا حکومەتێکی مۆدێرن لە ڕووی دیموکراسی و سیستەمی ئابوورییەوە لە عێراقدا

دروست ببێت. هۆکاری سەرەکیی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی تایفەگەری و نەتەوەپەرستی ڕژێمەکانی عێراق کە ئێرە جێگەی شیکردنەوەیان نییە. ئەوەی شایانی لێکۆڵینەوەیە لێرەدا ئەوەیە کە لە عێراق توخمی حکومەتێکی پشتبەستوو بە داهاتی نەوت و تایفەگەری و گەندڵ هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە بە هوشیاری و ناهوشیاری داڕێژرا. ئەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕژێمی پێشووتر زۆر کارا و دەستپاك بووبێت، بەڵام ڕووخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری لە چەشنی ڕژێمی بەعس کە بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ پاکتاوی بزووتنەوەی دیموکراسی و پێشکەوتووخوازی دەکرد، ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنەکایەی سیستەمێکی بێ شیرازەیی یاسایی و بێ بیرۆکراسی مۆدێرن.

حوکمڕانانی نوێی عێراق بە گیانی تۆڵەسەندنەوە بەربوونە تاڵان و بڕۆکردنی سامانی گشتی و بە هیچ کلۆجێك بیریان لە دروستکردنی حکومەت و ئابووری مۆدێرن نەکردەوە. درێژەکێشانی ئەم شێوە حوکمڕانییە بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی کرد بە کەلتووری سیاسی و دەزگاکانی حکومەت نەخشی خزمەتگوزاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بە هیچ جۆرێك لەخۆ نەگرت. لە ڕووی ئابوورییەوە، ڕژێمی نوێی عێراق بوو بە یەکێك لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان (ڕیزبەندی ١٧٠هەمین وڵات لە کۆی ١٧٥ لە ساڵی ٢٠١٤ دا بەپێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی ترانسپێرەنسی جیهانی). بۆیە هەموو دەزگا و پرۆژەکانی حکومەت لە بازاڕی ئاشکرادا بە ڕەش دەفرۆشرا. قۆناغی نوێی عێراق ڕەنگدانەوەی نەرێنی بۆ ئابووری و شێوەی حوکمڕانی کوردستان هێنایە کایەوە، ئەڵبەت بێ پلانی و نەشارەزایی حوکمڕانانی هەرێمی کوردستان نەخشی خۆی هەبوو لە کەوتنە پەراوێزی سیستەمە گەندەڵە نوێیەکەی عێراقەوە. بە کورتی ئەو سیاسەتە ئابوورییە چەوتانەی کە تا ئێستا هەرێمی کوردستانی تووشی قەیرانی دارایی و ئابووری کردووە، لەمانەی خوارەوە بەدی دەکرێن:

● **یەکەم: سیاسەتی خەرج و داهاتی حکومەت (Fiscal Policy).**

سیاسەتی ئابووری خەرج و داهاتی حکومەت (کەرتی گشتی) ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شێوەی بەڕێوەبردنی ئابووری وڵاتەوە هەیە. لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە، حوکمڕان دەتوانێ کار بکاتە سەر ڕێژەی بێکاری، ڕێژەی هەڵئاوسان، چەرخی کارگێڕی (Business Cycle)، و ڕێژەی سوود. بە واتایەکی ڕوونتر، دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە ڕەوتی ئابووری وڵات بەڕێوە ببرێت. قوتابخانەی ئابووری کێنزیەنیزم (Keynesian School of Economics) پێیوایە حکومەت دەتوانێت ژیرانە ئابووری کەرتی گشتی لە بەرژەوەندیی ئابووری وڵاتدا بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، لە کاتی قەیرانی ئابووریدا، حکومەت دەتوانێت برەو بدات بە کەرتی گشتی و خەرجەکانی بەرزبکاتەوە. ئەم سیاسەتە پێی دەگوترێت سیاسەتی هەڵکشانی خەرج و داهاتی حکومەت (Expansionary Fiscal Policy) بە مەش دەتواندرێت ڕێژەی بێکاری کەم بکرێتەوە و خواست بۆ شمەك لە بازاڕدا بەرزببێتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بەرزە خواستە، پێویستە بازاڕی ئازاد ڕێژەی بەرهەمهێنانی بەرزبکاتەوە. ئەم کاردانەوەی بازاڕە لە لایەکی دیکەوە خواست بۆ هێزی کار بەرزدەکاتەوە، بەمەش ڕێژەی بێکاری دادەبەزێت. گەر ئەم سیاسەتە بەردەوامی هەبێت، وڵات لە قەیرانی ئابووری ڕزگاری دەبێت. ئەو قوتابخەنە ئابوورییە، پێیوایە حکومەت پێویست دەکات ژیرانە ئەم سیاسەتە بە کاربهێنێت و هەوڵدات بە پێی خواست و ئارەزووی سیاسەتمەداران ئەم سیاسەتە وەك چەکی هەڵبژاردن بەکار نەهێنێت. بە واتایەکی دیکە، گەر ئابووری پێویستی پێی نەبوو، دەبێت حکومەت خەرجەکانی خۆی کەم بکاتەوە. زۆر لە نەیارانی ئەم سیاسەتە وا دەزانن کە ئەم سیاسەتە لە سەر حیسابی کەرتی تایبەتە، چونکە گەر خەرجی حکومەت بەرز ببێتەوە، دەبێت حکومەت بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرچاوەی دارایی بۆ پەیدا بکات. واتە دەبێت پارەی پێویست بۆ ئەو بەرزبوونەوەی خەرجە دابین بکات. ئەمەش لە دوو ڕێگەوە دەبێت؛ یا دەبێت باج لە سەر داهات بەرزبکاتەوە، یا دەبێت قەرز بکات. یەکەم دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجی خەڵکی و بەو پێیەش بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و دووەم دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوود کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان و بەو پێیەش بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری. واتە قازانج و زیانی سیاسەتەکە بەرامبەر دەبن. سەرەڕای ئەو ڕەخنانە، ئەم سیاسەتە ئابوورییە لە ساڵەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا سەرکەوتووانە پەیڕەوی کرا. بەو هۆیەشەوە ڕێژەی بێکاری هەتا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هەموو وڵاتە ئەوروپییەکاندا زۆر نزم بوو و کەرتی گشتی کۆنترۆڵی زۆربەی چەمکەکانی ئابووری وڵاتیان لە دەستدا بوو.

لە دوای زاڵبوونی قوتابخانەی نیولیبرالیزمی ئەمریکی لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی پێشوودا ئەم سیاسەتە دووچاری پاشەکشێی زۆر بوو. لە ڕووی سیاسیشەوە هەڵبژاردنی مارگریت تاتشەر (Margaret Thatcher) لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٧٩ و ڕۆنەڵد ڕێیگەن (Ronald Reagan) لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨١ بوو بە مایەی زاڵبوونی سیاسەتێکی ڕاستڕەوانە لە ئابووری جیهاندا. سەرەڕای ئەمەو ڕووخانی بەرەی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەدەکاندا، دەستێوەردانی حکومەت لە کاروباری ئابووریدا جارێکی دی لە قەومانی قەیرانی دارایی و ئابووری ٢٠٠٨ دا سەری هەڵدایەوە. وەك هەموو دەزانن، حکومەتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا کارانە دەستیانکردە ئاڕاستەکردنی ئابووری وڵات و ڕاستەوخۆیانە کاروباری بانکی و دارایی

**گەندەڵی و مشەخۆری و لە پڕا دەوڵەمەندبوونی توێژێکی کەم بووەتە مایەی پەراوێزخستنی چینێکی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان کە ئەوان پشت و پەنای دۆزی کوردن، نەک توێژێکی لە پڕا دەوڵەمەند بوو. بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە حکومەت دژایەتی گەندەڵی و دارشتنەوەی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکاتە ئەرکی سەرشانی**

**لەم کاتی تەنگانەیەدا کە حکومەتی عێراق و دراوسێکان دەیانەوێت ئەزموونی کوردستان بخنکێنن، داهاتی نەوت بووەتە مایەی لەسەر پێ ڕاوەستانی گەلی کورد و حکومەتەکەی**

**بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان بەبێ سەربەخۆیی وزەو خۆراک ساویلکانەیە و لە دروشم بەرزکردنەوە زیاتر نابێتە مایەی هیچ هەنگاوێکی کردارانە**

وڵاتیان کۆنترۆڵ کردەوە. ئەڵبەتە ئەم شێوە دەستێوەردانە جیاوازە لە دەستێوەردانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە هەموو چەمکەکانی ئابووری وڵات لە ژێر ڕکێفی حکومەتدا بوون، تەنانەت هەموو پیشەسازییە گەورەکانیش. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کە زۆر سیاسەتمەدار و تازەهەڵچووی بەناو ئابووریناس بە ناوی بازاڕی ئازادەوە دەیانەوێت هەرێمی کوردستان پابەند بکەن بە جۆرە سیاسەتێکەوە کە وڵاتانی گەشەکردووی وەك ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان ئێستا پەیڕەوی ناکەن.

بە پێچەوانەی وڵاتە گەشەکردووەکانەوە، لە کوردستاندا، سیاسەتی بەکارهێنانی خەرجی حکومەت، بۆ هەمان مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و بووژاندنەوەی ئابووری وڵات بەکارنەهێنراوە. بەڵکو ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی سیاسەتی بەرتەسکی حیزبایەتی و بە زیانی درێژخایەنی ئابووری و پاشەڕۆژی سیاسی کوردستان بەکارهێنراوە. هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) لە ڕکەبەرایەتی یەکتردا و بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوری حیزبەکەی خۆیان، هەر لە سەرەتاوە کەوتنە دابەشکردنی سامانی گشتی و دامەزراندنی زۆرترین ژمارەی خەڵك لە دەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لێرەدا، دوو پاساوی سیاسی ئەم سیاسەتە چەوتە دەخرێنە بەرچاو. یەکەم، میللەتی ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر ڕەنج و زەحمەت و نەهامەتی بینیوە و شایانی ئەوەیە کە دابمەزرێندرێت و مووچەی پێبدرێت و نان لە سەر خوانی هەبێت. بەمەش ئێمە ئەمەکداریی خۆمان بۆ تێکۆشان و قوربانییەکانی گەلەکەمان پیشان دەدەین. پاساوی دووەم بۆ درێژەپێدان بەم سیاسەتە هەوڵێك بووە بۆ ڕێگرتن لە نوێبوونەوەی سیاسەت و دەرکەوتنی هێزی نوێ لە ژینگەیەکی دیموکراتی ساغڵەمدا.

دەرئەنجامی یەکەمی ئەم سیاسەتە بە مووچەخۆرکردنی زۆربەی زۆری هێزی کاری کوردستان. بەپێی تازەترین ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کوردستان لە کۆی پێنج ملیۆن کەس (٧٠٠،٠٠٠) حەوت سەد هەزار مووچەخۆر لە کوردستاندا هەن. وەك کوردەواری دەڵێن پەتەکەش لەو کاتەدا بچڕا کە حکومەتەکەی بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی. زۆربەی خەڵکی کوردستان کە دەست و پا سپی کرابوون و لە دەزگاکانی حکومەتدا بەبێ کار حەشاردرابوون ئێستا بێ مووچەن و کەوتوونەتە گلەیی و گازندە لەو حکومەتەی کە خۆی کردووە بە قوربانی ئەوان.

دەرئەنجامی دووەمی ئەم سیاسەتە هەڵکشانی ڕێژەی هەڵئاوسان لە هەموو بوارەکانی ئابووریدا بە جۆرێك کە زۆر نرخی شمەك لە ئاستی نرخە ئەوروپاییەکاندایە. لە هەندێ گەڕەکی شارەکانی کوردستاندا، نرخی ماڵ لە نرخی زۆر شارەکانی ئەوروپا بەرزترە. شانبەشانی بە مشەخۆرکردنی خەڵکێکی زۆری کوردستان، ئابووری کوردستانیش کرا بە مشەخۆری ئابووری وڵاتانی دراوسێ. بە ڕادەیەك ئێستا بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك درێژە پێدانی بازاڕەکانی ئێران و تورکیان.

ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان سیاسەتی دەست بۆ دەم بووە. بە واتایەکی دیکە، ئەو بەشە بودجەیە لە حکومەتی ناوەندەوە وەرگیراوە هەمووی خەرجکراوە و هەوڵی سەرەکییش لە سیاسەتەکە دابەشکردنی داهات و بە موچەخۆرکردنی زۆربەی خەڵکی کوردستان بووە.ئەمەش بە تەواوی لەو هەڵوێستە دەچێت کە بە مەبەستی چاکەکردن پارە بە سواڵکەر بدرێت. لە ڕووی مرۆیی و ئەخلاقییەوە، پارە بە سواڵکەردان هاوخەمی و گیانی کۆمەك و مرۆڤدۆستانە دەنوێنێ. لە ڕووی ئابوورییەوە، سواڵکەر زیاتر بە سواڵکەر دەکات و ڕێگەی چارەسەری بنەڕەتی لێدەگیرێت. هەر بۆیە هێزی کاری ئێستای کوردستان زیاتر لە هەموو کات مشەخۆرترە و هەتا ئەم سیاسەتەش درێژە بخایەنێت، هێندەی تر خەڵکی هزری کارکردن و داهێنانیان لێ دەسێندرێتەوە. ئەم سیاسەتە لە پەراوێزی سیاسەتە شکستخواردووەکانی حکومەتی بەغدا لای هەمووان وای پێدەچوو کە کار بکات، بەڵام لە دروستبوونی ئاستەنگییەکی کەمدا کەلێن و چەوتییەکانی بە ئاسانی وەدەرکەوتن.

لە بری ئەم سیاسەتە زیانبەخشە، حکومەتی کوردستان دەبوایە دوو پێوەری لە سیاسەتی ئابووری خۆیدا ڕەچاو بکردایە:

پێوەری یەکەم، خەرجکردن لە پێناوی کاری درێژخایەن دروستکردن. بەداخەوە، زۆربەی کارەکانی دەرەوەی کەرتی گشتی کورتخایەنن و متمانەیان پێ ناکرێت. بۆ نموونە بوژاندنەوەی کەرتی بیناسازی هەلی کاری زۆری دروستکردووە، بەڵام ئەو کارانە لە زۆر ڕووەوە نەخوازراون لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە لە بەر ئەوەی بار و زروفی کارەکان سەختن و پاداشتەکانیان کاتی و کورتخایەنن. هەر بۆیە کاتێك پڕۆژەیەکی تەلارسازی کۆتایی دێت، کارەکانیش دێنە کۆتایی. بۆیە پێویست بوو حکومەت بیر لە پڕۆژەگەلێك بکاتەوە کە کاری هەمیشەیی دروست دەکەن. بۆ نموونە کارگەی پیشەسازی و

**ئەو سیاسەتە سەرکەوتووانەی حکومەتی کوردستان کە جێگەی دەستخۆشیکردنن، سیاسەتی پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازە. سەرەڕای ڕەخنە نابەجێکانی حیزبە نەیارەکانی ئەم سیاسەتە**

**سیاسەتی دارایی لە ژێر ڕکێفی حکومەتی کوردستاندا نییە، بەڵام دەیتوانی هەنگاوی دەستووری بۆ بنێت. هەر لە چەشنی سکۆتلەندا، دەبوو کاری بۆ وەدەستهێنانی مافی چاپکردنی دراوی خۆی بکردایە و شێلگیرانە پێی دابگرتایە لە سەر ئەو مافە**

**بانکەکانی کوردستان لە بری پشتیوانیکردنی گەشەکردنی ئابووری، تەنها کاری دەستاودەستکردنی پارەیان هەیە. واتە پارە لە کۆمپانیا و حکومەتەوە وەردەگرن و لە لایەکی دیکەوە دەیگەیەننە دەستێکی دیکە. ئاشکراشە، تەنها بەم کردارە دامودەزگایەک نابێتە بانکێکی مۆدێرن**



**پشتبەستن بە داهاتی نەوت وەک هەموو حکومەتەکانی وڵاتانی نەوتی دیکە، حکومەتی کوردستانی سستکردووە لە دۆزینەوە، یان ڕێکخستنی سەرچاوەکانی داهاتی دیکەی وڵات**

کێڵگەی بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵی مۆدێرن. بۆ ئەم مەبەســـتەش دەبوایە حکومەت پێشـــڕەوی داهێنانی پیشەسازی نوێی بکردایە و سەربەخۆیانە وەبەرهێنانی لە داهێنان و دامەزراندنی وردە پیشەسازیەکاندا بکردایە. بۆیە بەپێچەوانەی بیروڕای هەندی سیاســـیەوە دەبوایە کەرتی گشـــتی خۆی ببوایە بە خاوەنی پیشەسازی نوێ، جا لە هەرچی بوارێکدا ببوایە. لە هەمان کاتدا، دەبوایە حکومەت ببوایەتە مامانی پیشەســـازی نوێ بەو واتایـــە یارمەتی و کۆمەکی کەرتی ئازادی بدایە بۆ وەبەرهێنان لەو پیشەسازیانەی کە کاری هەمیشەیی دروســـت دەکەن. لێرەدا دەبوایـــە بیرۆکەی هەڵبژاردنی پیشەسازی ســـەرکەوتوو ( Picking the winner indu-try method)، کە لە وڵاتانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیادا ڕەچاوکرا، پەیڕەوی بکرایە. ئەم سیاسەتەش پێویســـتی بە لێکۆڵینەوەو پلاندانانی وردو ژیرانە هەیە کە بەداخەوە دوو کارامەی زۆر پێویستی گەشەکردنی ئابوورین کە لە حکومەتی کوردستان دەگمەنن.

پێوەری دووەم، دەبوایە کەڵەکەکردنی سەرمایە ( Acc-mulation of Capital) لە هەموو پڕۆژەکانی حکومەتدا لە بەرچاو بگیردرایە. لێرەدا مەبەســـت لەو ســـەرمایە زیندووەیە کە خۆی توانای ســـەرمایە دروســـتکردنی هەیە، نەك سەرمایەی مردوو. لە مەڕ ئەم چەمکەدا، زانستی ئابووری دوو جۆرە چەرخی ئاڵوگۆڕی (Cycle of exchange) لەیـــەك جیا کردووەتەوە. یەکەم چەرخی ئاڵوگۆڕ بەهای نوێ دروســـت ناکات. بۆ نموونە، پارە ← شـــمەکی کۆتایـــی ← پارە،یا بەکاربـــردن. واتە پارە بەکاردەهێنرێت بۆ کڕینی شـــمەکێك کە دروستکراوە و کۆتایی چەرخەکە بە دووبارە فرۆشـــتنی شمەکەکە یا بەکاربردنی کۆتایی دێت. چەرخی دووەم گۆڕینەوەیەکە کە لە ئەنجامدا بەهایەکی بەرزتر لە بەهای پێشـــووی پارەکە بە دەستهێنراوە. واتە، پارە ← کاڵا ← پارەیەکی زیاتر. ئەم پرۆسەیەش لە بارێکدا دێتە دی کە کاڵاکان



توانای دروستکردنی بەهایەکی بەرزتریان هەبێت. بۆ نموونە، پارەکە لە بەکرێگرتنی هێزی کارێکی کارامەدا لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێناندا بەکار ببرێت کە بە هۆی تەکنەلۆجیاوە هێزی کارەکە بەهایەکی زیاتری لە بەها پێشووەکەی بەرهەم هێنا بێت (Surplus Value). بۆ ئەم مەبەستەش دوو پێداویستی پێشمەرج هەن کە حکومەتی کوردستان بە هێچ جۆرێك لە پلانیدا نەبوون. یەکەم: داهێنان یا هاوردەی تەکنەلۆجیایەك کە بۆ بەرهەمهێنانی نوی بەکەڵك دێن. دووەم: کارامەکردنی هێزی کاری کوردستان بەو مەبەستەی بتوانن بە تەکنەلۆجیا نوییەکە بەرهەمی بەکەڵك بۆ وڵات دروست بکەن. پێداویستی یەکەم پێویستی بە پاشەکەوتکردن (کەڵەکەکردنی سامانی جێگیر- Fixed Capital) هەیە کە حکومەتی کوردستان تێیدا سەرکەوتوو نەبووە. پێداویستی دووەم پێویستی بە بەرزکردنەوەی تواناسازی مرۆیی هەیە (کەڵەکەکردنی سامانی مرۆیی Human Capital).

بۆ ئەمەی دوایی، حکومەتی کوردستان هەوڵی داوە، بەڵام چونکە هەوڵەکانی بێ پلان و نەشارەزاییانە بووە، سامانی مرۆیی کوردستان بەو شێوەیە پێش نەکەوتووە کە خۆی سەربەخۆیانە بەرهەمهێن بێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کە حکومەتی کوردستان لە زۆر ڕووەوە نەخشی دابەشکردنی ئەو برە بودجەیەی هەبووە کە لە حکومەتی ناوەندەوە وەریگرتووە. هەندێ وەبەرهێنانی ژێرخانی ئابووری بەتایبەت تەلارسازی و ڕێگە و بان نکۆڵییان لێناکرێت، بەڵام پرۆژەی نیشتەجێکردنەکان بە پێچەوانەی خواستی خەڵکەوە بوونەتە مایەی دەوڵەمەندکردنی توێژێکی زۆر کەم و گرانکردنی نرخی ماڵ کە لە توانای خەڵکی گەنج و ئاسایی دەرچووە. لەلایەکی ترەوە، شێوازی دابەشکردنی بودجەکە و کەڵك وەرگرتن لە کەرتی گشتی بە شێوەیەکی نایاسایی و نابەجێ بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمپانیایەکی زۆری ڕواڵەتی

**هەندێ وەبەرهێنانی ژێرخانی ئابووری بەتایبەت تەلارسازی و ڕێگە و بان نکۆڵییان لێناکرێت، بەڵام پرۆژەی نیشتەجێکردنەکان بە پێچەوانەی خواستی خەڵکەوە بوونەتە مایەی دەوڵەمەندکردنی توێژێکی زۆر کەم و گرانکردنی نرخی ماڵ کە لە توانای خەڵکی گەنج و ئاسایی دەرچووە**

(Front Firms) که ســامانەکانیان شــاراوەن و کەرتی گشتی سوودی ڕاســتەوخۆیان لێ نابینێت و تەنها بۆ دەوڵەمەندکردنی تاکەکەس و حیزبە سیاسییەکان بە کار دەهێنرێن.

لە ڕووی داهاتەوە، پشتبەســتن بە داهاتی نەوت وەك هەموو حکومەتەکانی وڵاتانی نەوتی دیکە، حکومەتی کوردستانی ســتکردووە لە دۆزینەوە، یان ڕێکخستنی ســەرچاوەکانی داهاتــی دیکــەی وڵات. هەرچەندە لێخۆشبوونی باجی داهات لە کۆمپانیاکان لە سەرەتای قۆناغی گەشەکردنی ئابووریدا هانی وەبەرهێنان دەدات و پرۆســەی کەڵەکەکردنی سەرمایە خێرا دەکات، بەڵام نەبوونی باجی داهات وەك سەرچاوەیەکی ئابووری دەبێتە هۆی وابەستەبوون بە کەرتی نەوت و لاوازکردنی پرۆسەی دیموکراســی. لە هەمان کاتدا، نەبوونی سیاســەتێکی باجــی داهاتی ئەوتــۆ دەبێتە مایەی ســەرهەڵدان و پەیدابوونــی دەوڵەمەندێکی مافیا ئاســایی لە وڵاتدا. هەرچەنــدە لە وتارێکی وادا بواری خســتنەڕووی ئەم بابەتە بە شــێوەیەکی پوخت نییە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوە بگوترێت کە حوکمڕانی مۆدێرن تەنها خەرجکردنی پارە نییە، بەڵکو لە کرۆکدا باج و دیموکراســی لە یەك جودا ناکرێنەوە. ئەم کێشەیە پێویستی بە پێداچوونەوە و شیکردنی بابەتیانەی خۆی هەیە.

بە کورتی، مەبەســتی سیاســەتی خەرج و داهاتی حکومەتی کوردســتان بۆ کارکردنە ســەر دارشــتنی ئابووریەکی پێشــکەوتوو یا ڕێگەگرتن و ئاسانکردنی قەیرانی ئابووری نەبووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. بۆیە لە کاتی قەیراندا حکومەت دەستەوەستان ڕاوەستاوەو بووەتە جێگەی ڕەخنەی ڕاســت و چەپ لە وڵاتدا. هەرچەندە لە بواری وەبەرهێنانەوە بە ڕواڵەت هەندی گەشەکردنی بەرچاوی بەدەست هێنراون، بەڵام زۆر کەمترن لەو توانا ڕەخساویەی بەکاربراون.

● **دووەم: سیاسەتی دارایی (Monetary Policy)**

سیاســەتی دارایی گەر بە ژیرانە لە تەك سیاسەتی خــەرج و داهاتی حکومەتدا بــەکار بهێنرێت دەتوانرێت ئابووری وڵات هێندەی پەیوەندی بە هۆکارە ناوەکیەکانەوە هەبێت لــە قەیران بەدوور بگیرێت. سیاســەتی دارایی بە شــێوەیەکی گشتی سیاســەتی دراوو بانکی وڵات دەگرێتەوە. لە زۆربەی وڵاتە بچووکەکاندا، سیاســەتی دراو لــە ڕێــژەی خســتنەڕووی بڕی پــارەدا خۆی دەبینێتــەوە. واتە، ڕێژەی چاپکردنی دراو و خســتنە بــازارەوە. لە وڵاتانی گەشــەکردوودا کــە بە ڕووی بازاڕی جیهاندا ئاوالآن، ڕێژەی سوود (Interest Rate) وەك کەرەسەی سیاســەتی دارایی بەکار دەهێنرێت. بۆ

نموونــە: گەر وڵات ئارەزووی ئەوەی هەبێت کە ڕێژەی شلەی بازاڕ (liquidity) بەرزبکاتەوە، ڕێژەی سوود بەرز دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی پارەیەکی بیانی زۆر و بەم شێوەیەش خستنەڕووی پارە (Monetary Supply) بەرزدەبێتەوە. ئەو سیاســەتە داراییە بەکەڵکی وڵاتانی گەشــەکەری بچووك نایەت، چونکە پێویستی بــە دوو پێش مەرج هەیە کە تیایانــدا نییە. یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت بازاڕی جووڵانی ســەرمایە ئازاد بێت (Free Capital mobility) بۆ ئەوەی گەر ڕێژەی سوود بەرزببێتەوە، سەرمایەی بیانی بتوانێت بێتە ناوەوەی وڵات و وەبەرهێنان بکات. دووەمیان دەبێت سەرمایەی دراوی (Financial Assets) هاوتای ســەرمایە ناوخۆییەکان بن لە ڕووی مەترســییەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی کاتێك بوار بڕەخســێت، وەبەرهێنەرانی بیانی بە ئاسانی و بێ ترس لــە بازاڕی وڵاتدا وەبەرهێنان بکــەن. هەردوو مەرج بە دەگمەن لە وڵاتی گەشەکەردا بوونیان هەیە.

لێرەدا کەمدەســتیی حکومەتی کوردســتان زۆر بە ئاســانی وەدەردەکەوێت. یەکەم، چاپ و خســتنەڕووی دراو (Money Supply) لە دەستی حکومەتی بەغدادایەو حکومەتی کوردستان هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەردا نییە. دووەم، لەبەر ترس لە ڕەهەندە ئیسلامییەکان، حکومەتی کوردستان بەکارهێنانی ڕێژەی سوودی وەك کەرەسەیەکی سیاسەتی دارایی لێ قەدەغەکراوە و بوێری سیاسی و ئابووری نییە ئەم کەرەسەیە بەکار بهێنێت. دەرئەنجامی ســەرەکی ئەم نابوێرییە لە کارخستنی کەرتی بانکی و دارایی کوردستانە. هەر بۆیە لە سایەی ئەم سیاسەتەدا، بانکەکانــی کوردســتان لــە بــری پشــتیوانیکردنی گەشــەکردنی ئابووری، تەنها کاری دەستاوەدستکردنی پارەیــان هەیە. واتــە پارە لە کۆمپانیــا و حکومەتەوە وەردەگــرن و لە لایەکی دیکەوە دیگەیەننە دەســتێکی دیکە. ئاشکراشە، تەنها بەم کردارە دامودەزگایەك نابێتە بانکێکی مۆدێرن.

لــە هەلومەرجێکی ئاوادا و لە پەراوێزی حکومەتی عێراقدا، ئایا حکومەتی کوردستان دەیتوانی ئەندامێکی ئیفلیجــی ئەو حوکمڕانــە شکســتخواردووە نەبوایە و سیاســەتێکی دارایــی ســەربەخۆی هەبوایە؟ گەر بە وردی بڕوانینە ئەو سیاســەتە داراییانە لە ســەرەوە باســکران، تێدەگەیــن کە لایەنی یەکەمی سیاســەتی دارایی لــە ژێر ڕکێفی حکومەتی کوردســتاندا نییە، بــەڵام دەیتوانی هەنگاوی دەســتووری بۆ بنێت. هەر لە چەشنی ســکۆتلەندا، دەبوو کاری بۆ وەدەستهێنانی مافی چاپکردنی دراوی خۆی بکردایە و شــێلگیرانە پێی دابگرتایە لە ســەر ئــەو مافە. ئەمەش هەرچەندە

**بووژاندنەوەی کەرتی بیناسازی هەلی کاری زۆری دروستکردووە، بەڵام ئەو کارانە لە زۆر ڕووەوە نەخوازراون لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە لە بەر ئەوەی بار و زروفی کارەکان سەختن و پاداشتەکانیان کاتی و کورتخایەنن. هەر بۆیە کاتێک پرۆژەیەکی تەلارسازی کۆتایی دێت، کارەکانیش دێنە کۆتایی. بۆیە پێویست بوو حکومەت بیر لە پرۆژەگەلیک بکاتەوە کە کاری هەمیشەیی دروست دەکەن**

**بەپێی تازەترین ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کوردستان لە کۆی پێنج ملیۆن کەس (٧٠٠،٠٠٠) حەوت سەد هەزار مووچەخۆر لە کوردستاندا هەن**

بە کردارێك و سیاسەتێکی ڕادیکاڵانە دێتە بەرچاو، لە ڕاستیدا کارێکی تەکنیکییە و هیچ زیانێکی لە ئابووری و حکومەتی عێراق نەدەدا، بەڵام کەرەسەیەکی کارای سیاسەتی دارایی بۆ حکومەتی کوردستان بەدی دەهێنا. دووەم سیاسەتی دارایی کە پەیوەستە بە کاراکردنی کەرتی بانکی و بەکارهێنانی ڕێژەی سوود، سیاسەتێکە کە لەبەر دەست حکومەتی کوردستاندا هەبوو، بەڵام بە هۆی هەست بە متمانەیی بە سیاسەتە داراییەکانی عێراق و ترس لە ڕەهەندی ئیسلامی، حکومەتی کوردستان ئەم سیاسەتەشی لە دەست خۆدا و پشتی لێکردەوە. ئەنجامگیری لەم بارەیەوە ئەوەیە کە حکومەتی کوردستان نەك هەر کۆششی بۆ وەدەستهێنانی مافی چاپکردنی دراوی خۆی نەکرد، بەڵکو ئەو کەرەسە داراییەش کە لەبەردەستیدا هەبوو، مراندی و لە کاری خست.

## ● پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز لە ڕووی ستراتیجییەوە

ئەو سیاسەتە سەرکەوتووانەی حکومەتی کوردستان کە جێگەی دەستخۆشیکردنن، سیاسەتی پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازە. سەرەڕای ڕەخنە نابەجێکانی حیزبە نەیارەکانی ئەم سیاسەتە، سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدی دەکرێن:

١. بۆ دژایەتیکردنی گەلی کورد، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا، جگە لە نەوتی کەرکوك، کەرتی نەوت و گازی کوردستانیان گەشەپێنەداو بە مەبەست پشتگوێیان خست. ئەم هەوڵەی حکومەتی کوردستان ئەو ئامانجە دوژمنانەی عێراقی بەرپەرچ دایەوە.

٢. گەر ئەم سیاسەتە نەبووایە ئێستا حکومەتە دوژمنانەکەی بەغدا دەیویست بۆ وزە هەموو گەلی کوردستانی بە چۆکدا بهێنایە. بۆیە پەرەپێدانی ئەم کەرتە بواری بۆ ئەو نیازە خراپەی حوکمڕانانی بەغدا نەهێڵایەوە.

٣. بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان بەبێ سەربەخۆیی وزەو خۆراك ساویلکانەیە و لە دروشم بەرزکردنەوە زیاتر نابێتە مایەی هیچ هەنگاوێکی کردارانە. ئەم سیاسەتە گەلی کوردی بە هەنگاوێکی زۆر گەورە لەو خەونە نزیك کردەوە.

٤. هەرچەندە کەرتی نەوتی عێراق و بەشە نەوتی کەرکووك هەمیشە بۆ سەرکوتکردن و جێنوسایدکردنی کورد بەکارهێنراوە، ئێستا لە شەڕی داعشدا داهاتی ئەو کەرتە ئەو چەکانە دەدات بە دەستی پێشمەرگەوە کە پارێزگاری لە مانەوەی کوردستان دەکەن. لەم کاتی تەنگانەیەدا کە حکومەتی عێراق و دراوسێکان دەیانەوێت ئەزموونی کوردستان بخنکێنن، داهاتی نەوت بووەتە مایەی لەسەر پێ ڕاوەستانی گەلی کورد و حکومەتەکەی.

٥. لە هەموو بارێکدا، زۆربەی ئابووریناسان زاڵبوونی کەرتی نەوت بە پەتای هۆڵەندی (Dutchs Disease) ناودەبەن. ئەمە لە بارودۆخێکدایە کە لە ڕا گەشەسەندنی کەرتێکی ئابووری دەبێتە مایەی پووکانەوەی کەرتەکانی دیکەی ئابووری. گریمان، ئەو دەرئەنجامە لە کوردستاندا هاتبێتە دی، زوو بەکاربردن و لەناوبردنی سەرچاوەی ئەو پەتایە خۆی لە خۆیدا کارێکی سوودبەخشە و دەبێت دەستخۆشی لێ بکرێت.

٦. گەشەپێدانی کەرتی نەوت و گاز کوردستانی خستە سەر نەخشەی وزەی جیهان و ئێستا نەك هەر کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان بە چاوی گرنگییەوە دەڕواننە کوردستان، بەڵکو وڵاتانی زلهێزیش بایەخێکی دیکە بە کوردستان دەدەن.

لێرەدا پێویستە ئەوە دووبارە بکەینەوە کە داهاتی ئاسانی کەرتی نەوت و گاز (مەبەست لە ئاسانی گەشەپیدانی کەرتی نەوت و گاز نییە کە لە کوردستاندا کە زۆر بە زەحمەت کرا)، وەك ئەزموونی وڵاتانی نەوتی پیشانی دەدەن، دەبێتە هۆی برەوپێدانی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا. هەر بۆیە لە پەراوێزی سیاسەتەکانی حکومەتی بەغدادا، حکومەتی کوردستان لە دروست بەکارهێنانی داهاتەکانی کەرتی نەوت و گازدا سەرکەوتوو نەبووە. دیاردەی گەندەڵی و مشەخۆری و لە پڕا دەوڵەمەندبوونی توێژێکی کەم بووەتە مایەی پەراوێزخستنی چینێکی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان کە ئەوان پشت و پەنای دۆزی کوردن، نەك توێژێکی لە پڕا دەوڵەمەند بوو. بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە حکومەت دژایەتی گەندەڵی و داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکاتە ئەرکی سەرشانی.

ئەنجامگیری ئەم وتارە ئەوەیە کە سیاسەتی ئابووری گشتی لە هەردوو بواری کەرتی گشتی و داراییەوە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی زانستییانە و دووربینانە دانەڕێژراون. ئێستا لە هەموو کات پێویستترە ژیرانە دابڕێژرێنەوە. ئەم کارە لە پێش سەرهەڵدانی قەیرانی ئێستا دەکرا بەڵام ئاستەنگی سیاسی و سەرپێیانە مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم لایەنە گرنگانەی حوکمڕانیدا ئێستا بووەتە مایەی کەمبوونەوەی بوار بۆ چارەسەرکردنیان. لە هەموو بارێکدا، چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا ئەمڕۆ باشترە لە سبەینێ و ئێستا کاتی داڕشتنەوەی ئەو سیاسەتە ئابوورییانەیە کە ئەم وتارە بە شێوەیەکی کورت خستوویەتیە بەرچاو.

**شانبەشانی بە مشەخۆرکردنی خەڵکێکی زۆری کوردستان، ئابووری کوردستانیش کرا بە مشەخۆری ئابووری وڵاتانی دراوسێ. بە ڕادەیەک ئێستا بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک درێژەپێدانی بازاڕەکانی ئێران و تورکیان**

**لە عێراق توخمی حکومەتێکی پشتبەستوو بە داهاتی نەوت و تایفەگەری و گەندەڵ هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە بە هوشیاری و ناهوشیاری داڕێژرا**



## پرۆفیسۆر دانیال مادیجان پسپۆڕ لە دیراساتی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندڕەوی لە توراسی ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت

**پرۆفیسۆر دانیال مادیجان ئوستادی ئایینی بەراوردکارییە لە زانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندی نێوان ئیسلام و کریستانیەت، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی کەلتوری توندوتیژی دروست بوونی تیرۆریستان لەسەر بنەمای ئەم کەلتوورە و هەروەها گواستنەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوا لەلایەن موسڵمانە کۆچبەرەکانەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سازدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە رادیکاڵییەکانەوە لەم بەشەی جیهانـــدا، ئـــەوا پێکەوەژیانی نێوان گرووپـــە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکان نزیکـــە لە مەحاڵەوە، لەو شـــوێنانەدا کە کەمینەن، ئەوا ژیانیان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەبێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند غیابی لێبوردەیی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە مەترسیەوە، ئایا هێشتا دیاردەیەکی لەم چەشنە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەری ڕوودانی هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە مەترســـییەکی زۆر دروست دەکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ناوچەیەك بووە شـــەڕی یەك لە دوای یەکی بەخۆوە بینیوە، تەنانەت دووهەزار ســـاڵ پێش ئێستاش شەڕی تێدا بووە، لەبەر ئەوەی میزۆپۆتامیا و ســـووریا هەمیشـــە جێی بایەخی ئیمپراتۆریەتـــی یۆنانـــی و هەروەها فارســـی بـــوون. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتەوە ئەوا هەمیشە ناوچەیەکـــی پڕ لە گرفت بووە، بەڵام بـــە جۆرێك لە جۆرەکان پێکـــەوە ماونەتەوە. بە دڵنیاییەوە هەڕەشەشـــی لەســـەرە، بەڵام خەڵکانێـــك لەوێدا ماونەتەوە و ڕێگەیەکیان بۆ ژیان دەســـتەبەر کردووە، نەك هەمیشە لە ڕێی لێبوردەییەوە، بەڵکو هەندێ جار لە ڕێی هێز و کۆنترۆڵکردنەوە، بەڵام پێکەوەژیانێکی بەختەوەرانە بە بێ لێبوردەیی دەستەبەر نابێت.

*** لـــەم بەشـــەی جیهاندا ســـەرچاوەی ســـەرەکیی توندڕەوی تایەفەگەری شیعە و سوننەیە، کە سەرەڕای ئەوەی ناتوانن پێکەوە بژین، هەڕەشە و مەترســـین بۆ سەر ئەو کەمینانەی لەگەڵیاندا دەژین، وەك مەســـیحی و ئێزیدی و هەروەها دژی کوردیشـــن، لەلایەکـــی دیکەوە وڵاتە عەرەبی و ئیســـلامییەکان بێدەنگن لە ئاســـت ئەم دۆخەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا هۆکاری پشت ئەم بێدەنگبوونە چییە؟**

- ســـەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بەرژەوەندی خۆیـــان هەیە و لەو بارودۆخانە زۆربەی وڵاتان لەســـەر بنەمـــای بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵســـوکەوت دەکەن، نەك لەســـەر بناغەی پرەنسیپەکان، ئەمـــە بۆ هەمو وڵاتان راســـتە و ئێوەش پرســـیاری ئەوە دەکەن بۆچی هەنـــدێ وڵاتی ئەوروپی دیاریکراو ئەمە هەڵوێســـتانە، هەمیشـــە ئەمریکاش بە ئاشـــکرا باســـی ئەوەی کردووە کە چ کار و کردەوەیـــەك لە بەرژەوەنـــدی وڵاتەکەیدایە. لەبەر ئەوە من هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە ناکەم وڵاتان دەنگی خۆیان بڵند بکەنەوە و باس لە پرەنســـیپەکان بکەن. لەبەر ئەوەی سیاســـەتی وڵاتان لە بنەڕەتدا لەســـەر بنچینـــەی بەرژەوەندییەکانە، نەك ئایدیاکان و ناکرێـــت هەموو جارێك چاوەڕوانی ئەوە بکەین، سیاســـییەکان لەسەر بنەمایەکی مەبدەئی هەڵسوکەوت بکەن. ئەمە جێی داخە، بەڵام ئەمە حاڵی سیاسەتە لە جیهاندا، ئەمە ڕەوشێکی ئاڵۆزە کە ڕوودەدات لە نێو چەندین وڵاتدا، لە نێویاندا وڵاتە عەرەبییەکان و سعودیە و وڵاتانی کەنداو و باکووری ئەفریقیا، لەم ناوچەیەشدا چەندین مەســـەلە هەن وەك گرووپـــە کەمینەکان لەو وڵاتانەدا و پەیوەندی هێز لەگەڵ ئێران، کەواتە زۆر فاکتەر هەن ڕۆڵ دەبینن. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە بەڕاستی ناتوانین هیوای ئەوە بخوازین ئەوانەی ڕۆڵ دەبینن لە سیاســـەتدا لەسەر بنەمای پرەنسیپەکان کار بکەن، بەڵام ئەمە راستییەکی ژیانی مرۆڤەکانە.

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو جۆر لە بەرهەمی بیرۆکەی توندڕەوی لە ئارادان، یەکەمیان بەرهەمی بیرۆکەی رادیکاڵی لە نێو خودی کۆمەڵگەی خۆیانن و لەناو ئەم کۆمەڵگەیە پەروەردە دەبن و دەبنە تیرۆریست، جۆری دووەمیان تەشەنەکردنی بیرۆکەی رادیکاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ نێو موسڵمانانی ئەورووپا، بۆچی بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بەرفراوان بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری ئەورووپا ناکەن؟**

- پێموا نییە خەڵکی بە باشی لەوە تێگەیشتبن کە ئەم توندڕەوییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتبێت، زۆر کەس وا بیر دەکەنەوە کە توندڕەوەی لە توراسی ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وا بیر دەکەنەوە ئەوان موسڵمانن، کەواتە ئەوان توندڕەون بە بەردەوامی و هەمیشە لەوە تێناگەن کە توندڕەوەی لە پەیوەندی نێوان دوو لایەن، یان زیاتردا دروست دەبێت، واتە لایەنێك هەڵوێستێکی توندڕەوانە وەردەگرێت لە پەیوەندیدا بە لایەنەکانی دیکەوە، واتە هەڵوێستی توندڕەوانە لە نێو خودی توراسەکەدا وەرناگرن. پێموایە ڕێککەوتنێکی بەرفراوان هەیە لەسەر ئەوەی توندڕەوەی دیاردەیەکی خراپە و دەبێت بەرەنگاری ببینەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە کاتی بە گژداچوونەوە و بەرپەرچدانەوەیدا کارێك نەکەین توندڕەوەی زیاتر پەرەبستێنێت، کە ئەگەر بە شەڕی دژ بە توندڕەوەی ناوزەدی بکەیت، ئەوا سەردەکێشێت بۆ توندڕەوەی زیاتر. باوەڕم بەوە نییە کە دەگوترێت سەرجەم توندڕەوییەکان لە بێبەشبوونی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبن، کە ئەو خەڵکانە -موسڵمانەکان- لە ئەورووپا هەست دەکەن پەراوێز خراون و باوەڕیان وایە هیچ دەرفەتێکیان نییە و ئەمەش وایان لێدەکات بەرەو توندڕەوەی بچن. پێموا نییە بەڵگەکان ئەم بۆچوونە پشتراست بکەنەوە، چونکە خەڵکانێك هەن کە خاوەن ئاستێکی باشی خوێندن و پەروەردەن، بەڵام هەڵگری ئایدیۆلۆژیای توندڕەوین، لە بەشێکیدا بەهۆی تێڕوانینیان بۆ پەیوەندی نێوان جیهانی موسڵمان و غەیرە موسڵمان و تێڕوانینی بۆ کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی عێراق کە لەسەر بنەمایەکی ناڕاست ئەنجامدرا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و ئەو دۆخەی لە ئەفغانستان و هەروەها چەندین بارودۆخی دیکە، ئەمە سەریکێشا بۆ توندڕەوی.

***ئەوەی نیگەرانین لێی پێکدادانی شارستانیەتەکانە، چونکە ئەلقاعیدە و داعش شەریعەتی ئیسلام بەکار دەهێنن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ کارە نامرۆڤانەکانیان، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەوان بانگەشە بۆ شەریعەت بکەن بۆ شەرعیەتدان بەم کردەوانە، ئایا ئەمە سەرناکێشێت بۆ پێکدادانی شارستانیەتەکان؟**

- من باوەڕم بە تیۆری پێکدادانی شارستانیەتەکان نییە، پێموا نییە پێشبینییەکەی هانتگتۆن ڕاست بووبێت، ئەگەر باس لە پێکدادانی شارستانیەتەکان بکەیت لە نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامیدا، ئەوا هانتگتۆن باسی لە چەندین شارستانییەت کرد، وەك شارستانییەتی چینی و ڕۆژئاوا و ئیسلام، ئەو باوەڕی وانەبوو شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەمێنێتەوە و زۆر گەشبین نەبوو لە ئاست ئەم شارستانیەتەدا. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ کە لێرەدا باس بکرێت، پێناسەکردنی شارستانیەتە، شارستانیەت چییە؟ واتە ئەو «ئێمە»یە کێیە کە هەست دەکەین ئینتیمامان هەیە بۆی؟ گرووپێکی گەورە، یان نەتەوەیەکی گەورە کە ئێمە ئینتیمامان هەبێت بۆی. پرسە گرنگەکە ئەوەیە مەسەلەی ئێمە و ئەوان تێپەڕێنین. توندڕەوەی پەیوەستە بەو تێڕوانینەی دەڵێت: ئێمە لە دژی ئەوان و ئێمە و ئەوان ئەوەندە لێك دوورین کە ئەگەری ئەوە نییە وەك ئەوان بین، ئەوانیش وەك ئێمە بن، لەبەر ئەوە دەبێت شەڕ هەڵبگیرسێت. ئەم بۆچوونەش لۆژیکی نییە لەبەر ئەوە من باوەڕم بە پێکدادانی شارستانیەتەکان نییە، کە دوو کامپ هەبێت و پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوودات، پێموا نییە ئەوە حاڵەتەکە بێت.

*** کەمینەی مەسیحییەکانی عێراق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شیعە و سوننەکانەوە ڕویان کردۆتە کوردستان، لەبەر ئەوەی لەو ناوچانە دووچاری پاکتاو و سەرکوتکاری دەبنەوە، بۆ نموونە لە دووەم گەورەترین شاری عێراقدا کە موسڵە، مەسیحییەکان ناچار دەکرێن ببنە ئیسلام، یان باج بدەن، یاخود شوێنی خۆیان جێبهێڵن و کڵێساکانیان دەتەقێندرێتەوە، ئایا دەکرێت لە سەدەی بیست و یەکدا ڕێگە بە ڕوودانی ئەم کردەوانە بدرێت؟**

- ئەگەری ڕوودانی ئەمە لە ئارادایە، لەبەر ئەوەی ڕوویداوە، کێشەکە ئەوەیە بزانیت جیهان دەتوانێت چی بکات. دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٣ کە سەربازێکی زۆرمان بۆ عێراق نارد و ئەمەش زۆر سەرکەوتوو نەبوو لەو کاتەدا، لەبەر ئەوە ڕوون نییە کە دەکرێت چی بکرێت. من هاووڵاتییەکی ئەمریکی نیم، بەڵام کەسانێکی زۆرم لە ئەمریکا بینیوە کە پێیانوایە دەتوانن بە هۆی سوپا و بۆردومانکردنەوە هەر کێشەیەکیان بیەوێت چارەسەری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە کێشەی نوێ دروست دەکات، داعش بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا لە ئارادا بوو، دروست بوو. لەبەر ئەوەی باوەڕم وا نییە ڕێگەچارەی سەربازی بە زەرووڕەت ڕێگەچارەیەکی یارمەتیدەر بێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە مەسەلەیە لە لایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە چارەسەر دەکرێت، یاخود مەسەلەیەکە دەبێت لە لایەن وڵاتانی ناوچەکەوە چارەسەر بکرێت؟ ئەمریکا و ئەورووپا و ئوسترالیاش پێیانوایە لە ڕێی دەستێوەردانەوە کێشەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام دەبێت تورکیا و سووریا و سعودیە و ئەردەن و عێراق و ئێران لە نێو خۆیاندا یەکلای بکەنەوە و ناکرێت چارەسەرێکی دیاریکراو بسەپێندرێت.

*** کوردستان تاکە هەرێمە کە لێبوردەیی تێدا پیادە کرێت، ئایا جیهان تا چەند بە بایەخەوە لەوە دەڕوانێت کوردستان ببێتە مۆدێلێك بۆ ناوچەکە؟**

- من ئومێد دەکەم جیهان بایەخی پێبدات و هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ئەمە ناوچەیەکی تایبەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی ئەگەری پێکەوەژیان تێیدا، بەڵام لایەنگەلێکی زۆر هەن نایانەوێت کوردستان زۆر بەهێز بێت، تورکیا و ئێران نایانەوێت کوردستان زۆر سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان لە سنووری دەوڵەتێکی دیاریکراودا نامێننەوە، چونکە چەندەها بەرژەوەندی هەن و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئێران و لەسەر تورکیا و لەسەر عێراق لەبەر ئەوەی سنوورەکان دەستکردن ئەوا خۆشحاڵ نین بەوەی کوردستان دۆخێکی تایبەتی هەبێت و بەرەو سەربەخۆیی بچێت.

**لایەنگەلێکی زۆر هەن نایانەوێت کوردستان زۆر بەهێز بێت، تورکیا و ئێران نایانەوێت کوردستان زۆر سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان لە سنووری دەوڵەتێکی دیاریکراودا نامێننەوە**

**سیاسەتی وڵاتان لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانە، نەک ئایدیاکان و ناکرێت هەموو جارێک چاوەڕوانی ئەوە بکەین، سیاسییەکان لەسەر بنەمایەکی مەبدەئی هەڵسوکەوت بکەن**

# ترسناکتر لە داعش!



د. رەشاد میران

**ئایدیۆلۆگیا گرنگی بە هەموو لایەن و وردەکارییەکانی ئامانجە نەتەوەییەکە دەدات و ڕێکیاندەخات ؛ نەتەوە تۆکمە دەکات، دیاردە و بوارەکانی بەهێز دەکات و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەخاتە خزمەت ئامانجە سەرەکییەکەوە کە نەتەوەیە؛ بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدات، سیمای نەتەوەیی بە ئایین دەبەخشێ، مرۆڤی بەرپرسیار پێدەگەیەنێ و بەرەوەدات بە بەهاکانی: ئینتیما، دڵسۆزی، خۆبەختکردن، خۆبەخاوەن زانین، کارکردن و خزمەتگوزاری**

داعش نە یەکەمین و نە ترسناکترینە؛ ئەوەی داعش کردی، سەدان جار بەسەرمان هاتووە- هەر لە داگیرکردنەکان (فتوحات)ـەوە بگرە تاکو هێرش و وێرانکارییەکانی ڕۆم و عەجەم و تەتار و بەعس و دواییینیان ئەوەی داعش بوو لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا.. کارەساتبارترینیشیان ئەوانەن کە خۆمان بەسەرخۆمان هێناون- مێژوومان تژییە لە شەڕی نێوخۆی میرنشینان، خێڵ و هۆز و ناوچە و حزبەکان ؛ ئێستاش مەترسیی بەردەوامبوونی ئەمانە هەر لە ئارادایە.

تۆبڵێی ئەوەی داعش بەسەریهێناین دواجار بێت و چیتر ئەمە ڕوونەداتەوە؟ بەداخەوە، کەس لەوە دڵنیا نییە.. چونکە ئەوەی لە داعش ترسناکتر گەرای لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا کوتاوە، ئەوەی تاکو ئێستا درکمان پێی نەکردووە و لەمەودواش ئەگەر درکی نەیکەین، چەند باریتر بەهەمان دەرد و خراپتریش دەچین، ئەوەیە کە هوشیاریی ئێمە تاکو ئێستا نەگەیشتووە بەو ئاستەی وەکو پێویست گرنگی و بایەخی هەندێ لایەن و بوار و دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمان بزانین، ئەمەش وایکردووە کە بە جارێك غافڵ بین لەو چالاکی و دەرد و گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ترسناکترن لە داعش — چونکە ئەمانەن دیاردەی داعش و هاوشێوەی داعش بەرهەم دێنن.

ئاماژە بە هەندێ لەو بوار و لایەن و دیاردانە دەدەین:

- نەبوونی ئایدیۆلۆگیایەکی سیاسی- نەتەوەیی تۆکمە و ڕوون و دیاریکراو بۆ ئاراستەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بەرەو ئامانجەکان. لە سەرەتای

«ئەزموونەکەمان» ئێمە زۆر ساویلکانە ملمان دابووە بیرۆکەی «ئایدیۆلۆگیا باوی نەماوە»! لەکاتێکدا کەسێك و لایەنێك نییە لە دنیا بەبێ ئایدیۆلۆگیا، جا ئەو ئایدیۆلۆگیایە نەتەوەیی بێت، یاخۆ ئایینی، سیاسی.. یان هەرنەبێ کولتوور دەبێ بە ئایدیۆلوگیای کۆمەڵایەتی و خەڵکەکە پابەندی دەبێ. ئایدیۆلۆگیا، بە مانا زانستییەکەی سیستەمێکی فیکرییە سەرچاوە لە ڕێبازێکی فەلسەفی، یان سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی هەڵدەگرێ و جەماوەرێك ڕێکدەخا و بەرەو ئامانجێك ئاڕاستەیان دەکات — نەك بەرەڵڵایی و هەرکەس بە هەوەسی خۆی.

هێزە سەرەکییە «نەتەوەییە»کانی کوردستان، تەنانەت پێش ڕاپەڕینیش، ئەگەرچی لە خەباتی نەتەوەییدا بوون، بەڵام ئاشکرا بوو کە سەربە ئایدیۆلۆگیایەکی نەتەوەیی تۆکمە و پتەو نەبوون، بۆیەش هەمیشە لە ململانێ و زۆرانبازیدا بوون لە پێناو دەسەڵاتدا.. دوای ڕاپەڕینیش بەهەمان جۆر، خەبات و ململانێ لەسەر دەسەڵات بە ڕوونی و ئەوپەڕی هێزەوە دەرکەوت و ئەمەش ئامانجە نەتەوەییەکانی خزاندە پلەکانی دووەم و سێیەم و زێتریش.. ئێستاشی لەگەڵدا بێت کێشەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان، کێشەیەکە بێ ئایدیۆلۆگیای نەتەوەیی.

- ئایدیۆلۆگیا گرنگی بە هەموو لایەن و وردەکارییەکانی ئامانجە نەتەوەییەکە دەدات و ڕێکیاندەخات؛ نەتەوە تۆکمە دەکات، دیاردە و بوارەکانی بەهێز دەکات و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەخاتە خزمەت ئامانجە سەرەکییەکەوە کە نەتەوەیە؛ بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدات، سیمای نەتەوەیی بە ئایین دەبەخشێ، مرۆڤی بەرپرسیار پێدەگەیەنێ و برەوەدەدات بە بەهاکانی: ئینتیما، دڵسۆزی، خۆبەختکردن، خۆبەخاوەن زانین، کارکردن و خزمەتگوزاری.. لەم حاڵەتەشدا کە نەتەوە ڕووەو هەڕەشەیەکی وەکو داعش دەبێتەوە کەس بارگەی هەڵناگرێ خاك و نەتەوە جێبهێڵێ و کۆچ بکات، سامانەکەی کۆبکاتەوە و ئاودیوی سنووری بکات.

- فەرامۆشکردنی گرنگی و دەوری گەورە و پیرۆزی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی. ئەم بوارە هەرە سەرەکییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە بێناز و پەککەوتوون، دەریانخست ئێمە شایانی جێگەیەکی شیاوی سەدەی بیست و یەك نین؛ ئەو سەدەیەی تیایدا هابرماس گوتەنی، نەك هەر زانست، بەڵکو تەکنۆلۆگیاش دەوری ئایدیۆلۆگیایی دەبینێ.

ڕەوشی پەروەردە و زانست لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەڵگەی ئەوەیە کە هێشتا فرمان بە زانستەوە نییە. پێویست بە مەعریفە و زانستێکی زۆر ناکات تا بزانین کۆمەڵگە بە پەروەردە و زانست پێشدەکەوێ، مەسەلەکە لە ئایدیۆلۆگیا و بەرپرسیاریەتیدایە. ئایدیۆلۆگیای نەتەوەیی هەرگیز ڕێگە نادات پەروەردە بە زمانی نەتەوەیی بەم جۆرە بێت کە ئێستا لە کوردستان هەیە- بە دوو شێوەزار، یان بەو ئاستە نزمەی زمان لە کتێبەکانی خوێندن؛ دە هەر یەکەمین ئەرکی ئایدیۆلۆگیای نەتەوەیی بریتییە لە کارکردن لەسەر زمانی ستانداری نەتەوەیی، ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی هەمیشە خۆی لێ دەدزێتەوە.. دەور و کاریگەریی هەرە نێگەتیڤی دیاردەی حزبایەتی ئاستی پەروەردە و زانستیی گەیاندۆتە پلەیەکی هەرەنزم. لەم جۆرە ڕەوشەی پەروەردەدا، کەواتە ئێمە هیچمان نەکرد بۆ نەوەی تازە و ئەوانیش لەناو هەمان کولتووردا پێدەگەن و بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی داعشیزم و هاوشێوەکانی.. جێگەی سەرنجە کە داعش لەگەڵ دواکەوتوویی و بەربەریەتیشیدا، هەر زوو لە پەروەردەوە دەستیپێکرد- لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بابەتەکانی خوێندنی گۆڕین.

هەرچی تۆژینەوەی زانستییە لە وڵاتی ئێمەدا، پێدەچێ هەڵمانگرتبێ بۆ ڕۆژی ڕەش؛ لە بەشە زانستییەکانی زانکۆکان و سەنتەرە ئەکادیمی و زانستییەکانیتردا، بە سەدان تۆێژینەوەی زانستی کەڵەکە بوون و تۆزیان لێ نیشتووە کە دڵنیاین هەرنەبێ بەشێکیان لە ئاستێکی شیاوی زانستییدان و لەسەر بوار و لایەن و گرفت و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە ئەنجامدراون- نەمانبیست دەسەڵات بەسەریان بکاتەوە و سوودیان لێ وەرگرێ.. کەچی حکومەت بە پارەی خەیاڵی «پسپۆڕ و شارەزایان» لە دەرەوە دەهێنێ، ئینجاش حاڵ ئەوەندە نازدارە- ئەمە ئەوپەڕی متمانە نەبوونە بەخۆ.

هەر ئەو نەبوونی متمانەیە بەخۆیەش وایکردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری چاومان لە دەمی خەڵکی بیانی بێت، لەوانەی کۆنە باڵیۆز سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری خانەنشین و خاوەن کۆمپانیاکان کە ڕۆژانە و حەفتانە دیدار و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرێ و ئەمانیش تا بۆیان بکرێ بەشان و باڵمان هەڵدەدەن و پفمان دەدەن و دەسخەڕۆ دەکرێی! ڕاستییەکەی ئەمەیە کە تۆ زێتر لە هەموو کەس شارەزای ڕەوش و ژیانی خۆتی؛ پرس و ڕاوێژ بە پسپۆڕان پێویستن، بەڵام ئەمانە ڕا و بۆچوونن، نەك سیاسەت و ستراتیجی دەوڵەتەکانیان — بیناکردنی ستراتیجیای نەتەوەیی لەسەر ئەم بۆچوونانە سەرکەوتن

**وانەی ئایین لە قوتابخانەدا ناوی (پەروەردەی ئیسلامی)یە، واتە مرۆی موسڵمان پێدەگەیەنێ، لەکاتێکدا ئەوە کاری مزگەوت و حوجرەکانە، قوتابخانە دەزگایەکی پەروەردەیی زانستییە و کاری ئەوەیە کە لەسەر بنەمایەکی زانستی ئایین (هەموو ئایینەکان)و سروشت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا بۆ قوتابیان ڕوون بکاتەوە و تێیان بگەیەنێ**

**لە ماوەی کیانی هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی چارەگە سەدەیەکە کەمترین کارمان کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی مەعریفەی زانستی و بۆیەش هوشیاریمان کز و لاوازە و سەیرنییە دووچاری هەر تەنگژە و هێرش و هەڕەشەیەکی لە جۆری داعش ببینەوە**

**دەور و کاریگەریی هەرە نێگەتیڤی دیاردەی حیزبایەتی ئاستی پەروەردە و زانستیی گەیاندۆتە پلەیەکی هەرەنزم . لەم جۆرە ڕەوشەی پەروەردەدا، کەواتە ئێمە هیچمان نەکرد بۆ نەوەی تازە و ئەوانیش لەناو هەمان کەلتووردا پێدەگەن و بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی داعشیزم و هاوشێوەکانی**

**هوشیاریی ئێمە تاکو ئێستا نەگەیشتووە بەو ئاستەی وەکو پێویست گرنگی و بایەخی هەندێ لایەن و بوار و دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمان بزانین، ئەمەش وایکردووە کە بە جارێک غافڵ بین لەو چالاکی و دەرد و گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ترسناکترن لە داعش**

**کرۆکیی ئەو سیاسەت و دیدگایەی کۆمەڵگەی کوردی دووچاری ئەم قەیرانە هەمەلایەنە کردووە، بریتییە لە پێشخستنی سوودی ماددی لە بەرامبەر پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقی**

مسۆگەر ناکات، بگرە هەندێکجار دەبێتە «کارەسات»، وەکو ئەوەی لەبواری نەوتدا بەسەرمان هات.

نوری مالیکی، سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لە روانگەی ئەوەوە کە زۆر تائیفییە، گوشاری زۆری خستە سەر کوردستان.. هەرێمی کوردستانیش ڕەنگبێ، بە پشت بەستن بە و رابۆچوونانە کاردانەوەی توندی هەبووە، – ئەگەر وابێ و مالیکی تائیفی بێ، ڕاستیشە وایە، کەواتە ئەوپەڕی پشتگیریی هەیە لەلایەن مەرجەعیەتی شیعی و لەلایەن ئێرانیشەوە، بۆیە ئێستاش لە دەسەڵات هەر ماوەتەوە- ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەو ماوەیە ئێمە دژایەتیی ئێرانمان کردووە، ئەمەش سیاسەتێکی زۆر حەکیمانە نییە.. تۆبڵێی هاتنی داعش پەیوەندیی بە ئێرانەوە نەبێ؟ بۆچ ئێران کەم یارمەتیی هێزە سوننە توندڕەوەکانی داوە لە قاعیدە و جوندی ئیسلام و ئەنسار ئیسلام و ئەوانیدی؟

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئاستی هوشیاریی ئێمە، بنچینە و بنەمای هوشیاریش مەعریفەیە کە لە ڕۆژگاری ئێستادا دەبێ مەعریفەی زانستی بێت؛ کەچی ئێمە لە ماوەی کیانی هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی چارەگە سەدەیەکە کەمترین کارمان کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی مەعریفەی زانستی و بۆیەش هوشیاریمان کز و لاوازە و سەیر نییە دووچاری هەر تەنگژە و هێرش و هەڕەشەیەکی لە جۆری داعش ببینەوە.

لە کاتی ئێستادا کەلتوور تاکە ئایدیۆلۆگیای ئێمەیە کە سیخناخە بە بەهای ئایینی؛ ئەوە بەهای ئایینییە بەڕادەی سەرەکی ژیانی ئێمەیان دارشتووە و بەڕێوەی دەبەن، هەر ئایینیشە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات و بەرپرسە لە ئاستی پابەندبوونی تاك بە بەها و بنەما ئایینی و کەلتوورییەکان. لێرەشدا لە حاڵەتی نەبوونی ئایدیۆلۆگیایەکی تر، دەسەڵاتی سیاسیش کەواتە ملکەچی هەمان ئایدیۆلۆگیایە (کولتوور)، بۆیەش تا ئەوپەڕی پشتگیریی دەکات و خۆی لەناو ئەو ئایدیۆلۆگیایەدا دەبینێتەوە- کەواتە دەسەڵاتی سیاسی و تاکێکی ئاسایی هەمان عەقڵییەت و عەقیدە و ئاستی فیکرییان هەیە و جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە.

یاساکانمان بەتایبەتی یاسای باری کەسی، تەژین لە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەراهەم ناکەن- ئافرەت نیونەفەرە، لەسەر دەوڵەمەندی و هەژاری بێدەنگە، ملکەچی بۆ وەلی ئەمر مسۆگەر دەکات...

وانەی ئایین لە قوتابخانەدا ناوی (پەروەردەی ئیسلامی)یە، واتە مرۆی موسڵمان پێدەگەیەنێ، لەکاتێکدا ئەوە کاری مزگەوت و حوجرەکانە- قوتابخانە دەزگایەکی پەروەردەیی زانستییە و کاری ئەوەیە کە لەسەر بنەمایەکی زانستی ئایین (هەموو ئایینەکان) و سروشت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا بۆ قوتابیان ڕوون بکاتەوە و تێیان بگەیەنێ، ئەم وانەیە دەبوایە ناوی (ئایینناسی)بێت.. ئەو کاتە پێویستی نەدەکرد قوتابی مەسیحی، یان ئێزدی، وانەی ئایین بەجێبێڵێ.

حەجکردن فەرزێکە لەسەر کەسانی دەوڵەمەند، چ پێویست دەکات حکومەت یارمەتیی دارایی پێشکەش بەمانە بکات.. هەموو لەبیرمانە لە ساڵانی نەوەتەکان حکومەت چ هەڵڵا و کاروان و توانای دارایی تەرخان دەکرد بۆ حەجاجەکان، ئەو کاتەش خەڵك ئەوەندە تێر و پۆشتە نەبوون- لەوە گەڕێ حکومەت درکی نەکرد، یان نەیوێرا بڵێ: حاجیانی بەڕێز خێرەکە بەو خەڵکە بکەن، ئەجری زیاترە، بەڵکو خۆیشی (واتە حکومەت) دۆلاری بەسەر حەجکەران هەڵدەڕشت.. ئەمە جگە لە ملکەچبوونی تەواوی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بۆ دەزگای ئایینی شتێکیتر ناگەیەنێ.

- کە ئەمە ئاستی هوشیاریمان بێت، ئاسایی دەبێت خەبات لە پێناو پۆست و پلە جێگەی خەباتی نەتەوەیی بگرێتەوە.

کورد زۆر بە پەرۆشە بۆ پۆست، ڕەنگە ئەمە ڕیشاڵی مێژوویی هەبێت. لە ١٩٩٢ـەوە شەڕ لەسەر پۆستەکانە، ئێستاش باس هەر باسی پۆستە – پۆستەکانی کورد لە بەغدا، پۆستەکانی فڵانە حزب، پۆستی شارەوانییەکان.. ٨ مانگ ڕاگەیاندنی حکومەتی تازە دواخرا لەبەر ئەو پۆستانەی حزبەکان بەریاندەکەوێ، خەباتی سیاسیی حزبەکان بریتییە لە تێکۆشان لەپێناو دابینکردنی پۆست بۆ ئەندامەکانیان- وەکو باویشە حزب ئەندامە هەرە باشەکانی ناخاتە پۆستەکانەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەشە نەمانبیستووە کوردێك دەستبەرداری پۆستەکەی خۆی بووبێت، ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە.

کرۆکیی ئەو سیاسەت و دیدگایەی کۆمەڵگەی کوردی دووچاری ئەم قەیرانە هەمەلایەنە کردووە، بریتییە لە پێشخستنی سوودی ماددی لە بەرامبەر پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقی؛ بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ئەم هاوکێشەیە پێویست بە هێنانە کایەی ئایدیۆلۆگیایەکی تۆکمە دەکات، ئەمەش وەکو چۆن ئاستێکی شیاوی مەعریفەی زانستی، ئاواش مرۆی دڵسۆز و لەخۆبردوو و چاونەترسی گەرەکە.

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## لە کەلتووری خوداوە
## بەرەو ڕێژەگەری ئیسلام

**بەشی حەوتەم**



**ئازاد قەزاز**

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە بەشەکانی پێشەوەدا پێناسەی چەمکی خودا خرانەڕوو، وەك دەرکەوت کە ئەو پێناسانە گشتی بەستراوەتەوە بە پێناسەی مرۆڤ خۆیەوە، واتە مرۆڤ جۆرێك لە شکاندنەوەی سیفاتەکانی خۆی بە سەر خودایا شکاندۆتەوە. خۆی چۆن جیهانی بینیوە، هەرواش لە خودای ڕوانیوە. ئەگەر خودا وەك کائینێك کەسێنرابێت، ئاخۆ دەبێت خودا لەم فۆرمەدا کەلتووری تایبەت بە خۆی هەبێت، هەروەك مرۆڤ کە خودا دەکەسێنێ، هەڵبەتە کەلتووریشی بۆ دادەهێنێت. گومان لەوەدا نییە کە هەر ئایینێك کەلتووری خۆی وەك کەلتووری خودا ناساندووە، بەڵام دەشێت کە ئەگەر خودایەك هەبێت، خۆی لە کەلتووری ئایینی نەتەوەیەکدا، یان چەند نەتەوەیەکدا گیر بدات؟! بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەوە بگەین کە ئەگەر خودا کەلتوورێکیشی هەبێت، دەبیت چۆن دەرکەوێت.

ڕەنگە خوێنەر سەرسام بێت بەوەی ئاخۆ خودا کەلتووری تایبەت بە خۆی وەك مرۆڤ هەبێت؟ ئەگەر خودا خاوەنی کەلتووری خۆی بێت، دەبێ چۆن کەلتوورێك بێت؟ دەشێ کەلتووری خودا و کەلتووری مرۆڤ تێکەڵ بە یەکدی ببن، یاخود کەلتووری خودا هەروەك خۆی تاقانەیە و لە کەلتووری هیچ مرۆڤێك ناچێت؟ ئەگەر خودا بە زمانی جیاواز دوابێت، ئاخۆ کەلتوورەکەی ئەو خودایە سەر بە چ زمانێك بێت؟ بۆ نموونە ئەوکاتەی خودا بە زمانی عەرەبی پەیامی خۆی بۆ عەرەب نارد، دەکرێ بپرسین ئاخۆ ئەو خودایە کەلتووری عەرەبیشی لەگەڵ پەیامەکەیدا بۆ خۆی پەسەند کردبێت، یاخود عەرەبی لەسەر کەلتووری خۆی ڕاهێنابێت؟ ئەم پرسیارانە، پرسیاری تری زۆر و زەبەندە لەگەڵ خۆیدا دەهێننەئاراوە؛ بۆ نموونە: ئەگەر خودا کەلتووری

**لە کەلتووری خودایا کۆمەڵگەیەکی مرۆڤپەروەری ئەوتۆ دادەمەزرێت، کە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی تۆلێرانس. تۆلێرانس بەو مانایەی کە گشت ئایین و فەلسەفە و بیروباوەڕێک، گشت بۆچوونە جیاوازەکان، ڕەوایەتی خۆیان هەر یەکەو لە ویترەوە وەردەگرن**

**کەلتووری خودا، ئەو کەلتوورەیە کاتێ گشت مرۆڤ، بە گشت کەلتوورە جیاوازەکانەوە پێکەوە دەژین، بە یەکچاو سەیری یەکتر دەکەن، مرۆڤبوونی مرۆڤ دەبێتە پێوەری ڕاستەقینەی بە یەک گەیشتنی مرۆڤەکان. ئەوکاتە خێڵ، نەتەوە، ئایین، مەزهەب و گروپی جیاواز نابنە پێوەر بۆ لێکنزیکبوونەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەنها ئەو کەسە مرۆڤە دەبێتە تاکە پێوەر تا هەقیقەتی پێهەڵبسەنگێنی**

**هەندێ فەیلەسوف بۆچوونیان وایە، کە کەلتووری خودا بۆ مرۆڤ ناسراو نییە، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ کەلتووری خودا ئاشکرا بکات، چونکە لە توانایدا نییە کەلتووری خودا بناسێت**

عەرەبی وەك كەلتووری خۆی پەسەند کردبێت و بە کەلتووری خۆی ئەژماری کردبێت، دەشێت و دەگونجێت ئەو کەلتوورە بەسەر تێکڕای مرۆڤایەتیدا فەرز بکرێت؟ ئەگەر خودا خۆی عەرەبی لەسەر کەلتووری خۆی ڕام کردبێت، دەشێت هەندێ نەریتی کۆمەڵگەی عەرەبی بۆ خودا گونجاو بێت؟ ئەگەر پرسیاری لەم چەشنە بورووژێنین، ڕەنگە بێکۆتا پرسیار، پرسیاریتر بە دوای خۆیدا بهێنێت، بۆیە لەم جۆرە پرسیارکردنە دەوەستین و هەنگاوێکیتر بەرەو خودا خۆی دەنێین. وەلێ دیسانەوە پرسیاریتر دێتە گۆڕێ: ئاخۆ کەلتووری خودا چی و چۆن بێت؟

هەندێ فەیلەسوف بۆچوونیان وایە، کە کەلتووری خودا بۆ مرۆڤ ناسراو نییە، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ کەلتووری خودا ئاشکرا بکات، چونکە لە توانایدا نییە کە لتووری خودا بناسێت. ئەوانە باوەڕیان وایە ئەگەر ئێمە خودایەك نەتوانین نە بوونی و نە نەبوونی بسەلمێنین، ئیدی چۆن دەتوانین کەلتووری ئەو خودا شاراوەیە ببینین! ئەم بۆچوونە بە دیوێکدا ڕاستە، بەڵام بە دیوێکی تردا ئەگەر خودایەك خۆی قسە بکات، وەك هەندێ لە ئایینەکان ئەو بانگەشەیە دەکەن، ئەدی ئێمەش ناکرێ و ناشێ بەدواداچوونێك بکەین تا بزانین داخۆ خودا کەلتووری هەبێت، ئەگەر هەیبێت، دەبێت چۆن بێت؟ ئەگەر خودایەك خوڵقێنەری ئەم بوونەوەرە بێت و خاوەنی ئەم هەمکە یاسا گەردوونییە بێت و جۆراوجۆر مرۆڤی خوڵقاندبێت، کە خاوەنی بێئەنداز لە کەلتوور و نەریت بێت، ئاخۆ ئەم خودایە لەم تابلۆیەدا کە خۆی نەخشاندوویەتی، کەلتوورێکی جێنەهێشتبێت، یاخود نەریتێکی تایبەت بە خۆی دەرنەخستبێت؟

ئێمە وتمان کە خودا یەکسانە بە هیچ، خودا لە ناو جیهانی ژمارەدا یەکسانە بە سفر، ئاخۆ سفربوون، هەڵگری کەلتووری تایبەت بە خۆی نەبێت؟ ئەگەر ژمارە ئەوە کەلتوورەکەی بێت، بشێت بژمێردرێت، ئەوا سفربوونیش کەلتوورەکەی وایە کە نەشێت بژمێردرێت، واتە هیچ ئەژمێرێت، بەمانایەکیتر خاڵی لە جیاوازییەکان. واتە کەلتووری خودا ئەچێتە ناو کەلتووری هیچەوە و کەلتووری بوونەوەریش ئەچیتە ناو کەلتووری شتەوە.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بێژێت: مرۆڤ بەردەوام شتێکی هەیە لەویتری جیادەکاتەوە، بەڵام خودا لە دۆخێکی هیچبوونیی ئەوتۆدایە، کە لە هیچیتری جودا ناکاتەوە. واتە کەلتووری خودا کەلتوورێکی ڕەهایە کە جیاوازییەکان لە یەکتری وەك هیچ وایە، وەك یەك یەکەیە کە هیچ لە هیچ جیا ناکاتەوە. بەمانایەکیتر کەلتووری خودا ئەبێتەوە کۆی کەلتووری مرۆڤایەتی کە هەر لە ئەزەلەوە تاکو ئەبەد هەموو ئەو کەلتوورانە دەگرێتەوە؛ بە کورتییەکەی کەلتوورە جیاوازەکانی ناو ئێمەی مرۆڤ لە سەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆخودا لە یەك کەلتووردا دەبیندرێتەوە، کە مرۆڤایەتی بە گشتی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: کەواتە کۆی دەرکەوتنی مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە تاکو ئەبەد چ کەلتوورێکی دەرهاویشتووە، بە هۆی مرۆڤبوونی مرۆڤەوە ڕوویداوە، واتە کەلتووری مرۆڤبوونی مرۆڤ، کە دەکاتە مرۆڤدۆستی یاخود هیومانیسم، ئەوە دەبێتەوە بە کەلتووری خودا، چۆن؟ ئەی خودا وەدیهێنەری ئەم هەمکە مرۆڤە نییە لەسەر ئەم گۆی زەوییە؟ ئەدی خودا مرۆڤی بەو چۆنێتییەوە نەخوڵقاندووە کە بتوانێت ئەو جۆرە کەلتوورە جیاوازانە دەرهاوێژێت؟ ئەوە خودا خۆی بووە کە لە جیناتەکانی مرۆڤدا ڕەنگی پێست و قەد و باڵای مرۆڤی نەخشاندووە، کەسیتر نەبووە، ئیتر بۆچی ئەمانە هەمووی هێنی خودا نەبن؟ ئەی هەر خودا خۆی نییە کە مرۆڤی وا خوڵقاندبێت، تا لەژێر کاریگەری کەلتووری خۆیدا، هەمان کەلتوور بۆ خۆی و نەوەکانی دووبارەکاتەوە؟ مرۆڤی وا خوڵقاندووە کە دەق بەو کەلتوورەوە بگرێت کە تیایدا دەرهاتووە. مرۆڤ چی بکات کە بە ناچاری لەو کۆمەڵگەیەی تیا دێتە دنیاوە، دەبێت ڕەنگ و ڕوخساری ئەو کۆمەڵگەیە بگرێت؟ ئەگەر وابێت ئیتر دەبێت مرۆڤ هەر مرۆڤێك بێت، لە هەر کوێیەك بێت، خاوەنی هەر بیروباوەڕێك بێت، بۆ دەبێت ئەمانە گشتیان هی ئەو خودایە نەبن؟ بۆ دەبێت بۆ خودا نازی هەندێکیان هەڵگرێت و هەندێکیتریان بێناز بکات؟ ئەگەر هەنوکە زیاد لە شەش ملیار مرۆڤ لەم گۆی زەوییەدا هەبن، بۆ دەبێ هەموویان لە بەشی خودایان بەرنەکەوتبێت، تەنها چەند ملیۆنێك نەبێت؟ ئەوان خۆیان وا دەبینن کە هەر خۆیانن کەلتووری ئەو خودایەیان هەڵگرتووە، ئەم هەستە وایلێکردوون کە هەرچی کەلتوورە، جگە لە کەلتووری خۆیان، بە پیس و ناشیرین ببینن.

کەواتە ئەگەر ئەو گریمانەیەمان بە هەند وەرگرت و پەسەندمان کرد کە کەلتووری خودا، هەر لەئەزەل تاکو ئەبەد کۆی کەلتووری مرۆڤایەتییە، ئەوا ئیتر دەبێت زۆر لە بیر و بۆچوون و باوەڕەکانمان گۆڕانی بەسەردا بهێنین. ئیتر ناشێت و ناگونجێت کەلتوورێك بە شیاو بزانین و کەلتوورێکیتر بە نەشیاو، مرۆڤێك بە جوان ببینین و یەکێتر بە ناشیرین، کۆمەڵگەیەك ڕێزدار و هێژا سەیرکرێن و کۆمەڵگەیەکیتر بێڕێز و سووك دەرخرێن. چونکە مرۆڤ بە کەلتوورەوە خوڵقاوە،



بە ناچاری تیایدا ڕواوە، چۆن دەبێت خودایەك ئەمیان بە چاوێك و ئەویتریان بە چاوێکیتر تەماشا بکات، ملیارێك بەندەی خۆی بن و پێنج ملیارەکەیتر بەندەی شەیتان؟!

لەم بۆچوونەی پێشەوە لەوە تێگەیشتین کە کەلتووری خودا، ئەو کەلتوورەیە کاتێ گشت مرۆڤ، بە گشت کەلتوورە جیاوازەکانەوە پێکەوە دەژین، بە یەکچاو سەیری یەکتر دەکەن، مرۆڤبوونی مرۆڤ دەبێتە پێوەری ڕاستەقینەی بە یەك گەشتنی مرۆڤەکان. ئەوکاتە خێڵ، نەتەوە، ئایین، مەزهەب و گروپی جیاواز نابنە پێوەر بۆ لێکنزیکبوونەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەنها ئەو کەسە مرۆڤە دەبێتە تاکە پێوەر تا هەقیقەتی پێهەڵبسەنگێنی. واتە کەلتووری خودایەك کە بە یەکچاو لە هەمووان دەڕوانێت، بە یەك پێوەر هەمووان دەپێوێت، لە یەك تای تەرازوو هەمووان دادەنێت و لە تاکەی تردا چاکە و خراپە ڕێکدەخات، ئەوە کەلتووری ڕاستەقینەی خودایە و هیومانیسمی خۆی تیایدا دەنوێنێت، ئەوەیە ئیمڕۆکە مرۆڤایەتی گەرەکیەتی تا لەگەڵ یەکدی بە ئارامی و ئاشتی بژین و لە سایەی یەکتریدا بحەوێنەوە. لە کەلتووری خودایا کۆمەڵگەیەکی مرۆڤپەروەری ئەوتۆ دادەمەزرێت، کە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی تۆلێرانس. تۆلێرانس بەو مانایەی کە گشت ئایین و فەلسەفە و بیروباوەڕێك، گشت بۆچوونە جیاوازەکان، ڕەوایەتی خۆیان هەر یەکەو لە ویترەوە وەردەگرن. بە کورتی و پوختی کەلتووری خودا کەلتووری هیومانیسمی و کەلتووری تۆلێرانسییە و چیتر نییە، هەر لەوێدایە جیاوازییەکان دەبنە یەك و شتەکان دەبنەوە سفر.

ئیدی بە ناچاری ئەم کۆپلە شیعرەی ئیبن عەرەبی دەبێتە دروشمی کەلتووری خودا کە دەڵێ:

سینەم بۆتە هەڵگری گشت وێنەیە
بۆ ئاسکان لەوەڕگایە، لای ڕاهیبان پەرستگایە
بۆ خۆی بۆتە بوتخانەیە، هەر ئاوهاشە ئەو کابەیە
بۆتە لەوحێکی تەورات و پەڕاوی قورئانی تێدایە
ملکەچی ڕێی خۆشەویستیم
لە هەرکوێ بێ کاروانەکەی منیش لەوێم
هەر خۆشەویستی ئایینمە و باوەڕەکەم

بەشی داهاتوو، پایەی دووەمی ئیسلام کە پەیامبەرێتییە، دەخەینەڕوو.

**کەلتوورە جیاوازەکانی ناو ئێمەی مرۆڤ لە سەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆ خودا لە یەک کەلتووردا دەبیندرێتەوە، کە مرۆڤایەتی بە گشتی خۆی تێدا دەبینێتەوە**

# هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا

(٤)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

قسەکردن لەسەر فاشیزم، دیکتاتۆریەت، یان تۆتالیتاریزم لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی، وەك بەشێك لە ڕۆشنبیرە کوردەکان بە چەپ و ڕاستدا باسیدەکەن، هیچ مانایەکی نییە و تەنها بیناکردنە لەنێو خەیاڵداندا. ڕژێمی سیاسی چ لە خاکی ئیسلامدا و چ لە کوردستاندا، نە فاشیستە نە دیکتاتۆر و نە تۆتالیتێر (بێگومان لە جێگەیەکی دیکەدا بە وردی دەگەڕێمەوە سەر هەر یەکێك لەم تێزانە و بەراوردکردنی بەوەی کە من پێشنیاریدەکەم)، بەڵکو ڕژێمێکە بەهەموو مانایەك ئۆتۆریتێر.

بەپێچەوانەی هەر یەکێك لەو ڕژێمانەوە، دیکتاتۆر و فاشیست و تۆتالیتێر، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە کرانەوەی سیاسی بەردەوامدان، بەڵام دەبێت تێبگەین لەوەی کە ئەم کرانەوانە، هەمیشە بە دوو ئاراستەدا کاردەکەن: ئاراستەی قووڵکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەکانی ئۆتۆریتاریزم و درێژکردنەوەی چیرۆکەکانی، هەروەها ئاراستەی خواست ئەم ڕژێمانە بۆ هەرسکردنی گۆڕانکارییەکان و ڕێکردن لەگەڵ دنیای نوێدا، بەڵام بە پێوەرە قابوسییەکان (سوڵتان قابوسی عومان، کە پێشتر ئاماژەمان بە بۆچونەکانی لەسەر دیموکراسی دا).

لە نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ، هەرێمی کوردستان چەندین هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینیەوە (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣). هیچ یەکێك لەم هەڵبژاردنانە، دروست وەك کوێت، ئوردن، مەغریب، جەزائیر، سووریا، بەحرەین، ئێران و...، نەیانتوانیوە دەسکاری سروشتی دەسەڵاتی سیاسی، میکانیزمەکانی، دەزگا هەستیارەکانی و پەیوەندیە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکانی بکەن. هیچ یەکێك لەم هەڵبژاردنانە و دەرەنجامەکانیان نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی بڕیاری سیاسی، وەگەڕخستنی پرۆژەی ڕیفۆرمی دەزگاکان و شەفافکردنی پرسی ئابووری بەگشی و دارایی بەتایبەتی دروستبکەن. لە ئوردنی شا عەبدوڵادا، پەرلەمان چەند بەشداری لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و داڕشتنی نەخشەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتدا دەکات، هەر ئەوەندەش پەرلەمان لە کوردستاندا، نزیکە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و داڕشتنی نەخشەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی هەرێم. لە ئوردنی شا عەبدوڵادا، چەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی «تەکمیلە»ی شانۆی ئۆتۆریتاریزم دەبینێت، هێندەش لە هەرێمی کوردستاندا، ئۆپۆزیسیۆن، کە ئێستا بەشدارە لە حکومەتدا، هەمان ڕۆڵ دەبینێت. چەند لە ئوردنی پادشا گەنجەکەدا، حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە «موغامەرە» دەترسن و پێیان باشترە جەبرە سیاسییەکان قوتبدەن، هێندەش لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا «موغامەرە»ی سیاسی ڕەتدەکەنەوە و جەبرەکانی دەسەڵات قوتدەدەن. ڕاستە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە پشت ڕووداوەکانی ١٧ فێڤریوەری ٢٠١١ ـەوە بوون و زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە لە بەردەرکی سەرا بوون، ئەندامانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بوون، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو ڕووداوە هیچ نییە ئەو «ئیستیسنایە» نەبێت کە دێت و «قاعیدەکە» دەسەلمێنێت، کە بریتییە لە تێکەڵبوون بە گۆشت و خوێنی دەسەڵاتە ئۆتۆریتێرەکەی هەرێم.

حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن چ لە کوردستان و چ لە ئوردنیشدا، تەواو وشیارن بەوەی کە چەند لەنێو ئەم شانۆگەرییە سیاسییەی دەسەڵاتدا، ڕۆڵی خۆیان بە سەرکەوتوویی نمایش بکەن و بەشداری بکەن لە سەرکەوتنی شانۆگەرییەکەدا، هێندەش ڕووبەری «ئیمتیازاتەکانیان» فراوان دەکەن! گەر لەم ڕێگەیەوە نەبێت چۆن دەتوانن ببن بە خاوەنی وەزارەت، سەفارەت، نوێنەرایەتی، بەڕێوبەرایەتی گشتی، لیستی درێژی خانەنشینکراوەکان، وەرگرتنی عەرزە لە باشترین شوێنی شاردا، سەرۆکایەتی لیژنەکان، وەرگرتنی جوانترین و تازەترین ئۆتۆمۆبیل، ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن

لە باشترین زانکۆکانی دنیادا، گەشتوگوزار لە خۆشترین وڵاتی جیهاندا، پێشوازیلێکردن لەلایەن وەزیر و سەفیر و دیپلۆماتە جیهانییەکان و دەیان ئیمتیازاتی دیکە.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە خاکی ئیسلامدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی، هەمیشە بێگرفتن و دوورن لە قوربانیدان و بەردەوام غەرقی هەنگوینن. بەپێچەوانەوە، سەرەڕای پشتکردنە موغامەرە و هەرسکردنی جەبرە سیاسییەکانیش، گریمانەی ئازاردانیان هەمیشە لێرەیە. پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی و سووتاندنیان و کوشتنی چەند ئەندامێکیان و پاشان هاتنە سەر هێڵی سەرۆکی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، یان مووچەبڕینی سەدان کادری بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵانی ڕابردوودا، بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر ئامادەیی ئەم گریمانەیە.

سیستمی ئابووریی وڵاتانی خاکی ئیسلام، هەر لە ئێرانی ئایەتوڵاکانەوە تا دەگاتە سعودیەی وەهابییەکان، بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، کارگەیەکی بەهێزی بەرهەمهێنانی قەیران لەدوای قەیرانە. دامەزراندنی ئەم سیستمە لەسەر داهاتی نەوت و قەرز و هاوکاری دەرەکی، یەکێکن لەو هەڕەشە هەرە گەورانەی کە دەتوانێت وەك بیلدۆزەر چوارچێوە زەبەلاحە کۆمەڵگەییەکان ڕابماڵێت. دەکرێت لێرەدا لەسەر وڵاتێکی وەك سعودیەی ئالی سعود بوەستین و کلیك بکەین لەسەر ئەو داهاتووەی کە چاوەڕوانی وڵاتێکی بیناکراو لەسەر ئەم جۆرە سیستمە دەکات.

لە ساڵی ٢٠١٢ دا، سعودیە بایی سێسەد و بیست و پێنج ملیار دۆلار نەوتی بە دەرەوە فرۆشتوە، کە دەکاتە ١٣٪ی هەناردەی جیهانی. ئەم پارەیە ٩٠٪ی کۆی داهاتی سعودیە پێکدەهێنێت. واتە تەواوی ئامادەیی سعودیە وەك دەوڵەت، وەك چوارچێوەیەکی سیاسی یەکگرتوو، چەسپ بووە بە داهاتی نەوتەوە و بەبێ داهاتی نەوت، ئیدارەکردنی بیست و یەك ملیۆن هاووڵاتی سعودی لە کۆی بیست و هەشت ملیۆن دانیشتووانی وڵات، دەبێت بە فەرمانێکی نزیك لە موستەحیل. لێرەوە هەر قەیرانێکی داهاتی نەوت، ڕاستەوخۆ کاریی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی سعودیەوە دادەنێت.

چەند ڕێژەی منداڵ دروستکردن لە وڵاتێکدا بەرزببێتەوە، هێندەش پرسیاری گەورە ڕووبەڕووی سیستمی ئابووری و ڕیفۆرمە قووڵەکانی دەبێتەوە. لە عەرەبی سعودیەدا، جیهانبینییەکی کۆمەڵایەتی موحافزکاری هەژموندار، هەر جۆرە کۆنترۆڵکردنێکی کردەی منداڵدروستکردن وەك جۆرێك لە حەرام وێنادەکات. لەنێو ئەم جیهانبینییەدا، یەکەم فەرمان خێزان بریتییە لە وەگەڕخستنی ماکینەی بەرهەمهێنانی منداڵ بەبێ وەستان. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، چەند ساڵێکی دیکە، ژمارەی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ترسناك زیاد دەکات، بەبێ ئەوەی کە دەوڵەت بتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانیان بداتەوە. هەر لەژێر کاریی ئەم هەڕەشەدایە کە عەرەبی سعودی مەرجێکی توندی فەرزکردووە بەسەر هەموو ئەو کۆمپانیا دەرەکییانەی کە دێن و لە وڵاتدا کاری وەبەرهێنان دەکەن : ٢٠٪ فەرمانبەرەکانیان دەبێت سعودی بن. بەڵام بێگومان ئەمە بە هیچ شێوەیەك هەر چارەسەری قەیرانە گەورەکان ناکات.

ڕاستە خانەوادەی پادشا، کە ژمارەیان دەگاتە بیست هەزار کەس، بە شێوەیەکی خەیاڵییانە سوودمەندن لە داهاتی نەوت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەموو داتاکان دەریدەخەن، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زۆرینەی سعودییەکان، کە داواکاری نوێی و پێداویستی نوێیان هەیە، خۆیان بە «بێبەشکراو» دەناسێنن. گەر نەوەکانی ڕابردوو، تەنها بە بوونی خانوویەك و سەیارەیەك و داهاتێکی بچووك قایل بووبن، ئەوا نەوەکانی ئێستا و ئێرە، کە هەڵگری بڕوانامەی باڵان و چەند زمانێك دەزانن، داوای پۆستی باڵا و بەرزترین مۆدێلی سەیارە و ڤێلای گەورە و داهاتی شاهانە دەکەن؛ داهاتێك کە ڕێگەیان پێدەدات لە ساڵێکدا چەند جارێك سەردانی پاریس و لەندەن و واشنتۆن بکەن و پشووەکانیان لە لاس ڤێگاس و تایلەند و ئەندەنوسیا بەسەر بەرن و بە ئارەزووی خۆیان شەراب و سێکس بە یەکەوە، کە لە وڵاتی خۆیان قەدەغەیە، «ئیستیهلاك» بکەن.


لە ٢٠١١ دا، لە ژێر کاریی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبیدا، پادشای سعودیە هات و بە ملیار دۆلاری بەسەر سعودیەکاندا ڕژاند، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی فراوانکرد، مووچەی فەرمانبەرانی بەرزکردەوە، هەزاران هەزار کەسی لە دەزگاکاندا دامەزراند. هەموو ئەم پارەیەش، لەو سندوقە هاتە دەرەوە کە سعودیە بۆ جیهانی پاش نەوتی دروستکردووە و نزیکەی حەوت سەد و پەنجا ملیار دۆلاری تیادایە. بەڵام لەڕاستیدا، ئەم سندوقە، بەردەوام سەرگەرمی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە ساڵ لەدوای ساڵ، لە بودجەی وڵاتدا فراوان دەبن .

ئەوەی لە سعودیەی ئالی سعوددا ڕوودەدات، لە زۆربەی وڵاتانی خاکی ئیسلامدا دووبارە دەبێتەوە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە و زۆر بە دەگمەن دەتوانین «ئیستیسنایەك» لەنێو ئەم دۆخە گشتییەدا بدۆزینەوە. ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکان و پیاوەکانیان تەواو وشیارن بەم نەخۆشییە ترسناکانەی کە بە جەستەی سیستمی ئابوورییەکانیانەوەیە. هەر ئەمەشە وایانلێدەکات کە، زیاتر لە بیست ساڵە، بێوەستان باس لە ڕیفۆرمی ئابووری و کرانەوەی ئابووری بکەن. لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا، ساڵ نییە چەند کۆنگرەیەکی جیهانی لەسەر ڕیفۆرمی ئابووری، لەسەر کرانەوەی ئابووری، گەشەی ئابووری، وەبەرهێنان سازنەدرێت. هەولێری پایتەختی کوردستان نموونەیەکی زیندووی ئەم کۆنگرانەیە. سەرەڕای هەموو ئەم کۆنگرانەش، سەرای هەموو ئەو خواستانەش بۆ کرانەوە و ڕیفۆرمی ئابووری، ئەو «سەرەتانەی» کە لە جەستەی سیستمی ئابووریدایە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەرێکی درێژخایەنی دروست لە ئاسۆدا بەدی بکرێت.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**لە ٢٠١١ دا، لەژێر کاریی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبیدا، پادشای سعودیە هات و بە ملیار دۆلاری بەسەر سعودیەکاندا ڕژاند، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی فراوانکرد، مووچەی فەرمانبەرانی بەرزکردەوە، هەزاران هەزار کەسی لە دەزگاکاندا دامەزراند**

**حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن چ لە کوردستان و چ لە ئوردنیشدا، تەواو وشیارن بەوەی کە چەند لەنێو ئەم شانۆگەرییە سیاسییەی دەسەڵاتدا، ڕۆڵی خۆیان بە سەرکەوتوویی نمایش بکەن و بەشداری بکەن لە سەرکەوتنی شانۆگەرییەکەدا، هێندەش ڕووبەری «ئیمتیازاتەکانیان» فراوان دەکەن**



# گفتوگۆ لەگەڵ ژاک دێریدا

# ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*



به فەرەنسی تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

(د.عادل باخەوان) کردویەتی بە کوردی

(٣)

ئـــەم جیاکارییە گەورەیـــە لە ناوەندی زانســـتە کۆمەڵایەتـــی هاوچەرخـــدا بە ڕای مـــن بووە بە حاڵەتێکی زەڕووریی ڕۆشـــنبیری کە ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرنگمان دەکاتەوە.

ئایا پێوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ڕوانینەدا هەیە، ئایا دەبێت ڕاســـتەوخۆ بیرکردنەوەکەمان گلۆباڵ و گشتی بێت ســـەبارەت بە خودێتی تاکەکەس؟ ئایا بە ڕێکەوت ئـــەم دوو بوارە جیاوازە بە یەکەوە خۆیان بونیـــاد ناوە لـــە هەمان کاتدا؟ من پێـــم وانییە بەم شـــێوەیە بێت. لەبەرئەوەی مۆدیالیزاسیۆن سنوورەکان تێکدەشکێنێت، هەروەها کار دەکات بۆ بەهێزکردنی حکومەتەکان و ناوەندەکانـــی خوێندن و فێرکاری، کەواتە چی ماوەتەوە بۆ ئەوەی دژی مۆدیالیزاسیۆم بوەســـتێتەوە؟ تاکەکەس، ئاندیڤیدیو، خودی تاک و تەنیا.

ڕەنگـــە پێم بڵێـــن کە جـــۆرە فۆرمێکی دیکەی جووڵانـــەوەی کۆلۆکتیـــڤ هەیە نـــەک بە تەنیا جووڵـــەی تاکەکەســـی و ئاندیڤیدوێل. پێش هەموو شتێک دەبێت ڕاستەوخۆ لەوە تێبگەین کە جووڵانەوەی دەستەجەمعیەکان بریتی نییە لە ڕازی بوون و سازانی کۆمەڵە کەسێک پێکەوە، بەڵکو جووڵانەوەی دەستە جەمعیـــەکان جۆرێک لە ئیختیاری تاکەکەســـی بوون لە سەرەتاوە کە ویســـتیان بەرپرسیارێتی بگرنە ئەســـتۆ، ئەمە بڕیارو ئامانجی خودی تاکەکان بوو، لـــە دواجاردا بڕیارو ئیختیاری خۆیان بوو ئەگەرچی ڕەنگـــە ئێمە پێمان وابێت کە ئەوان لەژێر کاریگەری ئەوانـــی دیکەی وەک، ئایین و پێـــدراوە کەلتوری و لایەنەکانـــی دیکەی نزیک لـــەوان ئەم بڕیارەیان دابێت.

ســـەرەڕای هەموو ئەمانەش جووڵانەوە هاوبەش و دەســـتە جەمعیەکان، کە دروســـت کراوی خواستی تاکە کەسەکانە، دەتوانێت وەک جۆرێک لە بەرگری کردن دەرکەوێت لە پرۆژەی مۆندیالیزاســـیۆن، زۆر بە باشـــی دەتوانین ئەم جۆرە لـــە بەرگری کردن لە

مۆدیالیزاسیۆن ببینین لە کاتی سەر هەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی، ڕەنگە جووڵانەوەی دەستە جەمعیەکان بە شێوەی لۆکاڵی دەرکەوتبێت، بەڵام لە هەناوی خەیاڵدانێکی گەورەدا خۆی پەروەردە دەکرد، ڕەنگە بکرێت لە ناو بچێت بە هۆی قسەکردن و لێدوانی گلۆباڵەوە، ئەم جۆرەش لە لێدوان و گفتوگۆ بەرچاو دەکەوێت لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و [ONG] ناوەندەکانی حوکمڕانی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن. ئەمەش دەتوانێت ڕاستەخۆ ببێتە هێرشێک لەسەر مۆدیالیزاسیۆن سەبارەت بە گۆڕانکاری جیهان و گۆڕانکاری بە جیهانیکردن کە ئەمەش جۆرێکە بۆ بە دەستهێنانی مۆدیالیزاسیۆنێکی نوێ. بە هەرحاڵ دەکرێت پێمان وابێت کە پێوەندییەک هەیە لە نێوان بەرزبوونەوەی بابەتگەلێک لەسەر [خود] و بیرکردنەوەی بە جیهانیکردن [penser global].

لەبەر ئەوەی ئێستا باسی چەمکی [لێبوردن] دەکەین، ئەمەش جۆرێک قسەکردنە لەسەر دادگا لە هەمان کاتدا، دادگایەک کا ناکرێت بە ئاسانی لە بەین ببرێت، لە ژێرگوشاری لۆژیکی نموونەیی و یان زەبری هەڵوەشاندنەوە یان فشاری خودو تاکەکەس، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دادگا دەکەوێتە مەترسییەکی سەختەوە کاتێک کە ناتوانێت ببێت بە قاعیدەی حکومەت بەڵکو دەبێتە شتێکی گشتی و گلۆباڵ. ئەگەر سەبارەت بە دادگا تەنیا بیر لە کاروباری دادوەری سیاسی بکەینەوە بە شێوەیەکی مۆدیال نەک بە تەنیا بە شێوەیەکی ناسیۆنال و نەتەوەیی، یان ئەگەر تەنیا بیر لە دادگایەکی جیهانی و گلۆبال دەکەینەوە لێرەوە دەبینین کە بیرکردنەوەکانمان بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووەو گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە.

لێرەوە دەمەوێت جۆرێکی دیکەی بیرکردنەوە بەرهەم بهێنم، سەبارەت بە چەمکی لێبوردن کە ژاک دێریدا دەربارەی نووسیبویت، هەر ئەوەی کە ژاک دێریدا ناوی لێ نابوو لێبوردنی پاک و پوخت، ئەویش لێبوردنی شتێک کە ناکرێت لێی ببوری، لێبوردنێکی هەمەلایەنەو ساف و سۆڵ، وەک دێریدا دەڵێت لێبوردنێک کە دەچێتە نێو قووڵایی تاریکیەکەوە کا ناتوانین مانای بدەینێ و لێی تێبگەین. ئەم لێبوردنە خۆی دوور دەخاتەوە لە هەموو جۆرێکی ئاشت بوونەوە، دەتوانم بڵێم کە دەیەوێت خۆی لە هەموو تۆمارێکی لۆژیکی سیاسیش دوور دەخاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو فشارەش دەبینم لە نێوان ڕوانینێکی ئەخلاقی دەربارەی کردەی لێبوردن و هەروەها روانینی واقیعی سیاسی کە بە جیهانی کراوە، لەگەڵ هەزاران جۆری پەشیمانی و دانپێدانان، سکاڵا کردن و، داوای بەخشین، هەروەها کارکردن لەپێناو بە یەک گەیشتن و ئاشت بوونەوە، بە هۆی میدیاکانەوە دەتوانین تەواوی ئەم شتانەمان بە ئاسانی بۆ دەربکەوێت، کە ئەمەش دەچێتە نێو لۆژیکی کۆنکرێت و ڕاستەقینە، ئەمەش جۆرێکە لە تێکەڵ بوونی چەندین بابەتی وەک، بیرەوەری و، قوربانی و، دادگا. ئێستا دوو تۆمارمان هەیە کە لە کێبڕکێدان، یەکەمیان بریتییە لە ئەخلاق و دووەمیان بریتییە لە مانا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لەسەر کردەو بزووتنەوەکان، هەروەها لێرەش دوو لۆژیکمان هەیە یەکەمیان بریتییە لە لێبوردنێکی پوخت و دووەمیان لێبوردنێک کە مەرج و سنووری هەیە. ئەگەر ئەم دوو تۆمارە بگشتێنین، ئایا دەکرێت ئەخلاق لە سیاسەت و لە جووڵانەوە گشتیەکان جودا بکەینەوە؟

با ئێستا هەنگاو بنێین بۆ ناو دووکێشە کە مایەی بیر لێکردنەوەیە. یەکەمیان دەربارەی پلەکانی ئەخلاقی ئەمڕۆیی کە نابێت تێکەڵی بکەین لەگەڵ ئەخلاقی پوخت و زانستی ئەخلاق. من پێم وایە لە ناو کۆمەڵگاکانماندا ئاڕاستەیەکی قووڵ هەیە کە گرنگی ئەخلاقمان بۆ دەست نیشان دەکات کە بە تەنیا زانستی ئەخلاقمان فێرناکات کە لەسەرەوە نەخشەکانی دارێژراون، لەسەرەوە مەبەستمان لە هەندێک بیرمەند و بەرپرسی سیاسی و ئاینییە، هەروەها ئەخلاق دارێژراوێکی قانونی نییە کە یاساناسەکانی حکومەت نووسیبێتیانەوە، ئەو جۆرەش لە ئەخلاق باس ناکەم کە نرخ و بەهاکانی یاساکان بۆ خۆی قۆرخ دەکات، مەبەستمان لە ئەخلاقێکە کە تاکەکەس خاوەنێتی، کە لە خوارەوەو لەو ناوەندانەدا دروست دەبن کە تاکەکان تێیدا دەرگیری یەک دەبن. ئەتوانم ئەوەی کە دەیڵێم بیسەلمێنم لە ڕێگای ئەخلاقی کۆمیتەی نەخۆشخانەکانەوە کە خەریکن بوونی خۆیان دەسەلمێنن لە ناو جەرگەی نەخۆشخانەکاندا، بە تایبەتی لە نەخۆشخانەی [ c-chin] لە پاریسی فەرەنسا. کە لێرە کۆمیتی بڕیار نادات. لێرە بەهرەو کەفائات و تاوانیی جیاواز هەیە، بۆ نموونە بەشی پزیشکی، یاسایی، سۆسیۆلۆژیک،

جووڵانەوە هاوبەش و دەستە جەمعیەکان، کە دروست کراوی خواستی تاکە کەسەکانە، دەتوانێت وەک جۆرێک لە بەرگری کردن دەربکەوێت لە پرۆژەی مۆندیالیزاسیۆن، زۆر بە باشی دەتوانین ئەم جۆرە لە بەرگری کردن لە مۆدیالیزاسیۆن ببینین لە کاتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی

ئایا ئەو سەربازانەی کە دڵێکی ناسکیان هەیە دەتوانن بکەونە ناو توندوتیژییەکی پوختەوە یان ناتوانن، بەپێی ئەوە دەردەکەوێت کە ئاخۆ خۆیان لەدەست داوە یاخود نا، لەبەرچاوی شاهیدو ڕۆژنامەنووسەکاندا دیار دەبن یان نادیار، لە ژێر کاریگەریی مادە هۆشبەرەکاندا هەڵدەستن بە کردەی زەبروزەنگ و ئەمەش وایان لێ دەکات خۆیان بدەنە دەستی کارگەلێکی پوچ و خراپ